غەزەلنووس

# ڕۆحی ئێمە لە شەودا

کێنت هاروف

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی کتێب: **١٩٠**

# ڕۆحی ئێمە لە شەودا

## کێنت هاروف

هەڵۆ فەریق
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

- بەرگ: باسم ڕەسام
- نەخشەسازیی ناوەوە: ئاوات کەریم مستەفا
- ڕێنووس و هەڵەچنی: لاوک ئەبوبەکر
- چاپ: یەکەم/ ٢٠١٧
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار
- بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

**سلێمانی- مەیدانی پاسەکانی تووی مەلیک- نهۆمی زەمینیی بازاڕی کتێب**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧٠٣٥٧٣٧٥٧**
www.xazalnus.com

# ڕۆحی ئێمە لە شەودا

کێنت هاروف

هەڵۆ فەریق
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم
٢٠١٧

*به "کاسی" پێشکەشە*

**نووسەر**

**ڕامیار، بێگومان پێشکەشە بە تۆ**

**وەرگێڕ**

# یەک

ئەو کــاتەش کە **ئـــادی مـــۆر** پەیوەنـــدیی بە **لـــویس واتەرس**ەوە کرد، ئێوارەیەکی درەنگی مانگی مەی بوو، پێش خۆرئاوابوون.

ماڵیان لە نزیک ماڵی یەک بوو، لە شەقامی *سیدار*، کە کۆنترین شوێنی شارۆچکەکە بوو. تەنها یەک کۆڵانیان لە نێواندا بوو. بە درێژایی شۆستەکە، کۆمەڵێک درەختی دارەوەن و دارمۆردت و تەنها درەختێکی دارەکەوتی لێ بوو و تا خانووە دوونهۆمییەکەش، گژوگیا و چیمەن دەوری ڕێڕەوەکەیان دابوو. ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، بەڵام ئەو ئێوارەیە کەمێک فێنکی کردبوو. بەسەر شۆستەکەدا و بە ژێر درەختەکاندا، بەرەو خانووەکەی **لویس** کەوتە ڕێ.

کاتێک **لویس** دەرگەکەی لێ کردەوە، پێی گوت: "دەتوانم بێمە ژوورەوە و سەبارەت بە شتێک قسەت لەگەڵ بکەم؟"

له ژووری دانیشتنەکە دانیشتن.
"پێت چۆنە شتێکت بۆ بهێنم بیخۆیتەوە؟ چات پێ خۆشە؟"
"نەخێر، سوپاس. ڕەنگە هێندە لێرە نەمێنمەوە تا فریای خواردنەوەی بکەوم." چاوێکی بە ماڵەکەدا گێڕا و گوتی: "ماڵەکەت خۆش دیارە!"
"**دایان** هەمیشە هەوڵی دەدا ئەم ماڵە ڕێکوپێک ڕابگرێ. منیش هەوڵی هەمان شت دەدەم."
"هێشتا ماڵەکەت هەر خۆش دیارە. چەندین ساڵ دەبێ نەهاتوومەتە ئێرە."
**ئادی** لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی دەرەوەی کرد. زۆری نەمابوو شەو دابێت و ڕووناکییەکی کەم لە پەنجەرەی چێشتخانەکەوە دەهاتە ژوورەوە و لە ناو سینک و کانتۆرەکاندا دەدرەوشایەوە. هەموو شتەکان پاک و ڕێکخراو دەردەکەوتن. **لویس** سەیری ئەوی دەکرد، ژنێکی جوان بوو. ئەویش هەمیشە ئەوی بە جوان زانیبوو. کاتێک گەنجتر بوو، قژێکی ڕەشی هەبوو، بەڵام ئێستا کورت و سپی بوو. هێشتا بالایەکی ڕێک و قەڵەمیی هەبوو. تەنها کەمێک لای کەمەر و ورگی گۆشتن بوون.
"ڕەنگە بتەوێ بزانی بۆچی هاتووم بۆ ئێرە."
"پێم وا نییە تەنها لەبەر ئەوە هاتبیت، تا پێم بڵێی ماڵەکەم خۆشە."
"نەخێر. هاتووم پێشنیارێکت بۆ بکەم."

"ئۆهـ؟"
"بەڵێ. جۆرە داواکارییەکە."
"زۆر باشە."
"هاوسەرگیری نییە."
"بیرم لەوە نەدەکردەوە."
"بەڵام شتێکە لەو جۆرە. ناشزانم دەتوانم ئەمە بکەم یان نا. نازانم چۆن بیڵێم، چونکە لەبارەیەوە کەمێک دوودڵ و ڕاڕام." پێکەنی و گوتی: "ئەمە جۆرێکە لە هاوسەرگیری، وانییە؟"
"چ شتێک جۆرێکە لە هاوسەرگیری؟"
"دوودڵی و ڕاڕایی."
"دەشێ وابێ."
"کەواتە ئێستا داواکارییەکەت پێ دەڵێم."
"من گوێم بۆ گرتوویت."
"دەمەوێ داوات لێ بکەم، ئەگەر بتەوێت، هەندێ جار بۆ ماڵەکەی من بێیت و لەگەڵم بخەویت."
"چی؟! مەبەستت چییە؟"
"مەبەستم ئەوەیە ئێمە هەردووکمان تەنیاین، ماوەیەکی زۆریشە تەنیاین. چەندین ساڵە من تەنیام، پێم وایە تۆش بە هەمان شێوەیت. دەمەوێ داوات لێ بکەم، ئەگەر بتەوێت، شەوان بێیت لەگەڵ من بخەویت و قسەش بکەین."
سەیرێکی **ئادی**ی کرد، وردورد تەماشای کرد. ئاگایانەوە لە ڕوخساری ورد بووەوە.

"بۆ هیچ ناڵێی؟ بە پێشنیارەکەم سەرسامم کردیت؟"
"بەڵێ. پێم وابێ سەرسامت کردم."
"من باسی سێکس ناکەم."
"بیرم لەوە دەکردەوە."
"نا، نەخێر. من بەو جۆرە تەماشای شتەکان ناکەم. پێم وابێ ماوەیەکی زۆرە توانای سێکسکردنم لەدەست داوە. من باسی تێپەڕاندی شەوگارەکان دەکەم. بە جۆرێک، بە گەرموگوڕی ڕاکشابیت و کەسێک هەبێت لە تەنیشتت ڕاکشابێت و گوێت لێ بگرێت. بێیت و شەویش بمێنیتەوە. شەوەکان سەختترین بەشی ڕۆژەکانن، پێت وانییە؟"
"بەڵێ، پێم وایە."
"بێزار بووم لە خواردنی حەپ و خوێندنەوە تا درەنگانێکی شەو. چونکە ڕۆژی دواتر وەک سەرخۆشم لێ دێت و ئاگام لە خۆم نامێنێ. کەڵکم نامێنێ، نە بۆ خۆم، نە بۆ کەسی تر."
"منیش هەموو ئەوانەم بەسەر هاتووە."
"بەڵام پێم وایە ئەگەر کەسێکم لەگەڵ بێت، کەسێکی باش، لە ناو جێخەوەکەم، دەتوانم باش بخەوم. ئەو نزیکی و قسەکردنەی شەوان لە تاریکیدا..." کەمێک وەستا، پاشان گوتی: "پێت چۆنە؟"
"نازانم. دەتەوێ کەی دەست پێ بکەین؟"
"هەرکات تۆ بتەوێ. ئەگەر تۆ ویستت، لەم هەفتەیەوە دەست پێ دەکەین."

"با بیری لێ بکەمەوە."

"باشــــە. بەڵام ئەگەر ویســـتت بێـــی، دەمەوێ پێشـــتر پەیوەندیم پێوە بکەیت، تا ئاگەدار بم و چاوەڕێت بکەم."

"باشە."

"چاوەڕێی پەیوەندیی تۆ دەکەم."

"ئەی ئەگەر پرخەپرخم هات؟"

"ئێ ئەگەر پرخەت هات، با بێت، یان ڕەنگە فێر بیت کە چیتر پرخە نەکەیت."

**لویس** پێکەنی. "ئەوە یەکەمین شت دەبێ."

**ئادی** هەستا و بە پیاسە بۆ ماڵەوە کەوتە ڕێ. **لویس** هەســتا و لە نــاو دەرگەکەوە تەماشــای کــرد؛ ژنێکــی نزیکــی حەفتــا ســاڵ بە قژێکــی ســپییەوە، بە چەنــد شــەوقێکی پەڵەپەڵەی گڵۆپەکــانی ســەر شــەقامەکە بە جەســتەیەوە، کە لە نــاو درەختەکــانەوە دەهــاتە دەر، بەڕێوەیە بۆ ماڵێ. "بۆ خاتری خوا! ئەوە چ داواکارییەک بوو؟!" سەری لە خۆی دەرنەدەکرد و نەیدەزانی چی بکات.

## دوو

ڕۆژی دواتر، **لویس** چوو بۆ سەرتاشخانەکەی سەر شەقامە سەرەکییەکە و قژی چاک کرد. قژێکی تەنک و جوانی دانا. پاشان لە سەرتاشەکەی پرسی، کە ئێستاش ڕیشی خەڵک چاک دەکات. ئەویش بە ئەرێ وەڵامی دایەوە. بۆیە ڕیشیشی تاشی. دواتر چووەوە ماڵێ و پەیوەندیی بە **ئادی**یەوە کرد و پێی گوت کە دەیەوێ ئەمشەو بێت، ئەگەر پێی خۆشە.

"بەڵێ، بێگومان زۆرم پێ خۆش دەبێ."

ئێوارە، درەنگ، سووکە ژەمێکی خوارد. تەنها لەفەیەک و کووپێک شیر، چونکە نەیدەویست لەسەر جێخەوەکەی **ئادی**، هەست بە لەشقورسی بکات. دواتر چوو بۆ گەرماو و ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە. جوان بە ئاوی گەرم و لفکە خۆی شت. دواتر نینۆکەکانی دەست و قاچی کردن و کە دونیا تاریک بوو، دەرگەی پشتەوەی کردەوە و بە لای ماڵەدراوسێکانی پشتەوەیدا،

بە پیاسە کەوتە ڕێ. تەنها ئەو زەرفە کاغەزەی پێ بوو، کە بیجامە و فلْچەی ددانشتنەکەی تێدا بوو. دونیا تاریک بوو. لەسەر شۆستە بەردڕێژەکە، پێیەکانی دەنگێکی زبر و ناخۆشیان دروست دەکرد. ڕووناکییەک لە ماڵەدراوسێییەکەوە دیار بوو. ژنەدراوسێکە لە چێشتخانەکەدا، لە بەردەم سنیکەکەدا دیار بوو. چوو بۆ ماڵی **ئادی مۆر**. لە حەوشەکەی دواوە، گەراج و باخچەکەی تێپەڕاند و لە دەرگەی پشتەوەی ماڵەکەی دا. کەمێک بە بێدەنگی چاوەڕێی کرد. ئوتۆمبیلێک بەسەر شەقامە سەرەکییەکەی پێشەوەی ماڵەکەدا ڕۆیشت، لایتەکانی ئەو دەوروبەرەیان ڕووناک کردەوە. گوێی لە دەنگی کۆمەڵێک گەنجی دواناوەندی بوو، بەسەر یەکدا هاواریان دەکرد. دواتر گڵۆپی هەیوانی پشتەوە لەسەر سەری هەڵکرا و دەرگەکە کرایەوە.

**ئادی** گوتی: "ئەوە لە پشتەوە چی دەکەی؟"

"پێم وابوو بەم جۆرە باشترە، چونکە خەڵک زۆر نامبینن."

"من گوێ بە خەڵکی نادەم، ڕۆژێک هەر دەیزانن. ئەمڕۆ بێت یان سبەی، کەسێک هەر دەمانبینێ. لە دەرگەی پێشەوە وەرە ژوورەوە، لای ڕێڕەوەکەی پێشەوە. من خۆم یەکلایی کردووەتەوە، کە گرنگی بەوە نەدەم خەڵک چۆن بیر دەکەنەوە. هەموو ژیانم بۆ خەڵک ژیاوم و گرنگیم پێ داون، چیتر بەو جۆرە ناژیم. هاتن لەم کۆڵانە تەسکەی پشتەوە، ئەو هەستەم پێ

دەبەخشێت کە ئێمە شتێکی هەڵە یان شەرمەزارکەر دەکەین."

"تەنها ئەوەیە کە من بۆ ماوەیەکی زۆر، لەم شارۆچکەیەدا مامۆستای خوێندنگە بووم. بەڵام کێشە نییە، جاری داهاتوو لە دەرگەی پێشەوە دێم. ئەگەر جاری داهاتوو بوونی هەبێت."

"پێت وانییە جاری تریش ئەم هاتنە دووبارە ببێتەوە؟ پێت وایە تەنها یەک شەوە؟"

"نازانم. ڕەنگە. تەنها ئەوە دەزانم کە سێکس ناکەین. ئیدی نازانم شتەکانی تر چۆن دەبن و چی دەکەین."

"تۆ هیچ جۆرە بڕوایەکت هەیە؟"

"بە تۆ، بەڵێ. من بڕوام بە تۆ هەیە و لەوەش دڵنیام، بەڵام پێم وانییە لەگەڵت یەکسان بم."

"ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟ لە چیدا لەگەڵم یەکسان نیت؟"

"من وەک تۆ ئازا نیم و وەک تۆ ویستم بۆ سەرکەشیکردن نییە."

"ڕاستە. بەڵام ئەوەتا تۆش لێرەیت."

"ڕاستە، من لێرەم."

"باشتر وایە بێیتە ژوورەوە. پێویست ناکات هەموو شەوەکەمان لێرە بە پێوە بەسەر ببەین. تەنانەت ئەگەر شتێکی شەرمەزارکەریش نەبێت."

لە هەیوانەکەوە تا چێشتخانەکە، دوای **ئادی** کەوت.

**ئادی** گوتی: "با سەرەتا شتێک بخۆینەوە."

"بیرۆکەیەکی باشە."
"شەراب دەخۆیتەوە."
"زۆر بە کەمی."
"بەڵام بیرەت پێ باشە؟"
"بەڵێ."
"جاری داهاتوو بیرە دێنم. ئەگەر جاری داهاتوو بوونی هەبێت."
نەیدەزانی **ئادی** گاڵتە دەکات یان بەڕاستیەتی، بەڵام دوبارە گوتیەوە: "ئەگەر جاری داهاتوو بوونی هەبێت."
"حەزت لە شەرابی سپییە یان سوور؟"
"سپی. ئەرک نەبێت."
بتڵێکی لە یەخچاڵەکە دەرهێنا و دوو پەرداخی نیوە کرد و پێکەوە لە دەوری مێزی چێشتخانەکە دانیشتن.
"ئەو زەرفە چیی تێدایە؟"
"بیجامە."
"ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەڕاستی بڕیارت داوە، ئەگەر بۆ جارێکیش بووە، ئەمە تاقی بکەیتەوە."
"بەڵێ، ئەوە دەگەیەنێت."
شەرابەکەیان خواردەوە.
"زیاترت دەوێ؟"
"نەخێر، پێم وانییە. ماڵەکەتم پیشان دەدەی؟ دەمەوێ هەمووی ببینم."
"دەتەوێ ژوورەکان و دیزاینی ماڵەکەم ببینی؟"

"دەمەوێ زیاتر لەبارەی ئەوەوە بزانم، کە ئێستا من فیزیکییەن لە کوێم."
"دەتوانی کە تاریک بوو، دزە بکەیتە ئێرە و تەماشا بکەیت."
"نەخێر، من بەو جۆرە بیرم نەدەکردەوە."
**ئادی** هەستا و **لویس** بۆ ژووری میوان شوێنی کەوت و پاشان بۆ ژووری دانیشتنەکە. دواتر پێشی کەوت بۆ نهۆمی سەرەوە، بۆ هەرسێ ژووری نوستنەکان. ژووری نوستنە گەورەکەی بەشی پێشەوەی خانووەکە، کە بەسەر شەقامەکەدا دەیڕوانی، هیی **ئادی** بوو.
"ئێمە هەمیشە لێرە دەنوستین. **جین** لە ژووری نوستنەکەی پشتەوە دەنوست. ژوورەکەی ترمان وەک ئۆفیس بەکار دەهێنا."
لە بەشی خوارەوەی هۆڵەکە، گەرماوێک هەبوو، دەکەوتە لای ژووری دانیشتنەکەی خوارەوە. جێخەوی نوستنی ناو ژوورەکە، لە قەبارە گەورەکان بوو. بە سەرچەفێکی تەنکی لۆکە داپۆشیبوو.
"پێت چۆنە؟"
"ماڵەکەت لەوە گەورەترە کە پێشبینیم دەکرد. ژووری زۆر تێدایە."
"بۆ ئێمە ماڵێکی باش بوو. ئەوە چلوچوار ساڵ دەبێ من لێرەم."
"دوو ساڵ دوای ئەوەی کە من و **دایان** گەڕاینەوە بۆ ئێرە."
"ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە."

# سێ

"پێویستم بەوەیە تا تەوالێت بچم."

لە کاتێکـدا **ئـــادی** لە ژوورەکە چــووە دەرەوە، **لــویس** سەیری ئەو وێنانەی دەکرد کە بە کانتۆری جلەکانی و دیـوارەکەوە هەڵواسـرابوون. وێـنەی خێزانـی و وێـنەی **کارڵ** لە ڕۆژی هاوسـەرگیرییەکەیدا لە کەنیسـە، وێنەی هەردووکیان پێکەوە لەسەر چیا و نزیک چەمێک، لەگەڵ سـەگێکی بچــووکی ڕەش و سـپی. کەمێـک **کـارڵ**ی دەناسی، پیاوێکی باش و هێمن بوو. بیسـت سـاڵ بەر لە ئێستا، کاری دابینکردنی دڵنیایی دانەوێڵە و ئەو شـتانەی بـۆ هەمـوو خەڵکـی شـارۆچکەی *هۆڵـت* دەکـرد. دوو جـاریش وەک شـارەداری شـارۆچکەکە هەڵبژێردرابـوو. **لویس** هەرگیز ئەوی باش نەناسیبوو، لە ئێستاشـدا بەوە دڵخـــۆش بـــوو کە بـــاش نەیناســـیبوو. وێنەیەکـــی کوڕەکەشیان هەڵواسرابوو. **جین** لە هیچیان نەدەچوو،

کــورێکی بــاڵابەرزی قەڵەمــی، بەڵام زۆر جیــدی. دوو وێنەی کچەکەشیان بە منداڵی هەڵواسرابوو.
کاتێک **ئادی** گەڕایەوە، **لویس** گوتی: "منیش دەمەوێ تـا تەوالیت بچم." چووە تەوالێت و دواتر دەستەکانی جوان شتن. پاشـان کەمێک لە دەرمـانی ددانشـتنەکەی **ئادی**ی کـردە سـەر فڵـچەکەی و ددانــی شــت. دواتــر پــێڵاو و جلەکانی داکەندن و بیجامەکەی لەپێ کرد. جلەکانی قەد کـردن و خسـتینیە سـەر پێڵاوەکـانی، لە سـووچی پشـتی دەرگەکەوە داینــــان و پاشـــــان گەڕایەوە بـــۆ ژووری نوستنەکە. **ئادی** جلی نوستنی لەبەر کردبوو و چوبووە جـێخەوەکەوە. لە تەنیشـتیەوە، یەکێـک گڵۆپەکـانی سـەر مێــزتەوالێتەکە ئیشــی دەکــرد. گڵۆپەکــانی بنمــیچەکە کوژابـوونەوە. پەنـجەرەکەش چەنـد ئینجێک کرابـووەوە، شــــنەبایەکی فێنــــک دەهــــاتە ژووری. لە تەنیشــــت جێخەوەکەوە وەستا. **ئادی** سەرچەف و بەتانییەکەی بۆ لا برد، تا **لویس** بچێتە جێخەوەکەوە.
"نایەیتە جێخەوەکەوە؟"
"وا بەتەمام."
چــووە جـێخەوەکەوە و پــاڵی دایەوە و بەتــانییەکەی بە خۆیدا دا. هێشتا هیچی نەگوتبوو.
"زۆر بێدەنگیت. بیر لە چی دەکەیتەوە؟"
"ئەمە چەند سەیرە! لێرەبوونم چەند شتێکی نوێیە بۆم! هەست بە نائارامی دەکەم و کەمێکیش ڕاڕام. نازانم بیر

لە چــی دەکەمەوە. کۆمەڵێــک شــتی پەرتەوازە و لێــک جودا بە زەینمدا دێن و دەچن."

"نوێیە، وانییە؟ من دەڵێم شتێکی نوێی باشە. تۆ دەڵێی چی؟"

"منیش هەمان شت دەڵێم."

"شەوانە پێش ئەوەی بخەویت، چی دەکەی؟"

"ئاهـا! تەماشـای هەواڵەکـانی سـەعات دە دەکەم. دواتـر دێـمە جـێخەو و دەخـوێنمەوە، تـا خەوم لـێ دەکەوێـت. بەڵام پێم وانییە ئەمشەو خەوم لێ بکەوێ، زۆر ڕاڕام."

"ئێســـتا گڵـــۆپەکە دەکـــوژێنمەوە. بەو جـــۆرەش هەر دەتـوانین قسـە بکەیـن." لەسـەر جـێخەوەکە سـووڕا و **لویس** سەیری شانوملە ڕووتە سافەکەی و قژی دەکرد، کە لە ژێر ڕووناکیی گڵۆپەکەدا دەدرەوشانەوە.

پاشان ژوورەکە تاریک بوو. تەنها ڕووناکییەکی کەمی سەر شەقامەکان دەهاتە ژوورەوە. باسی چەند شتێکی ئاسایی و ڕۆژانەیان کرد و کەمێک لەبارەی خۆیانەوە و کۆمەڵێـــک ڕووداوی بچـــووکی ڕۆتینیـــی نـــاو شارۆچکەکە و دواتر باسی تەندروستیی خاتوو **ڕۆزیان** کرد، ئەو ژنە بەتەمەنەی کە خانووەکەی دەکەوتە نێوان مـــاڵی هەردووکیـــانەوە. پاشـــان باســـی شۆســـتە کۆنکرێتکراوەکانی شەقامی بێرچ. دواتر بێدەنگ بوون.

پاش کەمێک **لویس** گوتی: "هێشتا بەخەبەریت؟"

"بەڵێ."

"پرسـیت کە بیـر لە چـی دەکەمەوە. بیـرم لە یەک شـت دەکردەوە. دڵخۆشم کە **کارڵ**م بە باشی نەناسیوە."

"بۆ؟"
"ئەگەر بمناسیایە، هێندەی ئێستا لێرە ئارام نەدەبووم."
"بەڵام من **دایان**م باش دەناسی."
پاش سەعاتێک، **ئادی** خەوی لێ کەوت و بە ئارامی هەناسەی دەدا. **لویس** هێشتا بەخەبەر بوو، سەیری **ئادی**ی دەکرد. دەیتوانی لە ناو تاریکییەکەدا کەمێک ڕوخساری ببینێ. تەنانەت یەک جاریش لەمسی یەکتریان نەکردبوو.
سەعات سێی بەیانی، **لویس** لە جێخەوەکە هاتە دەرەوە و بۆ تەوالێت چوو. دواتر هاتەوە و پەنجەرەکەی داخست، چونکە کەمێک بای هەبوو.
لە کازیوەدا، جارێکی تر لە جێخەوەکە هاتەوە دەرەوە و چوو بۆ گەرماوەکە خۆی گۆڕی. جارێکی تر سەیرێکی **ئادی مۆری** کرد. ئێستا **ئادی** خەبەر هاتبوو.
"جارێکی تر یەک دەبینینەوە."
"بەڕاست؟"
"بەڵێ."
**لویس** چووە دەرەوە و بەسەر شۆستەکەدا بە پیاسە کەوتەوە ڕێ و بە لای ماڵەدراوسێکاندا تێپەڕی و گەیشتەوە ماڵ و چووە ژوورەوە و قاوەیەکی دروست کرد و پاشان کەمێک تۆستی بە هێلکەوە خوارد و چووە دەرەوە. بۆ ماوەی دوو سەعات ئیشی لە باخچەکەیدا کرد و دواتر گەڕایەوە بۆ چێشتخانەکەی و پێش کاتی خۆی، نانی نیوەڕۆی خوارد و ئەو دوانیوەڕۆیە بۆ دوو سەعات، خەوێکی قورس بردیەوە.

# چوار

کاتێــک دوانیــوەڕۆ خەبەری بــووەوە، هەســتی کــرد نەخۆشە. لە جێخەوەکەی هاتە دەرەوە و هەندێ ئاوی خواردەوە و هەستی کرد لەشی گەرم داهاتووە. کەمێک بیــری کــردەوە و دواتــر بڕیــاری دا پەیوەنــدی بە **ئادی**یەوە بکات. پێی گوت: "ئێستا خەبەر هاتم و هەست ناکەم باش بم. هەست بە ئازارێک لە سکت و پشتمدا دەکەم. بمبوورە، ئەمشەو ناتوانم بێم."

"تێگەیشتم."

**لویس** پەیوەندیی بە پزیشکەکەیەوە کرد و دیدارێکی بۆ ڕۆژی داهــاتوو ســەرلەبەیانییەکەی، لــێ وەرگــرت. ئەو شــەوە زوو چــووە جــێخەوەکەی، بەڵام خەوی لــێ نەکەوت. هەموو گیانی ببوو بە ئارەق. بۆ سبەی، کە خەبەر هــات، ئیشــتیهای خــواردنی نەبــوو. ســەعات دە چوو بۆ بینینی پزیشکەکەی، لەوێشەوە بۆ پشکنینی خوێن و میز، بۆ نەخۆشخانە نێردرا. لە تاقیگەکە مایەوە

تا ئەنجامی پشکنینەکانی دەرچوو. پێیان ڕاگەیاند کە بۆرییەکانی میزی، تووشی هەوکردن بوون.
چەند دەرمانێکیان پێ دا و هەموو ئەو دوانیوەڕۆیە نوست و زۆربەی کاتەکانی ئەو شەوەش، بێدار مایەوە و خەوی لێ نەکەوت. بۆ سبەی هەستی کرد باشتر بووە. پێیان گوت کە ڕەنگە سبەی بە تەواوەتی چاک ببێتەوە. نانی بەیانیی خوارد و دواتر نانی نیوەڕۆش. پاشان سەرخەوێکی شکاند و کاتێک نزیک سێ سەعات خەبەر هات، بینیی لە تەنیشتی قەرەوێڵەکەی، **ئادی** لەسەر کورسییەک بە دیاریەوە دانیشتووە. **لویس** چاوی بڕییە چاوی.
"کەواتە بە گاڵتەت نەبوو کە گوتت نەخۆشیت."
"پێت وابوو گاڵتە دەکەم؟"
"پێم وابوو خۆت کردووە بە نەخۆش، بۆ ئەوەی چیتر شەوان نەیەیت بۆ لام."
"دەترسام بەو جۆرە بیر بکەیتەوە."
"وام دەزانی ئەوە ڕوو نادات."
"بە درێژایی دوێنێ و شەوەکەی و ئەمڕۆش، هەر بیرم لێ دەکردیتەوە."
"بیرت لە چی دەکردەوە؟"
"بیرم لەوە دەکردەوە کە چەند بە هەڵە خوێندنەوە بۆ پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەم دەکەی، هەروەها چۆن بتوانم بۆت ڕوون بکەمەوە کە من هێشتا دەمەوێ بۆ لات بێم، تا پێکەوە بین. دەمویست پێت بڵێم کە ئەو چێژەی لەو

پێکەوەبوونە بینیم، لەمێژە لە هیچ شتێکی دیکەدا هەستم پێ نەکردووە."

"ئەگەر وایە، بۆچی پەیوەندیت پێوە نەکردم و پێم بڵێی؟"

"پێم وابوو ئەوە زۆر خراپتر دەبێ. چونکە ئەگەر وام بکردایە، ئەوا لەوە دەچوو کە من خۆم ئەم شتانەم دروست کردبێ."

"بریا هەوڵێکت بدایە."

"بریا. چۆن زانیت کە من لە نەخۆشخانەم؟"

"ئەم بەیانییە قسەم لەگەڵ **ڕۆزی** دراوسێمان دەکرد، پێی گوتم: 'بیستت **لویس** چیی بەسەر هاتووە؟' گوتم: 'چیی بەسەر هاتووە؟' گوتی: 'لە نەخۆشخانەیە'.

'چیی بەسەر هاتووە؟'

'دەڵێن تووشی هەوکردن بووە'.

بەوەدا زانیم."

"درۆت لەگەڵ ناکەم."

"زۆر باشە، کەسمان درۆ لەگەڵ یەک ناکەین. کەواتە جارێکی تریش دێیتەوە؟"

"هەر کە زانیم باش بووم و لەم نەخۆشییە چاک بوومەتەوە، بە زووترین کات دێم. دڵخۆشم بە بینینت."

"زۆر سوپاس. وا دیارە ئێستا لە دۆخێکی زۆر خراپدایت."

"تەنانەت کاتم نەبوو دەموچاویشم تەڕ بکەم."

**ئادی** پێکەنیی.

"مـن گرنگـی بەوە نـادەم، مەبەسـتم ئەوە نەبـوو. تەنهـا ویستم توانجێک یان تێبینییەک بدەم."
"باشە. تۆ زۆر باش دیاریت."
"پەیوەندیت بە کچەکەتەوە کرد؟"
"پێم گوت کە خەمی منی نەبێت، هیچی وا نییە و یەک ڕۆژ دەمێنمەوە. پێویست ناکات لە کارەکەی دوابکەوێت. پێویسـتم پێـی نیـیە تـا بێـت بـۆ ئێـرە. لە ئێسـتادا لە *کۆلۆرادۆ سپرینگ* دەژی."
"دەزانم."
"مامۆسـتایە. وەک جـارانی مـن." پاشـان لە قسـەکردن وەستا.
"دەتەوێ شتێک بخۆیتەوە؟ دەتـوانم پەرسـتارەکە بانـگ بکەم."
"نا. ئێستا دەچمەوە ماڵێ."
"کە بـاش بـووم و لێـرە دەرچـووم و ڕۆیشـتمەوە بـۆ ماڵێ، پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە."
"زۆر باشە. منیش هەندێ بیرەم کڕیوە."
**ئادی** ڕۆیشت و لە کاتی ڕۆیشتندا، **لویس** تەماشـای دەکرد و پاشـان پـاڵی دایەوە و چـاوەڕێی دەکـرد خەوی لـێ بکەوێـت. بەڵام نانی ئێوارەیان بۆ هێنا و لە کـاتی نانخواردندا، تەماشـای هەواڵەکـانی دەکـرد و دواتـر تەلەفیزیـۆنەکەی کوژانـدەوە و لە پەنــجەرەکەوە ســەیری دەرەوەی دەکــرد، تــا تاریــک بــوو. کەشــوهەوا ســاف و ڕوون بــوو. لە دەشــتاییە بەریــنەکەی ڕۆژئاوای شارۆچکەکەی ڕوانیی.

# پێنج

دوانیـوەڕۆی ڕۆژی داهــاتوو، لە نەخۆشــخانە مــۆڵەتی دەرچـوونی پـێ درا. بەڵام ڕەنـگە لەوە ناسـاغتر بـووبێ کە پێشـبینی دەکـرا، چـونکە ئەو هەمـوو هەفـتەیەی پـێ چوو تا چاک بووەوە. هەفتەیەکی پێ چوو تا بـووەوە بە خـۆی. دوای هەفـتەیەک، ئینجـا توانـای بـۆ گەڕایەوە تـا پەیوەندیی پێوە بکات و لێی بپرسێ، ئەگەر بیەوێت، ئەو شەوە بچێت بۆ لای.

"هەر نەخۆش بوویت؟"

"بەڵێ. نازانم بۆ چاکبوونەوەکەم هێندەی پێ چوو."

**لـویس** خـۆی شــت و ڕیشــی تاشــی و کرێمــی دوای ڕیشتاشـینەکەی بەکـار هێنـا و کە تاریـک بـوو، زەرفـی بیجـامە و فڵـچەی ددانشـتنەکەی هەڵگـرت و لە دەرگەی پێشـــەوە چـــووە دەرەوە و بە لای ماڵەدراوســـێکاندا تێپەڕی و لە دەرگەی ماڵەکەی **ئادی**ی دا.

**ئادی** یەکسەر دەرکەوت.

"باشـه، ئێسـتا لە باشـتر دەچیت. وەرە ژوورەوە." قژی بۆ دواوە داهێنابوو و زۆر جوانیش بوو.
وەک جـــاری پێشـــوو لە چێشـــتخانەکە دانیشـــتن و خواردیانەوە و کەمێک قسەیان کرد. دواتر **ئادی** گوتی:
"من ئامادەم بچینە سەرەوە، تۆ ئامادەیت؟"
"بەڵێ."
**ئادی** پەرداخەکانی خستە سەر سینکەکە و **لویس** بۆ نهـــۆمی ســـەرەوە شـــوێنی کەوت. **لـــویس** چـــووە گەرمـــاوەکەوە و بیجـامەکەی لەپــێ کــرد و جلەکــانی خستەوە سووچەکە و کاتێک چووە ژووری نوستنەکە، **ئادی** جلی خەوی لەبەر کردبوو و لە جێخەوەکەدا بوو و پاڵی دابووەوە و قاچی درێژ کردبوو. کەمێکیش خۆی داپۆشیبوو. لە تەنشتیەوە ڕاکشا.
"جاری پێشوو بیجامەکەت لێرە بەجێ نەهێشت. ئەوە هۆکـارێکی تـر بـوو تـا وا بیـر بـکەمەوە جـارێکی تـر نایەیتەوە."
"هەستم کرد ئەوە بێئابڕوییانەیە. ئەوەم بۆ دڵنیایی برد. ئێمە تەنانەت زۆریش قسەمان نەکردووە."
"ئــێ باشـــە، دەتــوانی بــۆ لەمەودوا بیجــامە و فلــچەی دددانشتنەکەت لێرە بەجێ بێڵی."
"ئیدی لێرە جێیان دێڵم و زەرفەکەش دەدڕێنم و فڕێی دەدەم."
"بەڵێ، زۆر باشە. هیچ بابەتێکی دیاریکراوت لە زەیندایە بتەوێـت قســەی لەســەر بکەیـن؟ نەک شـتێکی خێـرا و سەرپێیی، تەنها بۆ ئەوەی قسە دابمەزرێنیت."

"من پرم لە پرسیار."
"منیش هەندێ پرسیارم هەن، بەڵام ئەوانەی تۆ چین؟"
"دەمەوێ بزانم بۆ منت هەڵبژارد؟ خۆ ئێمە زۆر یەکتر ناناسین."
"پێت وابوو هەر وا هەڕەمەکی کەسێک هەڵدەبژێرم؟ پێت وابوو تەنها کەسێکم دەوێ شەوان گەرمم بکاتەوە؟ هەروا کەسێکی پیر دێنم تا قسەی لەگەڵ بکەم؟"
"بەو جۆرە بیرم نەکردەوە، بەڵام نازانم بۆ منت هەڵبژارد."
"بەداخەوەی بۆ ئەوە؟"
"نەخێر. مەبەستم ئەوە نەبوو. تەنها فزوولیم و حەزم کرد بزانم."
"چونکە پێم وابوو تۆ کەسێکی باش و میهرەبانیت."
"بە هیوام وابم."
"پێم وایە تۆ پیاوێکی میهرەبان و باشیت. هەمیشە پێم وابووە کە چێژ لە قسەکردن لەگەڵت دەبینم. تۆ چۆن بیرت لە من دەکردەوە؟ ئەگەر بیرت لێ کردبێتمەوە."
"بیرم لێ کردوویتەتەوە."
"چۆن؟"
"وەک ژنێکی جوان و بەهێز و خاوەنکەسایەتی."
"بە چیدا دەزانی؟"
"بە شێوازی ژیانکردنتدا دەزانم. بەو شێوەیەی لەدوای کۆچی **کارڵ**، ژیانت ڕێک خستووە. ئەوانە ساتگەلێکی سەخت بوون بۆت. مەبەستم ئەوە بوو. منیش کە ژنەکەم

کۆچی دوایی کرد، هەمان هەستم هەبوو. بەڵام ئەوە دەزانم کە تۆ زۆر لە من باشتر بوویت. بەوە سەرسام بووم."

"هەرگیز نەهاتیت تا ئەم قسانەم بۆ بکەی."

"نەمدەویست وەک کەسێکی خۆهەڵقورتێنەر دەربکەوم."

"تۆ وا دەرنەدەکەوتیت. من زۆر تەنیا بووم.""

"ئەوەم دەزانی. بەڵام هێشتا هیچم نەکرد."

"دەتەوێ چیی تر بزانی؟"

"دەمەوێ بزانم لە کوێ لەدایک بوویت و خەڵکی کوێیت؟ بە گەنجی چۆن بوویت؟ خێزانەکەت چۆن بوون؟ خوشکوبرات هەیە؟ چۆن **کارڵ**ت ناسی؟ پەیوەندیت لەگەڵ کوڕەکەت چۆنە؟ بۆ هاتیت بۆ *هۆڵت*؟ هاوڕێکانت کێن؟ بڕوات چۆنە؟ دەنگ بە چ لایەنێکی سیاسی دەدەی؟"

"قسەکانمان چێژێکی زۆریان دەبێ، وانییە؟ منیش دەمەوێ هەموو ئەو شتانە لەسەر تۆ بزانم."

"پێویست ناکات پەلە بکەین."

"نەخێر، پێویست ناکات. با بە ئارامی لەسەر هەموو شتێک قسە بکەین."

جارێکی تر لەسەر جێخەوەکە سووڕا تا ڕووناکییەکە بکوژێنێتەوە. ئەویش جارێکی تر سەیری قژە درەوشاوە و شانوملە ڕووتەکەی کرد. دواتر لە تاریکییەکەدا، **ئادی** دەستی گرت و شەوشادی لێ کرد و زوو خەو بردیەوە. **لویس** زۆری لا سەیر و چاوەڕواننەکراو بوو، چۆن وا زوو خەوی لێ کەوت!

## شەش

ڕۆژی دواتر، **لویس** هەموو بەیانییەکەی بە ئیشکردن لە باخچەکەدا بەسەر برد و چیمەنە زیادەکانی بڕی و نانی نیوەڕۆی خوارد و سەرخەوێکی شکاند و پاشان چوو بۆ سەمونخانەکە و لەوێ قاوەیەکی لەگەڵ ئەو پیاوانەدا خواردەوە، کە هەموو هەفتەیەک دەیبینین. یەکێک لە پیاوەکان، کە ئەم زۆر حەزی بە چارەی نەبوو، بە **لویس**ی گوت: "بریا من ئەو هێز و توانایەی تۆم هەبوایە."

"چۆن؟ مەبەستت چییە؟"

"بریا ئەو توانایەم هەبوایە، هەموو شەوێک لە دەرەوە بەسەر ببەم و پاشان بتوانم ڕۆژی دواتر کارەکانی ترم ئەنجام بدەم."

**لویس** کەمێک لێی ڕوانی. پاشان پێی گوت: "دەزانی، یەکێک لەو شتانەی کە هەمیشە لەبارەی تۆوە دەیبیستم، ئەوەیە کە شتەکان لای تۆ تا چ ڕادەیەک

پارێزراون. هەر شتێک کە دەچێتە گوێتەوە، یەکسەر لە دەمتەوە دێتە دەرەوە. من نامەوێ نازناوی درۆزن یان دووزمان لە شارۆچکەیەکی بچووکی وەک ئەمەی ئێمەدا، بە کەس ببەخشرێ. چونکە هەر ئەوەندەی ئەو ناوبانگەت وەرگرت، ئیدی بۆ هەر شوێنێک بچیت، لە کۆڵت نابێتەوە."

پیاوەکە سەیرێکی **لویس**ی کرد. پاشان سەیرێکی پیاوەکانی تری دەوری مێزەکەی کرد. ئەوانیش هەموو سەیری ئەویان دەکرد. هەستا و لە سەموونخانەکە چووە دەرەوە بۆ سەر شەقامە سەرەکییەکە.

یەکێک لە پیاوەکان گوتی: "پێم وانییە پارەی قاوەکەشی دابێت."

**لویس** گوتی: "من پارەکەی دەدەم. دەی کوڕینە، کاتێکی تر دەتانبینمەوە." چووە لای کاشێرەکەوە و پارەی قاوەکەی خۆی و ئەوانی تریشی دا و بەرەو شەقامی *سیدار* چوو.

لە ماڵەوە، چووە ناو باخچەکە و بۆ ماوەی سەعاتێک خۆی بە پاچکارییەوە سەرقاڵ کرد. بەڵام زۆر بە ڕق و دەمارگرژییەوە ئیشی کرد. پاشان چووە ژوورەوە و هەمبەرگرێکی سوور کردەوە و دواتریش کووپێک شیری بەسەریدا کرد. دواتر چوو خۆی شت و ڕیشی تاشی. کە دونیا تاریک بوو، چووەوە بۆ ماڵی **ئادی**.

# حەوت

ئەو ڕۆژە **ئـادی** مـاڵی پـاک کردبـووەوە و سـەرچەفی سـەر جـێخەوی ژووری نوسـتنەکەی شـتبوو و خـۆی شـتبوو و بـۆ نـانی ئێـوارەش لەفەیەکـی خواردبـوو. کە خـۆر ئـاوا بـوو، بە بێـدەنگی و بەبـێ جـووڵە لە ژووری دانیشـتنەکە دانیشـت و بیـری دەکـردەوە و چـاوەڕێی دەکـرد، تـا دونیـا تاریـک بێـت و **لـویس** دەربـکەوێ و لە دەرگەکەی بدا.

دواجار **لویس** هات و ئەویش دەرگەی لێ کردەوە. **ئادی** هەستی کرد شتێک گۆڕاوە. پرسیی: "چییە؟ چی ڕووی داوە؟"

"کەمێکـی تـر پێـت دەڵـێم. دەتـوانین سـەرەتا خواردنەوەکەمان بخۆینەوە؟"

"بێگومان."

پێکەوە بۆ چێشتخانەکە چوون و **ئادی** بتڵێک بیرەی پێ دا و پەرداخێکیشی بۆ خۆی پڕ لە شەراب کرد. سەیری ئەوی کرد و چاوەڕێ مایەوە.

"ئەم یەکتربینینەمان چیتر نهێنی نییە. ئەگەرچی نازانم پێشتریش نهێنی بووە یان نا."

"چۆن دەزانی؟ چی ڕووی داوە؟"

"تۆ **دۆرلان بێکەر** دەناسیت؟"

"پێشتر دووکانی پۆشاکی پیاوانی هەبوو."

"بەڵێ، دواتر فرۆشتی و لێرە مایەوە. هەمو پێیان وابوو دەگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر. هەرگیز وا دیار نەبوو کەیفی بە ئێرە بێت. زستانان دەچێت بۆ *ئەریزۆنا*."

"ئەمە چ پەیوەندییەکی هەیە بە ئاشکرابوونی نهێنییەکەمانەوە؟"

"یەکێکە لەو کەسانەی کە من مانگانە یەک دوو جار لە سەموونخانەکە دەیبینم. ئەمڕۆ لێی پرسیم چۆنە ئەو هەموو وزە و شەوق و زەوقەم هەیە، لە کاتێکدا شەوان لە دەرەوەم و ڕۆژانەش فریای هەموو ئیشەکانی ڕۆژانەم دەکەوم."

"تۆ چیت پێ گوت؟"

"پێم گوت کە ئەو ناوبانگی وەک درۆزن و دووزمان ڕۆیشووە. باش مامەڵەم لەگەڵ نەکرد. زۆر تووڕە بووم، ئێستاش تووڕەییەکەم دانەمرکاوەتەوە."

"دیارە."

"دەمتوانی پشتگوێی بخەم و فەرامۆشی بکەم، بەڵام نەمویست هەستێکی هەڵەیان سەبارەت بە تۆ هەبێت."

"لەیادی بکە **لویس**. ئیمە لە سەرەتاوە قسەمان لەسەر ئەمە کرد، خۆ گوتمان کە ڕۆژێک هەر ئاشکرا دەبین."
"بەڵێ، بەڵام بیرم لێ نەکردبووەوە، ئامادە نەبووم. نەمویست چیرۆکێک بۆ هەردووکمان یان بۆ تۆ دروست بکەن."
"پێی دەزانم، بەڵام ئەوان ناتوانن ئازارم بدەن. من چێژ لە شەوەکانم لەگەڵ تۆ دەبینم، تا هەر کاتێک بەردەوام بێت."
سەیرێکی **ئادی**ی کرد.
"بۆچی بەو جۆرە باسی دەکەی؟ وەک جاری یەکەمی من قسە دەکەی. پێت وانییە شەوەکانمان تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبن؟"
"بەو هیوایەم بەردەوام بین. پێم گوتیت کە چیتر نامەوێ بەو جۆرە بژیم، نامەوێ بۆ خەڵکی بژیم، نامەوێ گرنگی بەوە بدەم کە ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە، بڕوایان بە چی هەیە و بڕوایان بە چی نییە. من پێم وانییە ئەوە ڕێگەیەکی دروست بێت بۆ ژیانکردن. هیچ نەبێت بۆ من دروست نییە."
"بێگومان. قسەکەت دروستە. بریا منیش وەک تۆ جوان درکم بە شتەکان بکردایە."
"ئێستا تووڕەییەکەت دامرکایەوە؟"
"خەریکە."
"بیرەیەکی دیکەت دەوێ؟"
"نەخێر. بەڵام ئەگەر تۆ دەتەوێ شەرابی زیاتر بخۆیتەوە، من لێرە دادەنیشم و سەیرت دەکەم."

# هەشت

**ئادی** گوتی: "من لە *لینکۆڵن-نێبراسکا* گەورە بووم. ئێمە لە دەرەوە دەژیـــاین، لە خـــانوویەکی دوونهـــوۆمیی تەخـــتەدا، لە شـــارۆچکەیەک لە بـــاکووری ڕۆژهەڵات. باوکم بازرگانێکی سەرکەوتوو بوو، دایکم ژنی ماڵەوە بوو. ژنێکی زۆر باش بوو و چێشتی دەستیشی زۆر خۆش بوو. دراوسێکانمان لە چینی مامناوەند و چینە ئیشکەرەکان بوون. یەک خوشکم هەبوو. زۆر پێکەوە نەبـــووین؛ ئەو لە مـــن چـــالاکتر بـــوو، زیـــاتر دەچـــووە دەرەوە و هەر بە سروشتیش زۆر لە من کراوەتر بوو. من داخراو بووم، کتێبی بووم و تەنها دەمخوێندەوە. دوای تەواوکردنی دواناوەندی، چوومە زانکۆ. لە ماڵەوە دەژیام، پاسێکم لە شارۆچکەکەوە بۆ زانکۆ گرتبوو. ســـەرەتا زمـــانی فەڕەنسیم خوێند، دواتر گـــۆڕیم بـــۆ پەروەردەی خوێنـــدنگەی بنەڕەتـــی. لە قۆنـــاغی دووەم بووم کاتێک **کارڵ**م ناسی و دەستمان بە ژواندانان و

چــوونەدەرەوە کــرد. کە بــووم بە بیســـت ســاڵ، لێــی دووگیان بووم."

"دەترسایت؟"

"لە منداڵەکە نا، نەخێر، لە منداڵبوون نەدەترسام. بەڵام نەمـدەزانی چـۆن شـتەکان بگـونجێنین. **کـارڵ** سـاڵ و نیوێکی مابوو بۆ ئەوەی بڕوانامەکەی بەدەست بهێنێت. لە ڕۆژی کریسمســدا بـۆ ماڵمـان هـات. ئەو لە *ئۆماهـا* دەژیـا. هەردووکمـان پێکەوە، دوای نـانی ئێـوارە، کاتێک لە ژووری میــوانەکە دانیشـــتبووین، بە دایکوباوکممـــان گـوت. دایکـم یەکســەر دەسـتی بە گریـان کـرد. بـاوکم تووڕە بـوو. پێم وابێ تۆ باشـتر لە هەسـتی ئەو کـاتەی باوکم دەگەیت. ڕووی کـردە **کـارڵ** و گـوتی: 'بـۆ خـاتری ئاسمان! ئەوە چیت بەسـەر هـاتووە؟!' مـن گـوتم 'هیچـی بەسەر نەهاتووە'.

'ئەی خــــــۆ لە خـــــــواییەوە ئەمە ڕووی نەداوە! ئەو سەبەبکاری ئەمەیە'.

'باوکە، هەردووکمان پێکەوە ئەمەمان ئەنجام دا'.

'ئای خوایە!'

هاوسەرگیریمان کرد و لە جانیوەریدا، گواسـتمانەوە بـۆ ئەپارتمـانێکی بچـووک و تـاریکی نـاو شـار، لە *لینکـۆڵن*. کـــارێکی ســـەرپێیم دەســـت کەوت، وەک کارمەنـــد لە پرسـگەی ئەپارتمانێـک. چاوەڕێمـان کـرد. لە شــەوێکی مـانگی مەیـدا منـداڵەکەمان هـاتە دونیـاوە. ڕێگەیـان بە

**کـارڵ** نەدا بێـتە ژوورەوە. پاشـــان منـداڵەکەمان بــردە ماڵەوە. ژیانێکی هەژارانە دڵخۆشانەمان هەبوو."
"دایکوباوکت یارمەتییان دایت؟"
"زۆر نـا. **کـارڵ** پێـی خـۆش نەبـوو هاوکاریمـان بـکەن. لەڕاستیدا منیش پێم خۆش نەبوو."
"کەواتە ئەوە کچەکەت بووە. پێم وانەبوو تەمەنـی هێنـدە هەبێت."
"بەڵێ، ئەوە **کۆنی** بوو."
"زۆر بە لێڵـی دێـتەوە بەرچـاوم. دەزانـم چـۆن کـۆچی دوایی کرد."
"بەڵێ."
**ئـادی** لە قسـەکردن وەسـتا و کەمێـک لە جـێخەوەکەی خۆی جووڵاند.
"کاتێکی تـر باسـی ئەوە دەکەم. ئێسـتا تەنهـا ئەوە دەڵێم کە **کـــارڵ** بروانــــامەی وەرگـــرت و هەردووکمـــان دەمانویست بێین بۆ *کۆلۆرادۆ*. جارێکیان بۆ پشـوویەکی کـورت، چـووین بـۆ پـارکی *ئیسـتێس*. زۆر چێژمـان لە کەشوهەوای ئەو چیایانە بینی. پێویستمان بە ماوەیەک هەبـوو تـا ئەو دۆخەی *لینکـۆڵن* تێبپەڕێنـین و کەمێـک ئـارام ببیـنەوە و بێیـنەوە سـەر خۆمـان. ویسـتمان سـەرەتایەکی نـوێ دەسـت پـێ بکەیـنەوە. لە *لۆنگمۆنـت* **کـارڵ** کـاری فرۆشـتنی دڵنیـایی دەسـت کەوت و دوو سـاڵیش لەوێ ژیـاین. دواتـر لێـرە، لە *هۆڵـت*، بەڕێـز **گۆرلاند** بڕیاری دا خانەنشین بێت. ئیتر ئێمەش هەندێ

پارەمــان قەزر کــرد و بــۆ ئێــرە هــاتینەوە و **کــارڵ** لە ئۆفیســەکەیدا لەســەر کورســیی وەکــالەتەکەی دانیشــت. ئــێمە لەو کــاتەوە لێــرەین. هەمــوو ئەوانە ســاڵی ١٩٧٠ بوو."

"دووگیانبوونەکەت چۆن بوو؟"

"مەبەستت چییە؟ خەڵکی ئاسایی چۆن دووگیان دەبن؟ هێندەی من بیرم بێت، لەو سەردەمەدا ئێمە زۆر وریا بووین و باش ئاگامان لە خۆمان بوو. بەڵام گەنجیش بــووین. مــن و **کــارڵ** یەکمــان خــۆش دەویســت. ئەوە چیرۆکێکــی کــۆنە. ئەوکــات تــازە بــوو و زۆریــش چێژبەخش بوو."

"بێگومان وابووە."

**ئــادی** دەســتی بەردا و کەمێــک دوور کەوتەوە و ڕێــک ڕاکشـــا. **لـــویس** خـــۆی وەرگێـــڕا و لە ڕوونـــاکییە ئەنگوستەچاوەکەدا سەیری کرد.

**ئادی** گوتی: "بۆ بەم جۆرە مامەڵە دەکەی؟ چی ڕووی داوە؟"

"نازانم."

"دەتەوێ وردەکارییەکانی بزانی؟"

"ڕەنگە."

"دەتەوێ بزانی چۆن و لە کوێ سێکسمان کرد؟"

"هەست دەکەم ئێستا لە هەرکات زیاتر بێمێشکم. تەنها هەستێکی وەک دڵپیسیم لا دروست بوو. نازانم بۆ."

"له دەرەوەی شـــار، لەســـەر شـــەقامێکی پـــیس، له ئوتۆمبیلێکـدا، لەســەر کوشــنەکانی دواوه، له تاریکیـدا کردمان. دەتویست ئەمه بزانی؟"

"سوپاســم دەکردیــت ئەگەر پێــت بگوتمــایه کــوڕی سۆزانیی گەواد. پیاوێکم گەمژەییەکەم له ڕادەبەدەره."

"زۆر باشه. تۆ گەوادی کوڕی سۆزانیت."

"سوپاس."

"شــایەنی نیـیه. بەڵام خەریـک بـوو ئەمه تێـک بـدەیت. هیچی تر ماوه بیپرسیت؟"

"دایکوباوکت ئەمەیان تێپەڕاند؟"

"دواتـر وا شـکایەوه که **کـارڵ**یـان زۆر خـۆش ویسـت. دایکــم ئەوی وەک کــوڕێکی قژڕەشــی قــۆز دەبینــی. باوکیشم دەیبینی چەنده به سەختی کار دەکات و ئاگـای له ئـێمه دەبـێ. بێگومـان زۆریـش ئاگـای لێمـان بـوو. ڕۆژگـارێکی سـەخت و ناخۆشـمان تێپەڕانـد. بەڵام دوای حەوت بـۆ هەشـت سـاڵێک، کێشــەی داراییمـان نەمـا و گوزەرانمـان باشـتر بـوو و ئـارامتر بـووین. **کـارڵ** بـۆ ماڵەوه پیاوێکی باش بوو و ئاگای له هەمومان بوو."

"ئەوکاتیش تۆ کوڕ و کچێکت هەبوو پێیانەوه سەرقاڵ بیت."

"**جین** بچوک بوو، **کۆنی**یش شەش ساڵ بوو."

# نۆ

**ئـــادی** بە ئوتــۆمبیلەکەی چــووە نــاو کــۆڵانەکەوە و ماڵەدراوسێکانی تێپەڕاند. لە پشتی خانووەکەی **ڕۆز**، لە ئوتــۆمبیلەکەی دابەزی و بە پلیکانەکانــدا بــۆ دەرگەی پشتەوە سەرکەوت. خاتوونە بەتەمەنەکە لە هەیوانەکەدا لەســـەر کورســـییەک دانیشـــتبوو، چـــاوەڕێی دەکـــرد. هەشتاودوو ساڵ بوو. کاتێک **ئادی** گەیشت، **ڕۆز** هەستا و هەردووکیــان بە پلیکانەکانــدا هــاتنە خــوارەوە. **ڕۆز** دەستی **ئادی**ی گرتبوو. بەرەو ئوتۆمبیلەکە چوون. **ئادی** یـارمەتیی دا سـەربکەوێت و قـاچە لاوازە بێگۆشـتەکانی ڕێک بخات. ئینجا پشتێنی سەلامەتییەکەی بۆ بەست و دەرگەکەی داخســت. بەســەر شــاڕێکەدا بــۆ فرۆشــگەی میوەفرۆشـــــەکە چـــــوون، کە دەکەوتە باشـــــووری ڕۆژهەڵاتــی شــارۆچکەکەوە. بەیــانییەکی زووی هــاوین بوو، گەراجەکە چەند ئوتۆمبیلێکی کەمی لێ بوو. چوونە ژوورەوە. **ڕۆز** عارەبـــانەیەکی لە فرۆشـــگەکە هێنـــا و

هەردووکیـان پـێکەوە، بە خـاوی بە نێـوان ڕەفەکـانی فرۆشـگەکەدا کەوتـنە گەڕان. سـەیری شـتیان دەکـرد. شتی زۆر نەدەویست، تەنها چەند قوتوویەک گێزەر و سەموون و پاکەتێک نەستەلەی *هێرشێی*.

"ئەی تۆ هیچ نابەیتەوە؟"

"نەخێر. من لەم ڕۆژانەدا بازاڕم کرد. تەنها کەمێک شیر دێنم."

"من نابێ هێندە لەم نەستەلەیە بخۆم، بەڵام خۆ تازە چ جیاوازییەکی هەیە. چیم بوێت دەیخۆم."

هەنـدێ شـۆربای لەقوتـوونراوی خسـتە نـاو عارەبـانەکەوە، لەگەڵ چەنـد پـاکەتێکی بەسـتووی ژەمـی ئێواران، پاشـان چەند پاکەتێک *سـیریاڵ* و لە کۆتاییشـدا پاکەتێک شیر و هەندێ مرەبای شیلک.

"هەر ئەوەندە؟ ئەوە هەموو پێویستییەکانتە؟"

"پێم وابێ."

"هەندێ میوەت ناوێ؟"

"میوەی فرێشم ناوێ، بەفیڕۆ دەچێت."

بۆ بەشی میوەی لەقوتوونراو چوون. دوو قوتوو قۆخی نـاو شـیلەی شـیرین و هەنـدێ قوتـووی هەرمـێ، دواتـر هەنـدێ بسـکیت و چـۆرەک بـۆ بەرچـایی و هەنـدێکیش کشـمیش. لە بەردەم کاشـێرەکەدا، خـاتوونی کاشـێرەکە پرسیی: "هەموو پێداویستییەکانت دەست کەوتن خـاتوو **جۆیس**؟ هەموو ئەو شتانەی دەتویستن دۆزیتنەوە؟"

"پیاوێکی باشم نەدۆزیەوە. یەک پیاوی باشم لای ڕەفەکان نەبینی. نەخێر، هیچ پیاوێکی باشم نەبینی."

"بەڕاست؟ هەندێ جار ڕەنگە نزیکماڵەوە بن. زۆر لەوە نزیکترن کە تۆ وێنای دەکەی." پاشان سەیرێکی **ئادی**ی کرد، کە لە تەنیشت خاتوونە بەتەمەنەکەوە وەستابوو.

"چەندی کرد؟"

کاشێرەکەش وەڵامی دایەوە.

**ڕۆز** پێی گوت: "بلووزەکەت پیسە، پەڵەی پێوەیە، پاک نییە. نابێ بەو جۆرە جلە پیسانەوە بێیت بۆ سەر کار."

کاشێرەکە سەیرێکی خوارەوەی کرد.

"من هیچ نابینم."

"ئەوەتا."

پارەکەی لە جزدانە چەرمە نەرمەکەی دەرهێنا و بە هێواشی پارەکانی لە دەستیدا ژماردن و بە جوانی پارە کاغەز و ئاسنەکانی لەسەر مێزەکە دانان.

پاشان چوون بۆ لای ئوتۆمبیلەکە. **ئادی** پێداویستییەکانی خستە سەر کوشنی دواوە و خۆیشی سەرکەوت.

**ڕۆز** چاوی بڕیبووە شارێکە. بە لای چەندین جۆر ئوتۆمبیلی گواستنەوەی ئاژەڵ و دانەوێڵەدا تێدەپەڕین.

"هەندێ جار ڕقم لەم شوێنەیە، هەندێ جار خۆزگە دەخوازم ئەو کاتەی دەرفەتم هەبوو، ئێرەم جێ

بهێشــتایە. ئەم شــارۆچکە بچــووکە مێشــکە بچــووکە کەسایەتییە بچووکانە."
"باسی ئەو کاشێرە دەکەی."
"بەڵێ. ئەو و هەموو ئەو کەسانەی وەک ئەون."
"دەیناسیت؟"
"یەکـێکە لە کۆکســەکان. دایکیشــی وەک خـۆی وابـوو. ئاگــای لە هەواڵ و ئیشــوکاری هەمــوو کەس بــوو. دەمێکی پێوە بوو وەک دەمی کچەکەی. ئەم کچە وام لێ دەکا بمەوێ یەک زللەی پێدا بکێشم."
"کەواتە تۆ ئاگەداری من و **لویس**یت."
"من هەموو بەیانییەک زوو خەبەر دێم. ناتوانم بـخەوم. لە ژوورەکەی پێشەوە دادەنیشم و تەماشای دەرکەوتن و هەڵهــاتنی خــۆر دەکەم، لەســەر خانووەکــانی ســەر شــەقامەکەوە. بەیانیــان **لــویس** دەبیــنم، کە دەڕواتەوە ماڵێ."
"دەمزانـی ڕۆژێـک کەسـێک هەر دەیبینێت. بەڵام گرنـگ نییە."
"هیوادارم کاتێکی خۆش بەسەر ببەن."
"پیاوێکی باشە، دەزانی؟"
"منـیش پـێم وایە. زۆر شـتی بـۆ کـردووم و منـیش تـا ئێســتا هــیچ چــاکەیەکم لە بەرانــبەردا بــۆ نەکــردووە. هەمیشە لەگەڵ من میهرەبان بووە. چیمەنەکەم دەبڕێت و زستانانیش بەفری مـاڵەکەم دەماڵێت. لەپـێش کۆچی دوایــی **دایــان**ەوە، ئــاوا هاوکــاریم دەکــات. بەڵام ئەو

فریشـــتەیەش نیـــیە، ئەویـــش هۆکـــاری دروســـتبونی کۆمەڵێک خەم و کێشە بووە. دەتوانم بۆت باس بکەم. ڕەنگە ژنەکەشی پێی گوتبێتیت."

"پێم وانییە ئەوە شتێکی گرنگ بێ."

**ڕۆز** گوتی: "هەرچۆنێک بێ، ئەوە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا بوو، چەندین ساڵ بەر لە ئێستا بوو. پێم وابێ ژنەکەی ئەوەی تێپەڕاند. مرۆڤەکان هەموو بەو جۆرەن، توانای تێپەڕاندنی شتەکانیان هەیە."

## ده

**ئادی** گوتی: "باسی ژنەکەی ترم بۆ بکە."

"مەبەستت کێیە؟"

"ئەوەی کە پەیوەندیت لەگەڵی هەبوو."

"تۆ لە کوێ ئەوە دەزانی؟"

"هەمو کەس دەیزانێ."

"نـاوی **تامـارا** بـوو. ئێسـتاش هەر **تامـارا**یە. ئەگەر لە ژیانـدا مابێـت. هاوسـەرگیریی کردبـوو. مێـردەکەی پەرسـتار بـوو، شـەوان لە نەخۆشـخانەی شـارۆچکەکە کاری دەکرد. ئەوکات شتێکی نامۆ بوو پیاوێک ببێت بە پەرستار، خەڵک بە شتێکی سـەمەرەیان دەزانـی. کچێکی بچـووکی چوارسـاڵانیان هەبـوو، سـاڵێک لە **هـۆڵی** گەورەتـر بـوو. کچێکـی لاوازی بەهێـزی قـژزەرد بـوو. بـاوکی، کە دەکـاتە مێـردەکەی **تامـارا**، پیـاوێکی کەتە و بەهێـز و قـژزەرد بـوو. بەڕاسـتی پیـاوێکی بـاش بـوو. دەیویسـت چیـرۆک بنووسـێ. پـێم وابـێ شـەوانە لە

نەخۆشـخانەکە هەنـدێکی دەنووسـی. پێشـتر کۆمەڵێـک کێشـەیان هەبـوو، **تامـارا** پەیوەنـدیی لەگەڵ پیاوێکـدا لە *ئۆهایۆ* هەبوو. **تامارا**ش وەک من مامۆستا بوو. کاتێک ئەو هـات بۆ خوێندنگەکەمان، مـن دوو سـاڵ بـوو لەوێ وانەم دەگوتەوە."

"چ وانەیەکی دەگوتەوە؟"

"ئەویـش وەک مـن مامۆسـتای ئینگلیـزی بـوو. وانەی بە قۆنـاغی یەک و دوو دەگـوتەوە. شـتە بنەڕەتییەکـانی دەگوتەوە."

"تۆش وانەت بە قۆناغە ئاستبەرزەکان دەگوتەوە."

"بەڵـێ. مـن لەو زیـاتر لەوێ وانەم گوتبـووەوە. ئەو لە مـاڵەوە دڵخـۆش نەبـوو. مـن و **دایـان**یـش نێوانمـان زۆر باش نەبوو."

"بۆ؟"

"هەڵە لە هەردووکمـانەوە بـوو، بەڵام زیـاتر لە مـنەوە بـوو. نەماندەتوانی قسـە لەسـەر شـتەکان بکەیـن. کاتێک شـەڕ یـان دەمەدەمێیەکمـان دەبـوو، ئەو دەگریـا و ژوورەکەی جێ دەهێشت، بێ ئەوەی قسەکانمان لەسـەر بابەتەکە تەواو بکەین. ئەوەش شتەکانی خراپتر دەکرد."

"ئیتـر لە خوێنـدنگە یەکێکتـان زووتـر هەنگـاوی نـا بـۆ ئەوی دیکەتان."

"بەڵێ. کاتێک هەردووکمـان بە تەنیـا لە ژووری پشـووی مامۆسـتاکان بـووین، دەسـتی خسـتە سـەر قـۆڵم و پێـی

گوتم: 'شتێک هەیە بتەوێ پێمی بڵێی؟' گوتم: 'وەک چی؟'

'وەک ئەوەی بتەوێ پێکەوە بچین شتێک بخۆینەوە؟'

'نازانم. دەتەوێ داوات لێ بکەم؟ پێت چۆن دەبێ؟'

ئەمانە مانگی ئەپریڵ ڕوویان دا، لە ناوەڕاستی ئەپرێلدا. لە پازدەی مانگدا بوو، هەموو کارەکانی باجم تەواو کردبوو، دوای نانی ئێوارە، بە ئوتۆمبیلەکەم بۆ وێستگەی پۆستەکە کەوتمە ڕێ، تا لە کاتی خۆیدا شتەکانم پۆست بکەم. بە ئوتۆمبیلەکەم بە لای خانووەکەی ئەواندا تێپەڕیم. بینیم لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی ژووری دانیشتنەکەیان، دانیشتبوو و کاغەزی خوێندکارەکانی سەح دەکرد. منیش ئوتۆمبیلەکەمم پارک کرد و هاتمە بەر هەیوانەکە و لە دەرگەم دا و ئەویش هات دەرگەکەی لێ کردمەوە. ڕۆبی حەمامی لەبەردا بوو. گوتم: 'بە تەنیا لە ماڵیت؟' '**پامێلای** لێیە، بەڵام نوستووە و لە ناو جێخەودایە. بۆ نایەیتە ژوورەوە؟'

ئیتر من چوومە ژوورەوە."

"شتەکان بەم جۆرە دەستیان پێ کرد؟"

"بەڵێ، لە ڕۆژی ناردنی باجدا. شتێکی شەیتانەیە، وانییە؟"

"نازانم. ئەم شتانە هەر ڕوو دەدەن، بە هەر ڕێگەیەک بێت لە ڕێگەکان."

"تۆ شتێکت لەم بارەیەوە بیستووە."

"من شتێک لەبارەی ئەوەی کە ئەم شتانە لە ژیانی مرۆڤەکاندا چۆن ڕوو دەدەن، دەزانم."
"پێم دەڵێی؟"
"ڕەنگە ڕۆژێکی تر. ئێ، چیتان کرد؟"
"**دایان** و **هۆڵی**م جێ هێشت و چووم لەگەڵ ئەو ژیام. ئەویش مێردەکەی جێی هێشتبوو و لای هاوڕێیەکی دەمایەوە. دوو هەفتەیەکمان پێکەوە گوزەراند؛ ژنێکی جوان و هاروهاج بوو، قژێکی قاوەیی درێژ و دوو چاوی قاوەیی هەبوون، لە جێخەودا چاوەکانی وەک چاوی ئاژەڵ دەردەکەوتن و پێستی لووسێکی ئاوریشمئاسا بوو و جەستەشی زۆر جوان و باریک بوو."
"دڵنیام ئێستاش هەر خۆشت دەوێ."
"نەخێر. بەڵام ئەو بیرەوەرییانەم خۆش دەوێ کە لەگەڵ ئەودا هەمن. بێگومان لە کۆتاییدا شتەکان خراپ شکانەوە. شەوێک، کاتێک من و **تامارا** و کچە بچووکەکەی پێکەوە لە چێشتخانەکەدا نانمان دەخوارد، مێردەکەی گەڕایەوە. لەگەڵ مێردەکەی لە دەوری مێزەکە دانیشتین و وەک دوو کەسی کامڵ و تێگەیشتوو و خاوەنئەزموون، قسەمان کرد و هەردووکمان لە دوو کەس دەچووین کە تازە لە هاوسەرگیری ڕزگارمان بووبێ و ئێستا دوو پیاوی ئازاد بووین. بەڵام من نەمتوانی بەو جۆرە بەردەوام بم؛ کە بینیم خۆی و مێردەکەی و منداڵەکەی لەسەر

ئەو مێزە لەگەڵم دانیشتوون، زۆر لە خۆم تووڕە بووم و قێـزم لە خـۆم دەکـردەوە. هەسـتام و مـاڵەکەم جـێ هێشـــت و بە ئوتـــۆمبیلەکەم چـــووم بـــۆ دەرەوەی شـارۆچکەکە. ڕوونـاکیی کێڵگەکـان و گۆڕەپانەکـان لە تاریکیـدا شـین دەچـوونەوە. هەمـوو شـتەکان ئاسـایی دەیاننوانـد، ئەگەرچـی هـیچ شـتێکیش ئاسـایی نەبـوو. هەموو شتەکان لەسەر لێواری لوتکەکەیان بوون. شـەو درەنــــگ گەڕامەوە. ئەو لە جێخەوەکەیـــدا بـــوو، دەیخوێندەوە. پێم گوت: 'من چیتر ناتوانم بەردەوام بم'.
'دەڕۆیت؟'
'دەبێ بڕۆم. لێرەبوونم ئازاری زۆر کەس دەدا. ئـازاری زۆر کەسیشـی داوە. ئەوەتـا مـن هەوڵ دەدەم بـبم بە باوکی کچەکەت، لە کاتێکدا کچەکەی خۆم خەریکە بەبێ باوک گەورە دەبێ. لەبەر هیچ نەبێت، لەبەر خـاتری ئەو دەبێ بڕۆم'.
'کەی دەڕۆیت؟'
'لەم هەفتەیەدا'.
'کەواتە ئێسـتا وەرە نـاو جـێخەوەکەوە، جـارێ دوو شەومان ماوە'.
ئەو شەوانەم لەیادە. لە بەرچاومە چۆنمان گوزەراند."
"بۆم باس مەکە. نامەوێ بزانم."
"نەخێر. بۆت باس ناکەم. کاتی ڕۆیشتن من دەگریام. ئەویش بە هەمان شێوە."
"دواتر چی ڕووی دا؟"

"گەڕامەوە بۆ لای **دایان** و **هۆڵی** و پێکەوە چووینەوە بۆ ماڵەکەی خۆمان. من لە نهۆمی خوارەوە لەسەر قەنەفەکە دەخەوتم و **دایان**یش بە هیچ جۆرێک جارێکی تر ئەو باسەی لەگەڵم نەکردەوە. هەرگیز وا خۆی پیشان نەدەدا کە پەرۆشی ئەوەیە لەو بارەیەوە شت بزانێ. هەستی پێ دەکردم، کە من چەند پەشیمانم و حاڵم چەند خراپە، وەک ئەوەی ئاسمان کەوتبێت بەسەرمدا. پێشم وانییە ویستبێتی ژیانی خۆی یان ئەو ژیانە تێک بدا، کە پێکەوە دروستمان کردبوو.

دواتر لە هاویندا بوو، هاوڕێیەکی زانکۆم لە *شیکاگۆ*وە بۆ سەردانم هات و داوای لێ کردم پێکەوە بۆ ڕاوەماسی بچین. منیش بردم بۆ *وایت فۆرێست* لەسەر *گلینوود سپرینگس*، بەڵام ئەو کەیفی بەوێ نەهات، چونکە لەگەڵ شاخوداخ ڕانەهاتبوو. کاتێکیش بردم بۆ نزیک چەمەکە تا بە پێ گەشتێک بە ناو دارستانەکەدا بکەین، دەترسا ڕێگەکەمان ون بکەین. هەرچەندە هەندێ ماسیی باش و خۆشیشمان گرت، بەڵام سوودی نەبوو و ئەو هەر بێتاقەت بوو. گەڕاینەوە بۆ *هۆڵت* و **دایان** هات بۆ لای دەرگەکە بۆ لام. **هۆڵی** خەوتبوو. کاتی خەوی دوانیوەڕوانی بوو. من و **دایان** بە پەلە چووینە سەر جێخەوەکەمان و... ڕەنگە خۆشترین جۆری پێکەوەخەوتن، ئەو کاتانە بێت کە لەناکاو یان بێ بیرکردنەوە و پلان دەکرێن. لە کاتێکدا هاوڕێکەمان لە

خوارەوە چاوەڕێی دەکردین نانی ئێوارە بخۆین. ئیتر شتەکان ئاوا بوون."

"جارێکی تر نەتبینییەوە؟"

"نەخێـــر، نەمبینیـــیەوە. بەڵام دوای تەواوکردنـــی ئەو ساڵەی خوێندن، گەڕابووەوە بۆ *تەکساس* و دواتریش کارێکی لەوێ دەست کەوتبوو. دواتر هاتەوە بۆ *هۆڵت* و پەیوەندیی پێوە کردم. **دایان** وەڵامی پەیوەندییەکەی دایەوە و پێی گوتم: 'کەسێک دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکا'. گوتم: 'کێیە؟' بەڵام هیچی نەگوت. تەنها تەلەفۆنەکەی دایە دەستم.

ئەو بوو، **تامارا** بوو.

'من لێرەم لە *هۆڵت*، دێی بۆ دیدەنیم؟'

'نەخێر، ناتوانم. ناتوانم بتبینم'.

'جارێکی تر نامبینیت؟'

'ناتوانم'.

**دایان** لە چێشتخانەکەوە گوێی لێ دەگرتین. بەڵام لەبەر ئەوە نەبوو کە قایل نەبووم بیبینم، بەڵکو من هەر خۆم بڕیارم دابوو کە ئیتر لەگەڵ ئەو و کچەکەم بمێنمەوە."

"دواتر چی؟"

"**تامارا** گەڕایەوە بۆ *تاکساس*، لەوێ کارەکەی قبووڵ کرد و دەستی کرد بە وانەگوتنەوە. **دایان**یش ڕێگەی دام لای بمێنمەوە."

"ئێستا لە کوێیە؟"

"نازانم له کوێیه. هەرگیز لەگەڵ مێردەکەی نەگەڕانەوە لای یەک. شتێکی تریش هەبوو، من نەمدەویست بیر لەوە بکەمەوە کە ڕۆڵی من لەو جیابوونەوەیەدا چی بووە. ئەو خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو، لە *ماسەچوسێتس* بوو. ڕەنگە گەڕابێتەوە بۆ ئەوێ."

"هەرگیز قسەت لەگەڵ نەکردەوە؟"

"نەخێر."

"هێشتا هەر پێم وایە کە خۆشت دەوێ."

"خۆشم ناوێ."

"شتەکان لەوە دەچن کە خۆشت دەوێ."

"من باش ڕەفتارم لەگەڵ نەکرد."

"نەخێر، باش ڕەفتارت لەگەڵ نەکرد."

"پەشیمانم لەوە."

"ئەی **دایان**؟"

"هەرگیز جارێکی تر نەهاتەوە سەر ئەو باسە. لە دەسپێکدا تووڕە و بریندار بوو و زۆریش دەگریا. دڵنیام هەستی بەوە کردووە کە ئەو پشتگوێ خراوە و ڕەفتارێکی خراپی لەگەڵ کراوە و هۆکارێکی باشیشی هەبووە، تا وا بیر بکاتەوە. هەموو ئەم هەستانە لە دایکەوە گواسترایەوە بۆ کچەکەمان و ئێستا ئەو بەشێکی زۆری بیرکردنەوەکانی لەسەر ئەو بنەمایە لەبارەی پیاوەوە بونیاد ناوە، بە منیشەوە. ئێستا پێی وایە کە دەبێ زۆر باش دڵنیا بێت بۆ ئەوەی جێ نەهێڵرێت. بەڵام پێم وایە ئێستا هێندەی لە ئازاردانی

**تامــارا** پەشــیمانم، هێنــدە لە ئــازارردانی ژنەکەی خــۆم پەشـــیمان نـــیم. هەســـت دەکەم وەک بڵێـــی خـــۆمم دۆڕاندبێت. پێشتر دەمویست لە مامۆستایەکی ئینگلیزیی دواناوەنـــدی زیـــاتر بـــم، بەڵام دوای ئەو باســـە، ئەو دەرفەتەم لەدەست دا."

"هەمیشـە ئەوەم دەبیسـت کە تـۆ مامۆسـتایەکی باشـیت. هەموو خەڵکی شارۆچکەکەش تۆیـان پێ بـاش بـوو. بـۆ **جین**یش مامۆستایەکی باش بوویت."

"ڕەنــگە مامۆســـتایەکی بـــاش بـــووبێتم. بەڵام دەزانـــم مامۆستایەکی زۆر باش نەبووم."

## یازده

**ئادی** گوتی: "گوتت هێشتا لەیادت ماوە."
"کەمێکیم لەیاد ماوە. لە هاویندا بوو، وانییە؟"
"حەڤدەی مانگی هەشت بوو. ڕۆژێکی خۆشی هاوین، ئاسمان شینێکی پاک بوو. لە باخچەکەی پێشەوە یارییان دەکرد. **کۆنی** سۆندەیەکی پێ بوو، سەرەکەی ئاوپرژێنێکی مۆدیل کۆنی پێوە بوو، کە ئاوی بە خێرایی دەپرژاند. ئەوانیش بە ناو پرژەی ئاوەکەدا ڕاوڕاوێنیان دەکرد. **کۆنی** پێنج ساڵ بوو، ئەویش یازدە. هێشتا هێندە منداڵ بوون کە پێکەوە یاری بکەن. هەردووکیان جلی مەلەکردنەکانیان لەبەردا بوو. بە دەوری ئاوپرژێنەرەکەدا دەسووڕانەوە و ڕایان دەکرد و بەسەریدا بازیان دەدا و دەیانقیژاند و یارییان دەکرد. دەستی **جینی** دەگرت و لەگەڵ خۆی ڕایدەکێشا و بە ناو ئاوەکەدا ئەمبەروئەوبەریان دەکرد و پێکەوە بەسەر ئاوەکەدا بازیان دەدا. هەموو ئەمانەم بە چاوی خۆم

دەبینی. **جین** سەری سۆندەکەی کردەوە و دوای **کۆنی** کەوت تا ئاوی پێدا بکات. لە باخچەکەدا ڕاوی دەنا، هاواریان دەکرد و پێدەکەنین. من چوومە چێشتخانەکە تا سەیرێکی خواردنی ئێوارە بکەم، کە هێشتا لەسەر ئاگر بوو. خەریکی ئامادەکردنی شۆربا بووم. لەناکاو گوێم لە دەنگی خشانی تایەی ئوتۆمبیل بوو، لەگەڵ قیژەیەک. بە ڕاکردن چووم بۆ لای دەرگەی پێشەوە. پیاوێک لە تەنیشت ئوتۆمبیلەکەیەوە وەستابوو، **جین**یش دەگریا و سەیری سەر شەقامەکەی دەکرد، لە بەردەمی ئوتۆمبیلەکەدا. بە ڕاکردن چووم بۆ لای دەرگەکەی پێشەوە. پیاوێک لە ئوتۆمبیلەکەی دابەزیبوو و بە پێوە وەستابوو، **جین** دەگریا و دەیقیژاند و سەیری بەردەم ئوتۆمبیلەکەی دەکرد، لەسەر شەقامەکە. بە ڕاکردن چوومە دەرەوە. **کۆنی** بە جلی مەلەکردنەکەیەوە لەسەر شەقامەکە کەوتبوو، خوێن لە دەم و گوێیەوە دەهات و برینێکی گەورەش لە ناوچەوانیدا بوو. قاچەکانی چەمابوونەوە و لە ژێر جەستەیدا بوون. قۆڵەکانی بڵاو ببوونەوە و گۆشەیەکی سەیر و ترسناکیان دروست کردبوو. **جین** بەردەوام دەیقیژان و دەگریا. خراپترین و نائومێدکەرترین و ناخۆشترین دەنگ بوو، تا ئەو کاتە گوێم لێ بووبێت.

شۆفێرەکە کەمێک دوور کەوتبووەوە، بەڵام هەر بەردەوام دەیگوت: 'ئای خوایە! ئای خوایە! ئای خوایە! ئای خوایە!''

"پێویست ناکات زیاترم بۆ باس بکەیت. ئێستا بیرم کەوتەوە. پێویست ناکات زیاترم بۆ باس بکەیت."
"نەخێر، دەبێ ئەمەش باس بکەم. کەسێک پەیوەندیی کرد بە ئەمبولانسەوە، تا ئێستاش نازانم کێ بوو. هاتن و خستیانە ناو دەستەبەرەیەکەوە و سواریان کرد و منیش لەگەڵی سەرکەوتم. **جین** بەردەوام دەگریا، داوام لێ کرد لەگەڵمدا سەربکەوێت. ئەوان ڕێگەیان نەدا، بەڵام من گوتم: 'قسەی قۆڕ مەکەن. لەگەڵ من دێ. ئێستا خێرا بڕۆن.'
سەری برینێکی گەورە و قووڵ و ڕەشی تێدا بوو و لە چەند لایەکیشەوە ئاوسابوو. بەردەوام خوێن لە دەم و گوێی دەهات. خاولییەکیان پێ دام تا تێوەی بپێچم. سەرە خوێناوییەکەیم خستە سەر ئەژنۆم و ڕۆیشتین. هێمای سەر ئەمبولانسەکە زۆر بە دەنگی بەرز ویقەویقی بوو. کە گەیشتینە نەخۆشخانە، بردیانە دەرگەی پشتەوەی لای پارکی ئوتۆمبیلەکان. پەرستارێک دەیگوت: 'لێرەوە، لەو ڕێگەیەوە، پێم وانییە ئێرە شوێنێکی گونجاو بێت بۆ ئەو کورە بچووکە. کەسێک دەنێرم تا بیبات بۆ ژووری چاوەڕێکردنەکە'. **جین** دەستی کردەوە بە گریان، کەسێک لە پرسگەکە هات و دووری خستەوە. ئێمەش چووینە ناو ژووری ئیمێرجنسییەکەوە. لەسەر چرپایەک ڕایانکشاند و پزیشکەکە هات. تا ئەو کاتەش زیندوو بوو، بەڵام بێهۆش بوو. چاوەکانی داخرابوون و بە ئەستەمیش

هەناسەی دەدا. قۆڵێکی و چەند پەراسوویەکی شکابوون. هێشتا نەیاندەزانی کوێی تری شکاوە. ئاگەدارم کردنەوە تا پەیوەندی بە **کارڵ**ەوە بکەن لە ئۆفیسەکەی.

من لەگەڵی مامەوە. **کارڵ** لەگەڵ **جین** چووەوە ماڵێ، تا چاودێریی بکات. منیش ئەو شەوە لای ئەو مامەوە. نزیکی چواری بەیانی بەئاگا هات و کەمێک تەماشای کردم. من دەگریام و ئەو تەماشای دەکردم. هیچی نەدەگوت. پاشان دوو هەناسەی دا و ئیدی ئەوە کۆتایی بوو. کۆچی دوایی کرد. بەدەم گریانەوە نام بە سینگمەوە و ڕامژەند. پەرستارێک هاتە ژوورەوە و پێم گوت پەیوەندی بە **کارڵ**ەوە بکات.

تەواوی ئەو ڕۆژە سەرقاڵی شتگەلێکی جەنجاڵ و تێکەڵوپێکەڵ بووین. لە ئێوارەیەکدا ئامادەکاریمان بۆ مەڕاسیمی بەخاکسپاردنەکەی کرد و لە ماڵیشەوە پرسەمان بۆ ڕێک خست. دوای ئەوەی کە ماکیاژ و شتی بۆ کرا، ڕێگەمان بە **جین** دا بیبینێت. زۆر ترسا. دەستی لێ نەدا."

"بێگومان دەبێ ترسابێ."

"بەڵێ. ماکیاژێکی زۆریان بۆ کردبوو تا ئەو برینانەی سەر دەموچاوی بشارنەوە و ئەو چاڵە برینە گەورەیەی نێوچاوانیشیان داخستبوو و یەکێک لە عەزییە شینەکانی لەبەر کرابوو.

دوای دوو ڕۆژ **کۆنی**مان بەخاک سپارد. مەبەستم ئەوەیە لە ئارامگەکە جەستەکەیمان بەخاک سپارد. هەندێ جار وا هەست دەکەم کە دەتوانم قسەی لەگەڵ بکەم، قسە لەگەڵ ڕۆحی، یان دەتوانی بڵێی لەگەڵ گیانیدا. ئێستا لە باش دەچێ. جارێک پێی گوتم کە ئەو باشە. دەمەوێ بڕوا بەوە بهێنم."

"بێگومان."

"**کارڵ** ویستی ئێمە بۆ خانوویەکی تری شارۆچکەکە بگوێزینەوە، بەڵام من ڕەتم کردەوە. نەمویست ئەم شوێنە بەجێ بهێڵم. ڕێک لە بەردەم ئەم خانووە شتەکان ڕوویان دا. ئەو لێرە مرد. ئێرە شوێنێکە بۆ من زۆر شت دەگەیەنێت. لەبەر ئەوە ئێرەمان جێ نەهێشت. ڕەنگە باشتر وابوایە بڕۆیشتینایە، لەبەر خاتری **جین**."

"هەرگیز لەیادی نەکرد و تێپەڕاند."

"کەسمان لەیادمان نەکردووە. بەڵام ئەو بە هۆی **جین**ەوە بۆ سەر شەقام و لای ئوتۆمبیلەکە ڕایکرد. ئەو تەنها منداڵێکی بچووک بوو، کە بە سۆندەیەکی ئاوەوە دوای خوشکەکەی کەوتبوو. دوای ئەوە ژنەکەت چەندین جار هات و سەری لە من دا، تا دڵنیا بێت کە باشم. زۆر دڵم بەوە خۆش بوو، پێم دەزانی. سوپاسگوزاری بووم. هەندێ کەس هەبوون تەنانەت نائارام بوون بەوەی یەک قسەشم بۆ بکەن."

'دەبوایە لەگەڵی بهاتمایە."

"ئەگەر بهاتیتایە زۆر باش دەبوو."

"هەست دەکەم گوناهبارم."
"تۆ بڕوات بە گوناهـ هەیە؟"
"وەک پێشـتر گـوتم، مـن بـڕوام بە دۆڕانـی کـارەکتەر هەیە، بەوە دەڵێم گوناهـ"
"ئەوەتا ئێستا لێرەیت."
"ئێرە ئەو شوێنەیە کە دەمەوێ لێی بم."

# دوازده

"بۆ چەند ڕۆژێک بۆم ناکرێت، ناتوانم بۆ ئێرە بێم."

"بۆ ناتوانیت."

"**هۆڵی** کۆتایی ئەم هەفتەیە بۆ *ڕۆژی بیرەوەری* دێت بۆ ئێرە. پێم وابێ دەیەوێ لێپێچینەوەم لەگەڵ بکات."

"مەبەستت چییە؟"

"پێم وابێ بە نێوانی من و تۆی زانیوە و دێت داوام لێ دەکات تا باش مامەڵە بکەم."

"چۆن بیر لەو باسە دەکەیتەوە؟"

"سەبارەت بە باشمامەڵەکردنەکە؟ ئێ خۆ من خراپ مامەڵە ناکەم تا باشی بکەم! ئەوە دەکەم کە دەمەوێ بێ ئەوەی کەس لەم نێوانەدا تووشی ئازار ببێت. بە هیوام ئەمە بۆ تۆش بە هەمان شێوە بێت."

"بۆ منیش بە هەمان شێوەیە."

"دەمەوێ گوێی لێ بگرم، بەڵام ئەوە هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت. من هیچ شتێکم نەکردووە لەوە زیاتر بێت، کە

داوام لەو کــردووە لەگەڵ ئەو کــوڕانەی کە لەگەڵیــان دەچێــــتە دەرەوە، بیکــــات. هەمیشــــە ئەو کـــــوڕانە دەدۆزێتەوە کە لە لێواری ڕووخانـدان. دەیانـدۆزێتەوە و مــاوەیەک داڵــدەیان دەدا و چاودێرییــان دەکــات و لە کۆتاییشـدا یـان ئەوەتـا بێـزار لێیـان دەبێ، یـان شـتێک پەیوەنـدییەکەیان تێـک دەدا و بـۆ مـاوەیەکی تـر تەنیـا دەمێنێتەوە. دواتر کەسێکی تر دەدۆزێتەوە تا چاودێریی بکات. ئێستا ئەو لە بۆشایی نێوان دوو پەیوەندیدایە."

"هەرکات بۆت کرا بێیت، پەیوەندیم پێوە دەکەی؟"

# سیازدە

ڕۆژی دواتر، **هۆڵی** لە *کۆلۆرادۆ* *سپرینگ*ەوە گەیشتە *هۆڵت*. **لویس** لە دەرگەکەدا پێی گەیشت و ماچی کرد. لە باخچەکەی پشتەوە، لە شوێنی سەیرانکردنەکەیاندا، نانی ئێوارەیان خوارد و دواتر پێکەوە قاپەکانیان شت و لە ژووری دانیشتنەکە دانیشتن و دەستیان بە خواردنەوەی شەراب کرد.

"بەتەمام ئەم هاوینە بۆ دوو هەفتە بچم بۆ *فلۆرەنس* لە *ئیتاڵیا*، بۆ کلاسێکی فێربوونی وێنەکێشان."

"منیش پێم باشە بچیت. لە شتێکی زۆر باش دەچێت."

"کاتی فرۆکەکەم ئامادە کردووە. لە وۆرکشۆپێکی فێربوونی وێنەکێشاندا وەرگیرام."

"زۆر باشت کردووە. کێشەی پارەت نییە؟"

"نەخێر باوکە. پێویستم پێی نییە." کەمێک سەیری باوکی کرد و ئینجا گوتی: "بەڵام من خەمی تۆمە."

"ئۆها! بەڕاست؟"

"بەڵێ. لەگەڵ **ئادی مۆر** خەریکی چیت؟"

"خەریکم کاتگەلێکی خۆشی لەگەڵ بەسەر دەبەم."

"گەر دایکم لێرە بوایە چیی دەگوت؟"

"نـازانم، بەڵام پـێم وایە دایکـت تێدەگەیشـت. توانـای بەخشـین و تێگەیشـتنی زۆر لەوە زیـاتر بـوو کە خەڵـک دەیـزانن. زۆر ژیـر بـوو، لە زۆر ڕووەوە. شـتەکانی زۆر لە خەڵکی گشتگیرتر دەبینی."

"بەڵام باوکە، ئەمە ڕاست نییە. من پێم وابوو تۆ نەک گرنگی بە **ئاندی مۆر** نادەیت، بەڵکو پێم وانەبوو هەر بیشیناسیت."

"تـۆ ڕاسـت دەکەی، مـن نەمدەناسـی. ئەمە یەکـێکە لەو هۆکـارانەی کە وا دەکـات مـن کـاتێکی خۆشـی لەگەڵ بەسـەر بـبەم. ناسـینی کەسـێکی بـاش لەم تەمەنەدا، درککـردن بەوەی کە ئەو کەسـەت بەدڵە، هەمـو ئەمـانە ئەو هەستەت پێ دەبەخشـن کە تۆ وشـک نەبوویتەتەوە و هێشتا پێت ماوە."

"شتەکە زۆر شەرمەزارکەر دیارە."

"بۆ کێ؟ بۆ من وانییە."

"بەڵام خەڵک ئاگایان لێتانە و پێیان زانیون."

"بێگومـان دەزانـن. هیچـیش پـێم گرنـگ نیـیە. کـێ پێـی گوتیت؟ ڕەنگە یەکێک بووبێت لە هـاوڕێ قونخڕەکـانی ئەم شارۆچکەیەت."

"**ليندا ڕۆجێرس** بوو."

"لێی دەوەشێتەوە."

"پێی وابوو باشتر وایە بزانم."

"ئەوەتا ئێستا دەزانی. دەتەوێ بموەستێنیت، وانییە؟ ئەوە چ سوودێکی هەیە؟ ئەوکاتیش خەڵک دەیزانن کە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێکەوە بووین."

"بەڵام شتەکە بە هەمان شێوەی ئێستا نابێ. بەم جۆرە بە ڕوخسارتەوە دیار نابێ."

"تۆ زۆر خەمی خەڵکی ئەم شارۆچکەیەتە. زۆر گرنگی بە قسەکانیان دەدەی."

"ئێ باوکە گیان خۆ دەبێ یەکێک گرنگی بە قسەکانیان بدا."

"من ئیتر فێر بووم کە گرنگی بە قسەی ئەوان نەدەم."

"ئەمە لەو خاتوونەوە فێر بوویت؟"

"بەڵێ. لەوەوە فێر بووم."

"بەڵام من هەرگیز پێم وانەبووە ئەو نە کەسێکی بەئەزمون و نە کەسێکی فەرامۆشکەر بێت."

"ئەوە فەرامۆشی نییە، ئەوە پشتگوێخستنە."

"ئەمە یانی چی؟"

"جۆرە بڕیاردانێکە بۆ ئازادبوون، تەنانەت لەم تەمەنەی ئێمەشدا."

"وەک هەرزەکارێک قسە دەکەی."

"من هەرگیز وەک هەرزەکارێک مامەڵەم نەکردووە. من هەرگیز نەموێراوە هیچ شتێک بکەم. تەنها ئەوەم دەکرد کە دەبوایە بیکەم. دەزانم خۆت زۆر شتت لەو شتانە کردوە. بەو هیوایەم کەسێکی بەهێز و خاوەنکەسایەتی

بدۆزیتەوە. کەسێک، لەگەڵت بێت بۆ *ئیتاڵیا* و بەیانیانی شەممان زوو خەبەر بێت و بتبات بۆ سەر چیاکان و پێکەوە لە بەفردا نوقم ببن و کە گەڕانەوە ماڵێ، هێشتا هەر بەفرەکە بە جەستەتانەوە بێت."

"زۆر ڕقم لەو جۆرە قسەکردنەتە، دەزانی؟ لێم گەڕێ با ئازاد بم باوکە، با ژیانی خۆم بژیم."

"بۆ هەردووکمان بە هەمان شێوەیە. دەتوانین بە ئاشتی لەسەر ئەمە ڕێک بکەوین؟"

"هێشتا هەر پێم باشە زیاتر بیر لەم باسە بکەیتەوە."

"بیرم لێ کردووەتەوە. بەمە ئارامم."

"ئاخ لەدەست تۆ باوکە."

ڕۆژی دواتر **هۆڵی** پەیوەندییەکی بۆ هات. دوای ئەوەی قسەکانیان تەواو کرد، بۆ **لویس**ی گێڕایەوە.

"باوکە، ئەوە **جولی نیوکامپ** بوو. ئەویش وەک **لیندا ڕۆجێرس** ویستی باسی ئەم پەیوەندییەی تۆم بۆ بکات. منیش پێم گوت کە خۆم دەزانم و پێشتر بیستوومە. دواتر پێشم گوت: 'ئەرێ بەڕاست، ئەوە باش بوو پەیوەندیت کرد، لەم ڕۆژانەدا لە ڕێستۆرانتێک بووم، داوای گۆشتی بەرخم کرد. بیرم کردەوە و بە خۆمم گوت، تۆ بڵێی هێشتا مێردەکەی **جوولی** مەڕ بگێ؟' ئەویش گوتی: 'بە نەفرەت بیت سۆزانی! ویستم چاکەیەکت لەگەڵ بکەم!' ئیتر بە ڕوومدا دایخستەوە."

"زۆر خێرا بیرت کردەوە و ئەو قسانەت بۆ هاتن."

"هەرگیــز بەرگەی قســـەکانیم نەگرتــووە. بەڵام بــاوکە، هیشـــــتا پـــێم وایە ئەو کـــارەی ئێـــوە، کـــارێکی شەرمەزارکەرە."

"دەزانی چی باوانم، ئەوە کێشەی تۆیە، نەک من. پێم گوتیت من هەست بە شەرمەزاری ناکەم. **ئادی**یش بە هەمان شێوە."

# چوارده

**لویس** گوتی: "له کۆتاییدا وام لێ هات زۆر شتی ئەوم بەدڵ بوو. کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو، دەیزانی چیی دەوێ. ئەو شتانەی نەدەکرد کە خەڵکی چاوەڕێیان دەکرد بیکات. ساڵەکانی سەرەتا زۆر هەژار بووین، بەڵام ئەو هەرگیز نەیدەویست کار بکات. خاوەنی ئایدیای تایبەت بە خۆی بوو، دەیویست سەربەخۆ بێت، ناشزانم ئەگەر ئەوە بەختەوەری کردبێت. خەڵکی دەڵێن ژیان گەشتێکە، پێم وابێ ئەویش هەمان شتی دەکرد. لێرە چەند ژنێکی هاوڕێی هەبوون، جارجار لە ماڵی یەکێکیان کۆ دەبوونەوە و باسی ژیانی خۆیان و ئەو شتانەیان دەکرد، کە ژن دەیەوێ. دڵنیام لەوێ باسی پەیوەندییەکەمانی کردووە. لەو کاتەدا سەربەخۆیی ژنان خەریک بوو دەبوو بە باس، بەڵام ئێمە هەندێ کێشەی ترمان هەبوو. من لە ماڵەوە چاودێریی **هۆڵی**م دەکرد، لە کاتێکدا دایکی لای کۆمەڵێک ژنی تر، گلەیی لە

من دەکرد. ئەوە بەلامەوە کەمێک سەیر و سەرنجڕاکێش بوو. لەو دواییەدا کێشەکەی **تاماراشی** هاتە سەر."

"پێم وابێ تۆ گوتت کە ئەو لەوە خۆش بووە."

"پێم وابێ لێم خۆش بوو. پێم وابێ لەو کاتەدا دەیویست بەدەستم بهێنێتەوە، بەڵام دڵنیام لە کاتی قسەکردنەکانیاندا ئەو باسەشی هێناوەتەوە ناو باسەکان. دڵنیا بووم هاوڕێکانی هەموو هەڵە لە من تێگەیشتبوون، بەڵام ئەو **هۆڵی**ی خۆش دەویست. لە سەرەتادا ئەوان زۆر لە یەکەوە نزیک بوون. هەر لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە، ئەو بووە جێی متمانەی **دایان** و هەموو نهێنییەکانی خۆی لا باس دەکرد. من پێم وانەبوو ئەو جۆرە مامەڵەکردن و درکاندنی نهێنییانە کارێکی شیاو بێت، بەڵام هەرچۆنێک بێ، ئەو بەو جۆرە مامەڵەی دەکرد و **هۆڵی**ی لە خۆیدا نوقم کرد."

"پێت نەگوتم چۆن یەکتان ناسی."

"ئاها! ئێ یەکترناسینەکەشمان وەک ئەوەی تۆ و **کارڵ** وابوو. لە زانکۆ یەکمان ناسی، لە *فۆرت کۆلینس*. دوای ئەوەی هەردووکمان زانکۆمان تەواو کرد، هاوسەرگیریمان کرد. ژنێکی گەنج و جوان بوو. هیچمان دەربارەی بونیادنانی ماڵ و ئیشی ناوەوە و دەرەوەی ماڵەکەمان نەدەزانی. هیچ ئیشێکی گەورەی ماڵی نەکردبوو و هیچ خواردنێکیشی نەدەزانی. پێشتر

دایکی هەموو ئەو ئیشانەی بۆ کردبوون. من لێرە، لە *هاڵت* گەورە بووم."
"بەڵێ، ئەوە دەزانم."
"دوو ساڵ دوای تەواوکردنی زانکۆ، لە خوێندنگەیەکی بچووک لە *فۆرت ڕەینج* وانەم گوتەوە. دواتر لێرە لە خوێندنگەیەکی ئامادەیی وەرگیرام و گەڕامەوە و لەو کاتەوە لێرە دەژیم. ئەوە چلوحەوت ساڵ دەبێ. ئێمە **هۆڵی**مان هەبوو و وەک گوتیشم **دایان** کاری نەکرد، تەنانەت دوای ئەوەشی کە **هۆڵی** چووە خوێندنگە."
"منیش ئەو کاتە هیچ پیشەیەکم نەبوو."
"تۆ کارت دەکرد، ئەوە دەزانم."
"بەڵام وەک تۆ کارم نەبوو. من لە پرسگەی ئۆفیسەکەی **کارڵ** بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک سکرتێر بوو،، بەڵام زۆر دەماری یەکترمان دەگرت و شەڕمان دەکرد. چونکە هەموو ڕۆژەکە و دواتر شەویش، لە ماڵەوە پێکەوە بووین. ماوەیەکی زۆر پێکەوە دەبووین. بۆیە وازم لەوێ هێنا و ماوەیەک لە بانکێک و دواتریش لە چەند ئۆفیسێک لە شار وەک کارمەند کارم کرد. دڵنیام ئەوەیان دەزانی. ئەوە درێژترین کارم بوو کردبێتم؛ لەوێ هەموو شتە جیاوازەکانم دەبیست و دەبینی، خەڵک چی دەکەن و تووشی چ جۆرە کێشەیەک دەبن. ئەو بەشەی نەبێت کە چیرۆکە جیاوازەکانی خەڵکم گوێ لێ دەبوو، شتەکانی دیکەی هەموو نەبڕاوە و بێزارکەر بوون."

"ئیتر هەرچۆنێک بیت، **دایان** وەک خۆی مایەوە. ئێستا کە ئەمە دەڵێم، بەو کارەی دەزانم، بەس کاتی خۆی پێم نەدەزانی. بەڵام کاتی خۆی، کە لە بیستەکانی تەمەنماندا بـــووین و هاوســـەرگیریمان کردبـــوو، زۆر شـــتمان نەدەزانـی. هەمـوو ئەو شـتانە تەنهـا کۆمەڵێـک ئامـاژە و مـــامەڵە و بیرکـــردنەوە بـــوون، کە لەگەڵیـــان گەورە ببووین."

## پازدە

شەوێکی مانگی جون، **لویس** گوتی: "بیرۆکەیەکی باشم هەیە، دەتەوێ گوێت لێی بێت؟"

"بێگومان."

"من باسی **دۆرلاند بیکەر**م لە سەموونخانەکە بۆ کردیت، پێم گوتیت کە شتێکی لەبارەی ئێمەوە درکاندووە. هەروەها باسی هاورێ دواناوەندییەکەی **هۆڵی**یشم بۆ کردیت، کە پەیوەندیی پێوە کردبوو."

"بەڵێ. منیش باسی ئەو ڕۆژەی ناو فرۆشگەکەم بۆ کردیت، کە لەگەڵ **ڕۆز** بووم. پێم گوتیت کە کاشێرەکە و **ڕۆز**یش چیان گوتووە."

"بیرۆکەکەم ئەوەیە نموونەیەکی باڵای خۆمان پیشان بدەین، زیاتر لەوەی چاوەڕێمان لێ دەکرێ. با بچین بۆ ناو بازاڕی شارۆچکە، بە ڕۆژی ڕووناک. نانی نیوەڕۆ لە *هۆڵت کافێ* بخۆین. دواتریش بە پیاسە بە شەقامە

سەرەکییەکەدا دەڕۆین و بە ئارامی کاتی خۆمان بەسەر دەبەین."
"دەتەوێ کەی بچین؟"
"ئەم شەممەیە، نیوەڕۆ؛ لە جەنجاڵترین ساتی کافێکەدا."
"زۆر باشە، من ئامادە دەبم."
"بۆ ئەم باسە پەیوەندییشت پێوە دەکەمەوە."
"ڕەنگە شتێکی ڕووناک و درەوشاوە لەبەر بکەم."
"ئەوە بیرۆکەیەکی باشە. ڕەنگە منیش کراسێکی سوور لەبەر بکەم."

ڕۆژی شەممە، کەمێک پێش نیوەڕۆ، **لویس** چوو بۆ ماڵی **ئادی**. **ئادی** بە عەزییەکی زەردی پشتڕووتەوە هاتە دەرەوە. **لویس**یش کراسێکی نیوقۆڵی سوور و سەوزی ڕۆژئاوایی لەبەردا بوو. لە *سیدا*رەوە بە پیاسە بەرەو شەقامە سەرەکییەکە ڕۆیشتن. بە سەر شۆستەکەدا چوار کۆڵان چوونە خوارەوە، فرۆشگەکانیان تێپەڕاند. هەر لەوبەرەی شەقامەکەوە، بانک و فرۆشگەی پێڵاو و فرۆشگە گەورەکە و فرۆشگەی گەوهەر، هەروەها بە بەردەم هەموو فرۆشگە کۆنەکانی سەر شەقامەکەدا پیاسەیان کرد. لە نیوەڕۆیەکی هەتاوداردا لە سەرسووچی دووەمی شەقامە سەرەکییەکە وەستان و چاوەڕێی گڵۆپەکەیان دەکرد سەوز ببێت و ئاوڕیان دابووەوە و قسەیان لەگەڵ ئەو خەڵکە دەکرد، کە دەوەستان تا پێکەوە سڵاوێک و دوو قسە بکەن و **ئادی** قۆڵی لە قۆڵی

**لویس**دا بوو، کە لە شەقامەکە پەڕینەوە بۆ *هۆڵت کافێ* و **لویس** دەرگەکەی بۆ کردەوە و بە دوایدا چووە ژوورەوە. کەمێک چاوەڕێیان کرد تا کەسێک بێت و شوێنێکیان بۆ دانیشتن پیشان بدا. خەڵکەکە هەموو تەماشای ئەمانیان دەکرد. دڵنیاش بوون لەوەی کە نیوەی ئەو خەڵکەی کە ئێستا لەو کافێیە دانیشتوون، ئەمان دەناسن. ڕەنگە زیاتریش.

کچێک هات و لێی پرسین: "تەنها هەردووکتانن."

**لویس** گوتی: "بەڵێ. یەکێک لەو مێزانەی ناوەڕاستمان دەوێ."

لە دوای کچەکەوە تا لای مێزەکە ڕۆیشتن. **لویس** کورسییەکی بۆ **ئادی** ڕاکێشا و خۆیشی لە تەنیشتیەوە دانیشت. بەرانبەری نا، لە تەنیشتی، نزیک ئەو. کچەکە داواکارییەکانیانی نووسی. **لویس**، لەسەر مێزەکە دەستی **ئادی**ی خستە دەستی خۆیەوە و سەیری ناو ژوورەکەی دەکرد. خواردنەکە هێنرا و دەستیان بە نانخواردن کرد.

**لویس** گوتی: "تا ئێستا شتەکان ئاسایی دیارن. لەوە ناچێت کارێکی زۆر بوێرانەمان کردبێت."

"نەخێر. خەڵک لە شوێنە گشتییەکاندا بەئەدەبن. کەس نایەوێت لە شوێنە گشتییەکاندا هەرا بنێتەوە. ئێمەش نواندنی زۆر دەکەین و شتەکانمان زۆر گەورە کردووە. خەڵک خۆیان کێشەیان لەوە زۆرترە تا مێشکیان بە ئێمەوە سەرقاڵ بکەن."

پـێش ئەوەی خـواردنەکە تەواو بـکەن، سـێ ژن بە جیـا جیا لایان وەستان و سڵاویان کرد و ڕۆیشتن.
دوا ژن گوتی: "لەبارەی ئێوەوە شت دەبیستم."
**ئادی** گوتی: "ئادەی چیت بیستووە؟"
"ئۆهـا! ئێـوە یەکتـری دەبیـنن و پـێکەوە دەچـنە دەرەوە! بریا منیش بمتوانیایە هەمان شت بکەم."
"بۆ ناتوانیت؟"
"کەس ناناسـم. ئەگەر کەسـێکیش بناسـم، دڵنیـام زۆر دەترسم."
"ڕەنـگە ئەگەر کەسـێک بـدۆزیتەوە هێنـدە ئـازا و چاونەترس و بەتوانا بێ، خۆت سەرسام بکەیت."
"ئۆها! ناتوانم ئەوە بکەم. لەم تەمەنەدا ناتوانم."
بە ئارامی نانیـان خـوارد و پاشـان شـیرینییان داوا کـرد. زۆر بە شێنەیی ئەویشیان خـوارد. دواتـر هەسـتان و چـوونە سـەر شـەقامە سـەرەکییەکە. ئەم جـارە چـوونە ئەوبەری شـەقامەکە و بە پیاسـە سـەرکەوتن. هەمـو فرۆشـگەکانیان تێپەڕانـد. بە لای ئەو خەڵکانەشـدا ڕۆیشـتن، کە دەرگەکانیـان کردبـووەوە تـا هەوایەک بێـتە ژوورەوە و خۆیشـیان لەودیـوەوە سـەیری دەرەوەیـان دەکـرد. بە لای هەرسـێ کۆڵانەکەدا ڕۆیشتنەوە بۆ *سیدار*.
**ئادی** گوتی: "دەتەوێ بێیتە ژوورەوە؟"
"ئێستا نا. بەڵام شەو دێم."

# شازدە

**ئادی مۆر** کوڕەزایەکی هەبوو ناوی **جەیمی** بوو، لەو دوایییەدا ببوو بە شەش ساڵ. لە سەرەتای ئەم هاوینەوە، کێشەکانی نێوان دایکوباوکی خراپ و خراپتر ببوون. لە چێشتخانە و ژووری نوستن، بە گریان و قیژەی ژنەکەوە بۆڵەبۆڵ و یەکترتاوانبارکردن و تۆمەت بۆ یەک هەڵبەستن بەردەوام بوو. دواجار لە دادگا لێک جیا بوونەوە و دایکی بۆ *کالیفۆرنیا* چووبوو، تا لەگەڵ هاوڕێیەکی بژی. **جەیمی** و باوکی **جەیمی**ی بەجێ هێشت. باوکی **جەیمی** تەلەفۆنی بۆ **ئادی** کرد و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و پێی گوت، کە ژنەکەی وازی لە کاری قژبڕین هێناوە و سەفەری کردووە بۆ کەناری *وێست*.

"چی بووە؟ چی ڕووی داوە؟"

"ناتوانین بەردەوام بین. ئەو ناتوانێ لە هیچ شتێکدا تا نیوەی ڕێ لەگەڵمدا بێت."

"کەی بەجێی هێشتن؟"
"دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا. نازانم چی بکەم."
"ئەی **جەیمی**؟"
"لەبەر ئەمە پەیوەندیم پێوە کردیت. دەتوانیٚ تا ماوەیەک لەگەڵ تۆ بمێنێتەوە؟"
"ئەی کەی **بێڤێرلی** دەگەڕێتەوە؟"
"نازانم دێتەوە یان نا."
"خۆ بەتەما نییە هەر وا کوڕەکەی جیٚ بهێڵێت، وانییە؟"
"دایە نازانم، نا. نازانم چی دەکا و بەتەمای چییە. شتێکی تریش هەیە پێم نەگوتوویت، تا کۆتایی ئەم مانگە دەرفەتم هەیە، دەبیٚ فرۆشگەکە دابخەم."
"بۆ؟ لەویٚ چی ڕووی داوە؟"
"کێشەکە من نیم دایە، کێشەکە باری دارایییە. چیتر کەس ئامادە نییە ئەو مۆبیلیاتانە بکڕێت. پێویستم بە یارمەتیی تۆیە."
"کەی کوڕەکە بۆ لام دێنیت؟"
"کۆتایی ئەم هەفتەیە. تا ئەوکات شتەکان ڕێک دەخەم."
"باشە. بەڵام تۆ خۆت دەزانی ئەمە بۆ منداڵێکی بچووک چەندە قورس دەبیٚ."
"ئیٚ دایە گیان چیی ترم لەدەست دیٚ؟"
ئەو شەوە، کاتێک **لویس** چوو بۆ لای، هەموو ئەم باسە تازانەی بۆ باس کرد.
**لویس** گوتی: "هەست دەکەم ئەمە کۆتایی ئەم یەکتربینینەی ئێمەیە."

"ئاهـــا! مـــن وا بیـــر نـــاکەمەوە. تەنهـــا یەک دوو ڕۆژ چـاوەڕێ بـکە تـا دێـت، باشــە؟ دواتـر ڕۆژانە وەرە بـۆ بینینم. دواتریش شـەوان وەرەوە. بـا هـیچ نەبێت بـزانین شـــتەکان چـــۆن دەڕۆن. هـــیچ نەبێـــت لەگەڵ ئەو، مـــن پێویستم بە یارمەتیت دەبێ. ئەگەر پێت خۆش بێ."

**لویس** گـوتی: "مـاوەیەکی زۆر بەسـەر ئەوەدا تێپەڕیـوە، کە لەگەڵ منداڵدا بووبم."

"هەروەها منیش."

"خێـزانەکەی چییـان بەسـەر هـاتووە؟ بە دیـاریکراوی کێشەکەیان چییە؟"

"باوکی زۆر توند و چاودێریکار و پارێزگارە. ژنەکەشی لەمە وەڕس بـــووە و دەیەوێ شــــتەکان بە شــــێواز و ڕێگەی خۆی ئەنجام بدا. بێگومان **جین**یش ئەمەی ناوێ. ئەمە باسێکی تازە نییە."

"پـــێم وایە هەنـــدێ لە کێشـــەکانی پەیوەنـــدیی بەو ڕووداوەوە هەیە، کە بەسەر خوشکەکەیدا هاتووە."

"بێگومــان پەیوەنـدییان بەوەوە هەیە. بـۆ **بێڤێرلـی**یـش نــازانم، هەرگیــز زۆر لێــی نزیــک نەبــووم. پــێم وانیــیە ئەویـش ئەوەی لە مـن ویسـتبێت. شـتێکی تـریش هەیە، **جـین** خەریـکە فرۆشـگەکەی لەدەسـت دەدا. پێشـتر ئەو بیرۆکەیەی بۆ هات کە فرۆشـگەیەک بکـاتەوە، مۆبیلیـاتی کـۆن و بویـاخنەکراو بفرۆشـێت، تـا خەڵـک بە نرخێکـی هەرزان بیکـڕن و خۆیـان بۆیـاخی بـکەن. هەرگیـز پـێم وانەبـــوو ئەوە بیرۆکەیەکـــی بـــاش بێـــت. بەڵام ئێســـتا

مـايەپووچ بـووە. ئەم بەیـانییە خـۆی پێـی گـوتم. دەبـێ هاوکاریی بکەم تا کـارێکی نـوێ دەدۆزێتەوە. پێشـتریش یـــارمەتیم داوە، ئەم جـــارەش ڕازی بـــووم یـــارمەتیی بدەمەوە."

"دەیەوێ چی بکات؟"

"هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان فرۆشیار بووە."

"هێنـدەی مـن ئەوم لەیـاد بێـت، لەوە ناچێـت ئەوە بـۆی شتێکی گونجاو بێت."

"نەخێر، منیش پێم وانییە فرۆشیاری کاری ئەو بێت. پێم وایە ئێستا ئەو دەترسێت، بەڵام دانی پێدا نانێت."

"بەڵام ڕەنگە ئەمە بۆ ئەو دەرفەتێکی بـاش بێـت، تـا واز لە ئەو کـارە بهێنێت. لەو چوارچێوە کۆنە هەڵبێت وەک دایکی، وەک تۆ."

"نەخێـر، واز ناهێنێـت. ئەو لە ژیانـدا چەقیـوە. ئێسـتاش پێویستی بە یارمەتییە و دڵنیاشـم پێی خـۆش نـابێ. ئەو کەســـــێکی زۆر هەڵەشـــــەیە، لەم دۆخانەشـــــدا ئەو هەڵەشەییەی دەردەکەوێت. هەرگیـز فێری ئەوە نـابێ لە نــاو خەڵکیـدا مــامەڵە بکــات و تــووڕەش دەبـێ ئەگەر پێویستی بەوە بێ داوای شتێکم لێ بکات."

بەیانیی ڕۆژی شەممە، **جین** کوڕەکەی هێنا بۆ مـاڵەکەی **ئــادی** و بــۆ نــانی نیــوەڕۆ مــایەوە. جانتــای جــل و یارییەکانیشــی هێنــابوو. کاتێــک باوەشــی پێـدا کـرد و ماڵئاوایی لێ کرد و بەرەو ئوتۆمبیلەکە ڕۆیشت، **جەیمی** دەسـتی بە گریـان کـرد. کاتێک ویسـتی بەدوای باوکیـدا

بڕوات، **ئادی** توند لە باوەشی گرت و لە باوەشیدا زیاتر گریا، کاتێک ئوتۆمبیلەکە ڕۆیشت. پاشان قاییلی کرد کە بێتە ژوورەوە. دواتر زانیی کە چێژ لە شێواندن و تێکدانی کێک لە ناو قاپەکەدا دەبینێت و دواتر پێکەوە چوارچێوە کاغەزینەکانیان پڕ لە کێک کرد و کردیانە ناو فڕنی تەباخەکەوە. دوای ئەوەی کە برژان، **جەیمی** کێکێکی بە کووپێک شیرەوە خوارد.

"من دراوسێییەکم هەیە، دەمەوێ دوو کێکی بۆ ببەم. دوو دانە هەڵدەگریت؟ پێکەوە سەرێکی لێ دەدەین."

"لە کوێ دەژێ؟"

"لەو کۆڵانەی تەنیشتمان."

"کامیان هەڵبگرم؟"

"بە ئارەزووی خۆت."

دوو دانەی کەمبرژاوی هەڵبژارد و **ئادی**یش خستنیە ناو کارتۆنێکی پلاستیکەوە و پێکەوە چوون بۆ کۆڵانەکەی تر و لە دەرگەی ماڵەکەی **لویس**یان دا. کاتێک **لویس** هات، **ئادی** گوتی: "ئەمە کوڕەزاکەمە، **جەیمی مۆر**. شتێکمان بۆ هێناویت."

"دەتانەوێ بێنە ژوورەوە؟"

"بەڵێ. بۆ چەند خولەکێک دێین."

لە هەیوانەکە دانیشتن و سەیری شەقامەکەیان دەکرد. هەموو خانووەکانی ئەو دەڤەرە بێدەنگ و خامۆش بوون، درەختەکانیش بە هەمان شێوە. بە دەگمەن ئوتۆمبیلێک لەوێوە تێدەپەڕی. **لویس** لەبارەی

خوێندنگەوە پرسیاری لە **جەیمی** کرد، بەڵام ئەو نەیویست باسی بکات. پاش کەمێک، **ئادی** کوڕەکەی بردەوە ماڵێ. **ئادی** نانی ئێوارەی ئامادە کرد و **جەیمی**یش یاریی بە مۆبایلەکەی کرد. پاشان **جەیمی**ی بردە نهۆمی سەرەوە و پێی گوت: "ئەمە ژووری باوکت بوو، کاتێک بچووک بوو." یارمەتیی دا جلەکانی بگۆڕێت. دواتر **جەیمی** چووە گەرماو و ددانی شت و هاتەوە ژوورەوە و **ئادی** کەمێک چیرۆکی بۆ خوێندەوە و دواتر گڵۆپەکەی کوژاندەوە. ماچێکی کرد و گوتی: "من لەوبەری هۆڵەکە دەبم، ئەگەر شتێکت پێویست بوو."

"گڵۆپەکە بە پێکراوی جێ دێڵی؟"

"گڵۆپی سەر ئەم مێزتوالێتە بە پێکراوی جێ دێڵم."

"دەرگەکەش بە کراوەیی جێ بێڵە نەنە."

"هەموو شت باش دەبێ باوانم، من لێرەم."

**ئادی** چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و جلی خەوی لەبەر کرد و پێش نوستن سەرێکی لێ دایەوە. هێشتا بەخەبەر بوو، تەماشای دەرگەکەی دەکرد.

"تۆ باشیت؟"

هێشتا یاریی بە مۆبایلەکەی دەکرد.

"پێم وایە کاتی ئەوەیە ئەوەی دەستت لا ببەیت و بخەویت."

"کەمێکی تر."

"نەخێر. دەمەوێ ئێستا لای ببەیت."

هاتە لای جێخەوەکە و مۆبایلەکەی لێ سەند و خستیە سەر کانتۆری جلەکان.

"ئێستا بخەوە باوانم، چاوەکانت دابخە."

لەسەر قەراغی جێخەوەکە دانیشت و دەستی دەهێنا بە ڕوومەت و ناوچەوانیدا و بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە.

شەو خەبەری بووەوە و چوو سەرێکی لە ژوورەکەی **جەیمی** دا. بینیی دەگری. بردی بۆ ناو جێخەوەکەی خۆی و لە باوەشی گرت. زۆری نەبرد، جارێکی تر خەوی لێ کەوتەوە. تا بەیانی لە جێخەوە گەورەکەدا لەگەڵی مایەوە.

**ئادی** ماچێکی کرد: "من دەچم بۆ تەوالێت، کەمێکی تر دێمەوە."

کاتێک گەڕایەوە، لە هۆڵەکەدا، لە بەردەم دەرگەکەدا وەستابوو.

"باوانم مەترسە، من دوور ناکەومەوە. من ناڕۆم، من لێرەم."

## حەڤدە

شەوی دووەمیش وەک شەوی یەکەم بوو. سەرەتا نانی ئێوارەیان خوارد، دواتر دەستەیەک یاریی کاغەزی دۆزییەوە و لە چێشتخانەکە فێری جۆرە یارییەکی کاغەزی کرد. هەندێ یاریی کاغەزیان کرد و دواتر چوونە نهۆمی سەرەوە. کوڕەکە خۆی بۆ ناو جێخەو ئامادە کرد و **ئادی**یش لەسەر کورسییەکە دانیشت و مۆبایلەکەی لێ دوور خستەوە و بۆ ماوەی یەک سەعات، کتێبی بۆ خوێندەوە و دواجار ماچێکی کرد. دەرگەکەی بە کراوەیی و گڵۆپەکەی بە پێکراوی جێ هێشت و چووە ژوورەکەی خۆی و دەستی بە خوێندنەوە کرد. جارێک هەستا و سەرێکی لێ دا، خەوتبوو و مۆبایلەکەشی لەسەر کانتۆرەکە بوو. بەڵام وەک جاری پێشوو، شەو درەنگ بە گریانەوە بۆ ژوورە تاریکەکەی هات. ئەمیش بردیە ناو جێخەوەکەی خۆی. بەیانی کە خەبەری بووەوە، کوڕەکە هێشتا خەوتبوو. لە

نهۆمی خوارەوە نانی بەیانییان خوارد و چوونە دەرەوە. بە باخچەکەدا گێڕای و هەموو گوڵەکانی پیشان دا و ناوی درەخت و دەوەنەکانی پێ گوت و پاشان بردیە گەراجەکەوە، کە ئوتۆمبیلەکەی خۆی تێدا پارک کردبوو. مێزی شتومەکەکانی **کارڵ**ی پیشان دا، لەگەڵ پێداویستییە هەڵواسراوەکانی سەر بۆردە چاڵچاڵەکە، کە هەمیشە شتی پێ چاک دەکردنەوە. منداڵەکە زۆر ئەو شتانەی بەلاوە گرنگ نەبوون.
دواتر **لویس** هات بۆ بینینیان.
"پێت خۆشە لەگەڵ نەنکت بۆ ماڵمان بێی؟ دەمەوێ شتێکت پیشان بدەم."
لە باخچەکەی دواوە، لە سووچێکی گەنجینە بچووکەکە، کولانەیەکی بچووکی مشک هەبوو. ئەو بەیانییە **لویس** دۆزیبوویەوە. چەند مشکێکی تازەلەدایکبووی تێدا بوو. بێچووەکان هێشتا پەمەیی بوون و چاویشیان نەیدەبینی. جووڵەجووڵیان بوو و دەیانزیکاند. کوڕەکە کەمێک لێیان دەترسا. **لویس** گوتی: "مەترسە، ئازارت نادەن. ئەوان ناتوانن ئازاری هیچ شتێک بدەن. ئەوان تەنها بێچوون و لەژێر چاودێریدان و دایکیان لە شیر نەیبڕاندوونەتەوە. دەزانی ئەوە یانی چی؟"
"نا."
"واتە هێشتا شیری دایکیان دەخۆنەوە و فێر نەبوون شتی تر بخۆن."
"دواتر چی دەخۆن؟"

"هەرچی بدۆزنەوە، وەک تۆوی ڕووەک یان پارچەی بچووکی خۆراک. دەتوانین هەموو ڕۆژێک بیێین و چاودێرییان بکەین، تا بزانین چۆن دەگۆڕێن. ئێستا باشتر وایە دایانبپۆشینەوە، بۆ ئەوەی سەرمایان نەبێت و نەشترسن. ئەمە هەموو ئەو شتانەیە کە بۆ ڕۆژێک پێویستیانە."

چوونە دەرەوەی ژوورەکە. **ئادی** گوتی: "ئەمڕۆ لە باخچەکەت یارمەتیت دەوێ؟"

"لێرە هەمیشە پێویستم بە یارمەتیی کەسێکی شارەزا هەیە."

"ڕەنگە **جەیمی** بتوانێت یارمەتیت بدا."

"ئێ باشە، با لە خۆی بپرسین. بچکۆل، دەتەوێ یارمەتیم بدەی؟"

"چی بکەم؟"

"چیمەنە زیادەکان بژار دەکەین و کەمێکیش باخچەکە ئاو دەدەین."

"نەنە، قەیناکە بچم؟"

"بەڵێ. تۆ لەگەڵ **لویس** بمێنەرەوە. کە تەواو بوون ئەو دەتهێنێتەوە بۆ ماڵێ و نانی نیوەڕۆش پێکەوە دەخۆین."

کوڕەکە پێشتر ئەو ئیشانەی نەکردبوو، بۆیە دەبوو **لویس** هەموو ئەو چیمەنانەی پیشان بدا، کە پێویست بوو هەڵبکەندرێن. هەندێ ئیشیان کرد، بەڵام کوڕەکە حەزی لەم کارە نەبوو. پاش کەمێک **لویس** سۆندەیەکی هێنا، ئاوپرژێنێکی پێوە بوو. ئاوەکەی بە کزی کردەوە، کوڕەکەی فێر کرد چۆن ئاوی درەختەکان دەدرێت.

قامیش و توورەکان، بێ ئەوەی ڕەگەکانیان ببینن. کوڕەکە ئەم کارەی پێ خۆش بوو. دواتر ئاوەکەیان گرتەوە و چوون بۆ ماڵی **ئادی**. لە گەرماوەکە، لای ژووری دانیشتنەکە دەست و دەموچاویان شت. **ئادی**یش خواردنی ئامادە کردبوو و لەسەر مێزەکە دانابوو. دانیشتن و ساندویچ و فینگەریان بە ئاوی لیمۆوە خوارد.

"ئێستا دەتوانم یاری بە مۆبایلەکەم بکەم؟"

"بەڵێ. بەڵام دەمەوێ دواتر پێکەوە سەرخەوێک بشکێنین."

کوڕەکە چووە ژوورەکەی و پاڵ کەوت و دەستی بە یاریکردن بە مۆبایلەکەی کرد."

**لویس** گوتی: "پێم باشە ئەمشەویش نەیەم."

"ڕاستە، ڕەنگە سبەی شەو باشتر بێت. ئەمڕۆمان باش بەڕێ کرد، وانییە؟"

"بۆ من زۆر باش بوو. بەڵام نازانم چی لە مێشکی ئەو کوڕە بچووکەدا دەگوزەرێ. دوورکەوتنەوە لە ماڵ شتێکی ئاسان نییە."

"با بزانین سبەی چی دەبێ."

شەو، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر بێدار مایەوە و خەوی لێ نەکەوت، لە جێگەکەی هاتە دەرەوە و چوو مۆبایلەکەی هێنا و پەیوەندیی کرد بە دایکییەوە لە *کالیفۆرنیا*، بەڵام دایکی وەڵامی نەدایەوە. بۆیە پەیامێکی بۆ بەجێ هێشت.

"دایە، تـۆ لە کوێیـت؟ کەی دەگەڕێیـتەوە؟ مـن لە مـاڵی نەنەم. دەمەوێ بێم بۆ لات. پەیوەندیم پێوە بکە دایە."
تەلەفۆنەکەی داخستەوە و پەیوەندیی کرد بە باوکیەوە. پێش ئەوەی کوڕەکە پەیامی بۆ جێ بهێڵێت، **جین** وەڵامی دایەوە.
"**جەیمی**؟ ئەوە تۆیت؟"
"باوە، کەی دێی بەدوامدا؟"
"بۆ؟ چی بووە؟"
"دەمەوێ لەگەڵ تۆ بم."
"پێویستە ماوەیەک لەگەڵ نەنکت بمێنیتەوە. من هەموو ڕۆژێک دەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵ بچمە دەرەوە. بیرتە قسەمان لەسەر ئەمە کرد."
"دەمەوێ بێمەوە بۆ ماڵێ."
"ئێستا ناتوانیت کوڕم. دواتر، کە خوێندنگە کرایەوە."
"ئاخر ئەوە زۆری ماوە."
"شتەکان باشتر دەبن. کاتێکی خۆش بەسەر دەبەیت؟ ئەمڕۆ چیت کرد؟"
"هیچ."
"هیچ؟ هیچت نەکرد؟"
"بێچوەمشکمان بینی."
"لە کوێ؟"
"لە ماڵی **لویس**."
"**لویس وەتەرس**؟ بۆ ئەوێ چووی؟"
"لە گەنجینە بچووکەکەی. جارێ زۆر بچووکن. هێشتا چاوانیان نەکراونەتەوە."

"دەستیان لێ نەدەی."
"دەستم لێ نەدان."
"لەگەڵ نەنکت چووی؟"
"بەڵێ. دواتر نانی نیوەڕۆمان خوارد.""
"ئەوە لە شتێکی زۆر باش دەچێ."
"بەلام دەمەوێ لەگەڵ تۆ بم."
"دەزانم. ئەمە زۆر ناخایەنێ."
"دایکم وەلامی پەیوەندییەکەمی نەدایەوە."
"پەیوەندیت پێوە کرد؟"
"ئا."
"کەی؟"
"ئێستا."
"درەنگە، ڕەنگە خەوتبێت."
"بەلام تۆ وەلامت دایەوە."
"منیش خەوتبووم. بە زەنگەکەی تۆ خەبەرم بووەوە."
"ڕەنگە لەگەڵ کەسێکی تر بۆ دەرەوە چووبێ."
"ڕەنگە. ئێستا پێویستە تەلەفۆنەکەت دابخەیتەوە و بچیت بخەویت. بەم نزیکانە قسە دەکەینەوە."
"سبەی؟"
"بەڵێ. شەو شاد."
تەلەفۆنەکەی داخستەوە و خستیەوە سەر کانتۆرەکە، وەک چۆن نەنکی دایدەنا. بەلام شەو خەبەری بووەوە و ترسا و بە گریانەوە چوو بۆ ژوورەکەی نەنکی.

# هەژدە

بەشـێکی ئەو شـەوە لەگەڵ **ئـادی** خەوت. بەیـانی، نـانی بەیانییـان خـوارد و دواتـر کـوڕەکە بە تەنیـا چـوو بـۆ ماڵەکەی **لویس** و لە دەرگەکەی پێشەوەی دا.

"جارێکی تریش بەخێر بێیتەوە بچکۆل گیان. نەنکت لە کوێیە؟"

"پێی گوتم کە دەتوانم بێم بۆ بینینت. پێی گوتم کە پێت بڵێم بۆ نانی نیوەڕۆ لە ماڵی ئەو بیت."

"زۆر باشە. دەتەوێ چی بکەیت؟"

"دەتوانم بێچووەمشکەکان ببینم؟"

"'بـا قاپوقاچاخەکـان بـخەمە شـوێنی خۆیـان و کڵاوێـک بهێنم. تۆش پێویستت بە کڵاوێکە. هەتاوەکە زۆر بەتینە، پیویستت بە کڵاوێک دەبێ. کڵاوت هەیە؟"

"لە ماڵێ جێم هێشتووە."

"کەواتە باشتر وایە دانەیەکت بۆ پەیدا بکەین."

بۆ گەنجینەی باخەکەی پشتەوە چوونە دەرەوە. **لویس** سەری کولانەکەی لا برد، دایکە مشکەکە یەکسەر هەڵهات. بێچووە بچووکەکانیش بەسەر یەکدا دەکەوتن و دەیانزیکاند. کورەکە چەمایەوە و سەری بردە پێشەوە، بۆ ئەوەی سەیریان بکات.

"دەتوانم دەست لە دانەیەکیان بدەم؟"

"هێشتا نا. ئەوان زۆر بچووکن. ڕەنگە هەفتەیەکی تر بتوانیت."

کەمێک سەیری بێچووەمشکەکانیان کرد. یەکێکیان بە قەراغی کولانەکەدا هەڵگەڕا و دەموچاوە نابیناکەی بەرز کردەوە.

"ئەوە چی دەکات؟"

"نازانم. ڕەنگە پێبکەنێت. هێشتا ناتوانێ هیچ ببینێ. باشتر وایە سەرەکەیان بنێینەوە."

"دەتوانم بەیانییش بیانبینمەوە؟"

"بەڵێ. بەڵام نابێ بەبێ من بۆ ئێرە بێی."

لە باخچەکە دەستیان بە ئیشکردن کردەوە. بژارکردنی چیمەنە زیادەکان و ئاودانی تۆو و دەوەنەکان و ژێر قەدی تەماتەکان. نیوەڕۆ چوون بۆ ماڵی **ئادی** و نانی نیوەڕۆیان خوارد. کاتێک کوڕەکە بۆ ئەوەی یاری بە مۆبایلەکەی بکات چووە سەرەوە، **ئادی** گوتی: "پێم وابێ ئەمشەو دەتوانی بێیت."

"هێشتا زوو نییە؟"

"نەخێر، ئەو تۆی بەدڵە."

"زۆر قسە ناکات."

"بەڵام دەزانـــــی چـــۆن دەتبینـــــێ، ئەو لە ئێســـــتادا هەڵتدەسەنگێنێت و تۆشی زۆر بەدڵە."

"هەست دەکەم لە ئێستادا ئەمە بۆ ئەو زۆر قورسە."

"وایە، بەڵام تۆ زۆر هاوکارمیت، پێی دەزانم."

"من چێژ لەوە دەبینم."

"کەواتە ئەمشەو دێی؟"

"هەوڵێک دەدەین."

کە تاریک بوو، **لویس** ڕۆیشت. لە بەردەم دەرگەکە بە **ئادی** گەیشت.

"لە سەرەوەیە، پێم گوت کە ڕەنگە تۆ بێیت."

"ئەوەی چۆن وەرگرت؟"

"ویستی بزانێ کەی دێی. ویستیشی بزانێ بۆ دێی."

**لویس** پێکەنی.

"بریا گوێم لەو قسانە بوایە. تۆ چیت گوت؟"

"پێم گوت کە تۆ هاوڕێیەکی باشیت، جارجار دێیت و پێکەوە ڕادەکشێین و قسە دەکەین."

"ئێ خۆ ئەوە درۆ نییە."

لە چێشتخانەکە، **لویس** بتڵە بیرەکەی و **ئادی**یش پێکە شەرابەکەی خواردەوە. پاشان پێکەوە چوونە سەرەوە بۆ ژووری کوڕەکە. یاریی بە مۆبایلەکە دەکرد. **ئادی** لێی وەرگرت و خستیە سەر کانتۆرەکە و دەستی بە خوێندنەوە کرد بۆی. **لویس**یش لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو. دواتر گڵۆپەکەیان بە پێکراوی و دەرگەکەیان

به کراوەیی جێ هێشت و چوون بۆ ژوورەکەی **ئادی**. **لویس** لە گەرماوەکە خۆی گۆڕی و چووە جێخەوەکەوە. دەستلەناودەست هەندێ قسەیان کرد و پاشان خەو بردنیەوە. لە نیوەشەودا منداڵەکە بەدەم هاوارکردن و گریانەوە خەبەری بووەوە و ئەوانیش بە پەلە بۆ ژوورەکەی چوون. چاوەکانی ترسیان لێ دەباری.

"چی بووە باوانم، خەونی ناخۆشت بینی؟"

ئەو هەر دەگریا، **لویس** کردیە باوەش و بردیە ژوورەکەی تر و لە ناوەڕاستی جێخەوەکەدا، لە بەینی خۆیاندا جێیان کردەوە.

"هیچ نییە کورِم، ئێمە هەردووکمان لێرەین. دەتوانی کەمێک لەگەڵ ئێمە بخەویت. ئێمە لەملاولاتەوە دەخەوین."

سەیرێکی **ئادی**ی کرد.

"تۆ لە ناوەڕاستمان بیت، دەبین بە گرووپێکی بچووک."

لە جێخەوەکەدا بوو، **ئادی** هەستا و لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

"نەنە بۆ کوێ دەچێت؟"

"تا تەوالێت دەچێ و ئێستا دێتەوە."

**ئادی** گەڕایەوە و لە لاکەی تر ڕاکشا.

"ئێستا دەمەوێ ڕووناکییەکە بکوژێنمەوە، بەڵام هەمومان لێرەین."

**لویس** دەستی کوڕەکەی گرت. هەرسێکیان لە تاریکیدا بوون.
**لویس** گوتی: "تاریکییەکی خۆشە. خەمی هیچمان نییە. هەموو شتێ باشە. هیچ شتێ نیە تا لێی بترسیت." بە دەنگی نزم دەستی بە گۆرانیگوتن کرد. دەنگێکی نێرانە و خۆشی هەبوو. گۆرانیی *کەسێک لەگەڵ دینادا چێشتخانەکەدایەی* بۆ گوت. دواتریش گۆرانیی *لە خوارەوەی ناو دۆڵەکەدای* بۆ گوت. کوڕەکە ئارام بووەوە و خەوی لێ کەوت.
**ئادی** گوتی: "پێشتر گوێم لێت نەبووە گۆرانی بڵێی."
"هەمیشە گۆرانیم بۆ **هۆڵی** دەگوت."
"هەرگیز گۆرانیت بۆ من نەگوتووە."
"نامەوێ بتترسێنم و ڕاوتبنێم."
"زۆر جوانە! هەندێ جار تۆ پیاوێکی زۆر جوانیت."
"پێم وابێ دەبێ هەموو شەوەکان بەم جۆرە بمێنینەوە و جوانییەکەمان بەسەر هەموو شەوەکاندا دابەش بکەین."
"زۆر باش بیرت لێ دەکەمەوە."
"بیرکردنەوەکانت زۆر ئیرۆتیکی نەبن، چونکە ئەوکات ڕەنگە شتەکان بشێوێنێت."
"ئەوە لێگەڕێ بۆ خۆم، خۆم دەزانم چۆن بیرت لێ دەکەمەوە."

# نۆزدە

لە ئێوارەیەکی هاویندا، **لویس**، **ئادی** و **جەیمی** و **ڕۆزی** بە ئوتۆمبیلەکەی برد بۆ *شاتوک کافێ* لەسەر شارێکە، بۆ هەمبەرگرخواردن. ژنە بەتەمەنەکە لە پێشەوە سوار ببوو، لە تەنیشت **لویس**. **ئادی** و کوڕەکەش لە دواوە. کچێکی گەنج داواکارییەکانیانی وەرگرت و ڕۆیشت. پاشان بە هەمبەرگر و خواردن و سەرکۆشەکانیشەوە گەڕایەوە. لە ناو ئوتۆمبیلەکەدا نانیان خوارد. شارێکە لە پشتیانەوە بوو، بۆیە زۆریان لێوە دیار نەبوو. تەنها باخچەی پشتەوەی ماڵێکی ڕەساسی، لە پشتەوەی گەراجێک. کە تەواو بوون، **لویس** گوتی: "باشتر وایە هەندێ بیرەی سۆدە پەیدا بکەین و لەگەڵ خۆمان بیبەین."

**ڕۆز** گوتی: "بۆ کوێمان دەبەی؟"

"پێم خۆشە بچین تەماشای سۆفتبۆڵ بکەین."

"ئاها! نا! سی ساڵ دەبێ نەچووم."

"کەواتە ئێستا کاتی هاتووە." **لویس** وای گوت و چوو چوار خواردنەوەی داوا کرد و پێی بۆ گۆڕەپانی یارییەکە پێدا نا، کە دەکەوتە دەرەوەی شارۆچکەکە، پشتی خوێندنگە دواناوەندییەکە و ئوتۆمبیلەکەی لە ژێر ڕووناکیی گڵۆپە گەورە بەرزە درەوشاوەکانی کێڵگەکەدا وەستاند، لە نزیک تەلبەندی یاریگەکە. بە جۆرێک، ئوتۆمبیلەکە ڕووی دەکردە ناو یاریگەکە و ناو گۆڕەپانەکەیان لێوە دیار بوو.

"من و **جەیمی** دەچین کەمێک لەسەر کورسیی ناو یاریگەکەوە سەیری یارییەکە دەکەین."

**ئادی** گوتی: "کەواتە منیش دێم لە پێشەوە لەگەڵ **ڕۆز** دادەنیشم. دەتوانین قسە بکەین و سەیری یارییەکەش بکەین."

**لویس** و **جەیمی** خواردنەوەکەی خۆیان برد و بە ناو ئوتۆمبیلەکانی تردا بۆ پشتەوە ڕۆیشتن، تا لای پەرژینە زنجیرەکە. دواتر بە کورسییە تەختەکاندا سەرکەوتن و نزیک *هۆم پلەیت* دانیشتن. خەڵکی سڵاویان لە **لویس** دەکرد و دەربارەی کوڕەکەش پرسیاریان لێ کرد. ئەویش لە وەڵامدا گوتی: "ئەمە کوڕەزای **ئادی مۆرە**. وردەوردە تێکەڵ دەبین و دەبین بە ئاشنای یەکتر." لە پشتی کۆمەڵێک خوێندکاری دواناوەندییەوە دانیشتن. کچانی شارۆچکەکە، لەگەڵ کچانی شارۆچکەیەکی نزیکدا یارییان دەکرد و تیشێرتی سوور و شۆڕتی سپییان پۆشیبوو. لە ناو ئەو چیمەنە سەوز و لە ژێر

تیشـــکی ئەو بلاجگتـــۆرانەدا، زۆر جـــوان و کەشـــخە دەردەکەوتـن. هەمـوو دەسـت و قاچیـان لە بەر تیشـکی خۆر سوتابوون. کچانی خۆمـان بە چوار خول لە پێش بوون. لەوە نەدەچوو کوڕەکە هیچ زانیـارییەکی لەسـەر یــارییەکە هەبــێ، بــۆیە **لــویس** کەوتە ڕونکــردنەوەی. هەرچییەکـی بزانیـایە کە کـوڕەکە توانــای تێگەیشــتنی هەیە، بۆی باس دەکرد.

**لویس** گوتی: "تا ئێستا یاریت بەو تۆپە کردووە."

"نەخێر."

"دەستکێشت هەیە؟"

"نازانم."

"دەزانی دەستکێشی سۆفتبۆڵ چۆنە؟"

"نا."

"ئەوە دەبینیت لە دەستی ئەو کچانەدا؟ ئەوە دەستکێشی سۆفتبۆڵە."

کەمێکی تر تەماشایان کرد و کچانی خۆمان سێ خولی دیـکە پـێش کەوتـن. خەڵکـی نـاو یـاریگەکە لە خۆشـیدا هاواریان دەکرد و دەیانقیژاند. **لویس** هاواری بۆ یەکێک لە یاریزانەکــانی نــاو یــاریگەکە کــرد و یــاریزانەکەش سەری بەرز کردەوە و دەستێکی بۆ **لویس** ڕاوەشاند.

"ئەوە کێیە؟"

"خوێندکاری خۆم بوو، **دێی ڕۆبێرت**. کچێکی ژیر بوو."

**ئادی** و **ڕۆز** جامی ئوتۆمبیلەکەیان هێنابووە خوارەوە.
**ئادی** گوتی: "پێویستت بە ڕۆیشتن بۆ فرۆشگەکە نییە؟"
"نەخێر. هیچم پێویست نییە."
"هەرکات پێویستت بوو، پێم بڵێ."
"هەمیشە وام کردووە."
"دەترسم پێم نەڵێی."
"تەنها ئەوەیە کە من چیتر زۆر ناخۆم، بەڵام زۆریش برسیم نابێ. ئەوە گرنگ نییە."
تەماشای یارییەکەیان دەکرد و هەر کاتێکیش کچانی **هۆڵت** خاڵیان دەگرت، **ئادی** دەستی بە هۆڕینلێدان دەکرد.
**ڕۆز** گوتی: "دەزانم **لویس** ئێستاش بۆ لات دێ. بەیانیان دەیبینم کە بۆ ماڵێ دەچێتەوە."
"بڕیارمان دا و پێمان وایە ئاساییە. ئەگەرچی **جەیمی**یش لێرەیە."
"بەڵێ، منداڵان دەتوانن لەگەڵ هەموو شتێکدا خۆیان بگونجێنن. ئیشێکی باشتان کردووە."
"نازانم ئازاری دەدەین یان نا، ئێمە هیچ ناکەین ئەگەر مەبەستت ئەوە بێت."
"نا، مەبەستم ئەوە نەبوو."
"بە هەرحاڵ، ئێمە هیچ ناکەین. تا ئێستا هیچمان نەکردووە."
"بیرێکی لێ بکەرەوە، تۆ وەک من پیر نیت."

**لـویس** و **جەیمـی** لە کورسـییەکان هـاتنە خـوارەوە و قوتووەکانیـان خسـتە نـاو بەرمیلێکـی زبـڵەوە و بـۆ لای ئوتۆمبیلەکە گەڕانەوە. **ئادی** چووەوە دوای ئوتـۆمبیلەکە و بـۆ شـەقامی *سـیدار* بەڕێ کەوتـنەوە. **لـویس ڕۆزی** گەیاندە بەردەم دەرگەی پێشەوەی ماڵەکەی و یارمەتیی دا. دواتر چووەوە مـاڵەکەی خـۆی و لە کۆتاییشـدا چوو بـۆ مـاڵی **ئـادی**. **جەیمـی** لە ناوەڕاسـتی جـێخەوەکەی **ئادی**دا خەوی لێ کەوتبوو.

**ئادی** گوتی: "سوپاس بۆ ئەمشەو."

"دەزانی، پێشتر هەرگیز ئەو یارییەی نەکردووە."

"نەخێـر. بەڵام باوکیشـی هەرگیـز گرنگیـی بە هـیچ وەرزشێک نەدەدا."

'پـێم وابـێ هەمـوو کوڕێـک ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر یـاریی کەچی کردووە."

"من زۆر ماندووم، دەچمە نـاو جێخەوەکە. دەتوانی ئەم قسـانەم لە جـێخەوەکەدا، لەو تـاریکییەکەدا بـۆ تەواو بکەیـت. ئەمشـەو زۆر شـەکەتم. ئەم هەمـوو دڵخۆشـییە زۆرە بۆ شەوێک. زۆر ماندووی کردووم."

## بیست

ڕۆژی دواتر، **لویس جەیمی**ی بۆ فرۆشگە گەورەکەی *هۆڵت* لە شەقامی سەرەکی برد و دەستکێشێکی چەرمی بۆ کڕی. دوو دانەش بۆ خۆی و **ئادی** و سێ تۆپی ڕەق و دارێکیشی کڕی. لای کاشێرەکە داوای لە **جەیمی** کرد کاسکێتێک لەسەر ڕەفەکە هەڵبژێرێ و ئەویش دانەیەکی ڕەش و مۆری هەڵبژارد و کاشێرەکە کاسکێتەکەی لە پشتەوە بۆ بچووک کردەوە و کوڕەکە کردیە سەری و هێنایە خوارەوە و سەری بەرز کردەوە و بە ڕوخسارێکی جیدییەوە، سەیری کردن.

**لویس** گوتی: "لای منەوە لە باش دەچێت."

پیاوەکە گوتی: "ئەو کاسکێتە ناهێڵێت لە ژێر ئەم هەتاوە بەهێزەدا بسووتێی." ناوی **ڕوودی** بوو، **لویس** چەند ساڵێک بوو دەیناسی. سەیر بوو کە هێشتا کاری دەکرد. تەنانەت سەیریش بوو کە هێشتا لە ژیاندا مابوو. دوکاندارەکەی پێشوو، پیاوێکی باڵابەرز بوو،

ناوی **بۆب** بوو. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا کۆچی دوایی کردبوو. خاوەنی فرۆشگەکەش، کە ژنێک بوو، دوای کۆچی دایکی بۆ ڤێنڤێر گەڕابووەوە.

گەڕانەوە بۆ ماڵی **لویس** و **لویس**یش فێری کرد چۆن بە شێوەیەکی دروست بۆ گرتنەوەی تۆپ، دەستکێشەکەی لەدەست بکات. پاشان چوون لە سێبەری نێوان ماڵەکەی **ڕۆز** و **ئادی**دا یاری کەچیان کرد. سەرەتا کوڕەکە لەو یارییەدا هیچ باش نەبوو، بەڵام پاش کەمێک یاریکردن، تۆزێک باشتر بوو. دواتر ویستی خۆی بە دارەکە لە تۆپەکە بدا. لە کۆتاییدا توانیی لە تۆپێک بدا و بەوەش **لویس** زۆر ستاییشی کرد و کەمێکی تر یارییان کرد و پاشان هەندێکی تر یاریی کەچیان کرد و کوڕەکە ئێستا زۆر باشتر ببوو.

**ئادی** لە ماڵەکە هاتە دەرەوە و سەیری کردن.

"نانی نیوەڕۆم ئامادە کردوە. ئەوە چییە پێت؟ دەستکێشی بەیسبۆڵە؟"

"ئەم کاسکێتە تازەیەشم هەیە."

"دەیبینم. ئەی سوپاسی **لویس**ت کرد؟"

"نەخێر."

"پێت وانییە باشتر وایە سوپاسی بکەیت؟"

"سوپاس، **لویس**."

"شایەنی نییە."

**جەیمی** گوتی: "دەستکێشمان بۆ تۆش هێناوە."

"ئۆها! من نازانم یاری بکەم."

"دەبێ فێر بیت نەنە، ئەها من فێر بووم."
ئەو شـــــەوە، دوای ئەوەی کە **جەیمـــــی** لە نێـــــوان هەردووکیانــدا لەســـەر جـێخەوەکە خەوی لــێ کەوت، **لویس** گوتی: "ئەم کوڕە پێویستی بە سەگێکە."
"چی وات لێ دەکات بەو جۆرە بیر بکەیتەوە؟"
"پێویسـتی بە کەسـێک یـان شـتێکە یـاریی لەگەڵ بکـات، بـێجگە لە مۆبـایلەکەی و پیرێـژن و پیرەمێردێـک، کە بە لەرزەلەرزەوە دێن و دەچن."
"زۆر زۆر سوپاس."
"من بەڕاستمە، ئەو پێویسـتی بە سـەگێکە. بـۆچی سـبەی نەچـین بـۆ *فیلیپپس* و سـەرێک لە شـێڵتەری ئاژەڵەکـان نەدەین؟"
"نامەوێ بێچووەسەگێکم لە دەور بێت. من هێز و توانام نییە بۆ بێچوویەک."
"سـەگێکی گەورە نـا، دانەیەک کە لە ماڵـدا ڕاهێنـانی پـێ کرابێت. سەگێکی جوانی بچکۆلانە."
"نازانم. پێم وانییە بمەوێت ئەوەندە خۆم ماندوو بکەم."
"لە ماڵەکەی خۆم دەیهێڵمەوە. **جەیمی** دەتوانێت بێت و لەوێ پێکەوە یاری بکەن."
"دەتەوێ سـەگێک هەمیشـە لە مـاڵەکەت بێـت؟ بەڕاسـتی بەمە سەرسامت کردم!"
"ئاســـاییە بەلامەوە. مــــاوەیەکی زۆر بەســــەر ئەوەدا تێپەڕیوە کە من سەگم هەبووبێت."

"پێم وابێ ئەوە ئارەزووی خۆتە، بەڵام من بوومایە بیرم لە شتی وا نەدەکردەوە."
دوای نانی بەیانی، بە ئوتومبیلەکە بەسەر شەقامە قیرتاوەکەی شارێکەدا بەرەو باکووری *هۆڵت* کەوتنە ڕێ و کێڵگەکانیان تێپەڕاند، کە لە لایەک ئاوپرژێنی گەورە گەنمەشامییەکانی ئاو دەدا و لە لایەک مەزرایەکی وشکی گەورەی گەنم بوو و دواتر بەرەو ڕۆژئاوا و بۆ ڕێد *ویلۆ* ڕۆیشتن و خوێندنگەی شارۆچکەکەیان تێپەڕاند و جارێکی تر بە لای باکووردا پێچیان کردەوە و بەرەو دۆڵی *پلات ڕیڤە*ردا بە لای ئاوەکەدا ڕۆیشتن و گەیشتنە شارۆچکەی *فیلیپس.* شێڵتەری ئاژەڵەکان دەکەوتە کۆتایی شارۆچکەکەوە. کچێک لە بەردەم مێزەکەدا بوو، پێیان گوت کە سەگێکی کەمێک بەتەمەنیان دەوێ.
"زۆرمان لەو جۆرە لایە کە ئێوە دەتانەوێ، لە هەموو جۆرەکانی ترمان زیاتر لایە. هیچ شتێکی دیاریکراوتان لە زەیندایە؟"
"نەخێر، تەنها سەگێکمان دەوێ کە زۆر شێت و هار نەبێ و هەموو ڕۆژێ بە وەڕین و حەپەحەپ مێشکمان نەبا."
"کەواتە دانەیەکتان بۆ ئەم کوڕە دەوێ، تا یاریی لەگەڵ بکات. وەرن با سەیرێک بکەین، بزانین چیمان لایە."
بە لەشگرانییەکەوە هەستا و بۆ ژوورەکەی پشتەوە، بە ناو ئۆفیسەکەدا پێشیان کەوت. هەر کە دەرگەکەی

کردەوە، هەموو سەگەکان لە قەفەزەکانیانەوە دەستیان بە وەڕین و جووڵەجووڵ کرد. وەڕینەکانیان و دەنگی بەرزی پێکداکێشانی تەلی قەفەزاکان هێندە بەرز بوون، بە ئەستەم گوێت لە بەرانبەرەکەت دەبوو چی دەڵێت. ئەوان چوونە ژوورەوە و خاتوونەکە دەرگەکەی لە دواوە داخستەوە. لە هەردوو لای ڕێڕەوەکە، هەمووی قەفەز بوو و هەر قەفەزێکیش دوو سەگی تێدا بوو. ژوورەکە بۆنێکی ناخۆشی لێ دەهات. ئەرزەکە چیمەنتۆ کرابوو و جام بۆ ئاوخواردنەوەیان دانرابوو و فەرش و بەڕەی بچووکیان بۆ ڕاخرابوو، تا لەسەری پاڵ بکەون.

"ئێستا جێتان دێڵم، بە ئارەزووی خۆتان بگەڕێن. هەر کامێکتان بەدڵ بوو و ویستتان بیبینن و تاقیی بکەنەوە، ئاگەدارم بکەن."

"دەتوانین بیشیبەینە دەرەوە؟"

"بەڵێ. بەڵام دەبێ قاییشێک بکەنە ملی. ئەمە قاییشێکە، بە دەرگەکەوە هەڵواسراوە."

خاتوونەکە بەجێی هێشتن و ئەوانیش گەڕانەوە بۆ لای قەفەزەکان و یەکیەک سەیری هەموویانیان کرد. هەموو جۆر و ڕەنگەکانی سەگی لێ بوو. کوڕەکە لە وەڕینی بەرزی سەگەکان دەترسا، بۆیە لە نزیک **لویس**ەوە دەڕۆیشت، لە ڕاڕەوەکەدا. لەوسەرەوە گەڕانەوە و دیسان تەماشای سەگەکانیان کردەوە.

"هیچیانت بەدڵ نەبوو؟"

"نازانم."

**ئادی** گوتی: "ئەمە چۆنە؟" ئاماژەی بۆ دانەیەکی ڕەش و سپی کرد، کە شتێک کرابوو بە قاچی ڕاستی پێشەوەی، شتێک وەک باندیج یان تیوبێکی پلاستیک وا بوو. "لە باش دەچێت."

**جەیمی** گوتی: "ئەوە چییە بە قاچیەوە؟"

"نازانم. دەتوانین پرسیار لە خاتوونەکە بکەین. لەوانەیە شتێک بێ بۆ پاراستنی قاچی."

**لویس** لە تەلەکەوە پەنجەکانی کردە ناو قەفەزەکەوە. سەگەکە بۆنی سەری پەنجەکانی کرد و دەستی بە لێسانەوەیان کرد. "با بیبەینە دەرەوە." دەرگەی قەفەزەکەی کردەوە و قاییشەکەی کردە ملی و تەوقەکەی داخست و دەرگەی قەفەزەکەی لەسەر سەگەکەی تر داخست، تا نەیەتە دەرەوە. بە ئاسانی و بێ کێشە سەگەکەیان بۆ ئۆفیسەکە بردە دەرەوە.

خاتوونەکە گوتی: "دانەکتان هەڵبژارد."

**لویس** گوتی: "ڕەنگە. ئەم سەگە مێینەیەمان بەدڵە، بەڵام دەمانەوێ بیبەینە دەرەوە تا بزانین ئەگەر دوور بێت لە سەگەکانی تر، چۆن مامەڵە دەکات."

"پێویستە لەم گەراجی ئوتۆمبیلە زیاتر دوور نەکەونەوە."

چوونە دەرەوە و بە گەراجەکەدا، بە ناو ئوتۆمبیلە پارککراوەکاندا و بەسەر شۆستە پیس و پڕ لە گژوگیاکەدا بۆ ئەوسەر چوون. سەگەکە یەکسەر خۆی کشاندەوە. **لویس** گوتی: "ئافەرین سەگی باش،

چاوەڕێی کرد تا هاتینە دەرەوە بۆ ناو ئەم پیسییە. **جەیمی**، دەتەوێ بیبەیت بۆ پیاسەیەک؟"

**ئادی** گوتی: "با سەرەتا دەستی لێ بدەین."

هەمو دانەوینەوە و سەگەکەش لەسەر دوو قاچی دواوەی دانیشت. کوڕەکە دەستی هێنا بە سەگەکەدا و ئەویش سەیری کوڕەکەی دەکرد.

"دەتەوێ تاقیی بکەیتەوە؟ ئێمە لێرە لەگەڵت دەبین."

"دڵنیایت ئەو باشە؟ ئەی قاچی چییەتی؟"

"دوایی لە ژنەکەی ژوورەوە دەپرسین."

لە کاتی ڕۆیشتندا کەمێک دەشەلی، بەڵام پێ نەدەچوو ئازارێکی زۆری هەبێت.

**جەیمی** قاییشەکەی گرت و دەستی بە پیاسەکردن کرد و سەگەکەش بە تەنیشتیەوە کەوتە ڕێ. **لویس** و کوڕەکە و سەگەکە بە دەوری ئوتۆمبیلە پارککراوەکاندا، لەسەر گەراجە کۆنکرێتکراوەکە فڕەیەکیان لێ دا. دواتر **لویس** گوتی: "دەتەوێ بە تەنیا بیبەیت و فڕەیەک لێ بدەن؟" کوڕەکە و سەگەکە بە تەنیا چوون و فڕەیەکی تریان لێ دا. هەستیان کرد کورەکە ئەو سەگەی بەدڵە، بۆیە چوونەوە ژوورەوە. سەگەکە هەر دەشەلی، قاچی ڕاستی تەواو نەبوو. ژنەکە پێی گوتن: "کەسێک ئەو سەگەی لە ناو بەفردا، لە حەوشە کۆنکرێتییەکەی پشتەوە بەستووەتەوە و جێی هێشتوە و ئەویش قاچی ڕاستی لە سەرمادا ڕەق بووەتەوە. ناچار دکتۆرە ڤێتەرنەرییەکان قاچیان بڕییەوە و ئەو تیوبە

پلاستیکەیان بە لەزگە بە قاچیەوە بەست. ئەگەر لەماڵدا بێت، دەتوانن لە قاچی دایبکەنن. تەنها ئەو کاتانە لە پێی بیکەنەوە، کە دەیبەنە دەرەوە." ژنەکە فێری کردن چۆن دایبکەنن و چۆن بیکەنەوە پێی.

**لویس** گوتی: "تەمەنی چەندە؟"

"پێم وابێ پێنج ساڵە."

**لویس** گوتی: "پێم باشە بیبەین و ماوەیەک لامان بێت و تاقیی بکەینەوە. ئەگەر نەمانویست، دەیهێنینەوە."

"ئێمە حەز دەکەین خەڵک هەوڵێکی باشیان لەگەڵ بدا. زوو ماندوو نەبن و تاقەتتان بچێت."

"وا دەکەین. بەڵام دەمەوێ بزانم ئەگەر نەمانویست دەتوانین بیهێنینەوە؟"

"بەڵێ. دەتوانن."

**لویس** پارەکەی دا و کاغەزەکانی کۆ کردەوە و دیکیۆمێنتی چارەسەر و دەرمانەکانی هەڵگرت و چوون بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە و **جەیمی** لە دواوە سوار بوو و **لویس** سەگەکەی لە تەنیشتیەوە دانا و لە شارۆچکەکەوە بەرە و شارێکە و لەوێشەوە بۆ ماڵەوە کەوتنە رێ. دوای کەمێک، سەگەکە سەری خستە سەر رانی **جەیمی** و چاوەکانی داخستن و **جەیمی**یش دەستی پێدا دەهێنا. **ئادی** ئاماژەیەکی بە **لویس** دا تا سەیرێکی دواوە بکات، ئەویش ئاوێنەکەی بۆ سووڕاند. هەردووکیان خەو بردبوونیەوە. کە گەیشتنەوە *هۆڵت*، **لویس ئادی**ی گەیاندە ماڵێ و یارمەتیی **جەیمی**ی دا تا

لە چێشتخانەکە جێخەوێک بۆ سەگەکە ئامادە بکات.
"ناتەوێ ماڵەکەی پیشان بدەیت؟"
**جەیمی** گوتی: "من خۆیشم تا ئێستا ژوورەکانی ترم نەبینیوە."
"ئەوە ڕاستە."
لەگەڵ کوڕەکە و سەگەکەدا کەوتنە گەڕان بە ناو ماڵەکەدا و لەسەر پلیکانەکان سەگەکە چەند پلیکانەیەک پێشیان کەوت و تەنها لەسەر سێ قاچ دەڕۆیشت و قاچێکی بەرز کردبووەوە و پاشان بۆ چێشتخانەکە چوونەوە خوارەوە.
"با بزانین نەنکت هیچ شتێکی ئامادە کردووە بۆ نیوەڕۆ بیخۆین."
"ئەی سەگەکە؟"
"پێم وایە باشتر وایە ئەویش ببەین. ئەو هێشتا نوێیە، ناتوانین لێرە بە تەنیا جێی بێڵین."
کوڕەکە قاییشی سەگەکەی گرت و بە شەقامەکەدا پەڕینەوە و دراوسێکانیان تێپەڕاند و لە دەرگەکەی **ئادی**یان دا و چوونە ژوورەوە.
لە چێشتخانەکە **ئادی** گوتی: "بیرت لە هیچ ناوێک کردووەتەوە بۆ سەگەکە؟ خۆ دەبێ ناوێکی هەبێ. لە شێڵتەرەکە ژنەکە بە چ ناوێک بانگی دەکرد؟"
**لویس** گوتی: "پێی دەگوت **تیپی**. بەڵام من زۆر حەزم لەو ناوە نییە."
کوڕەکە گوتی: "**بۆنی** چۆنە؟"

"ئەو ناوەت لە کوێ بیستووە؟"
"ناوی کچێکە لە پۆلەکەمان."
"ئەو کچەت بەدڵە؟"
"کەمێک."
"زۆر باشە، ئەوە ناومان نا **بۆنی**."
**ئادی** گوتی: "پێم وابێ لەگەڵ خۆیشی دەگونجێت."
**لویس** و **جەیمی** سەگەکەیان لەسەر فەرشە بچکۆلەکەی چێشتخانەکەی ماڵی **لویس** جێ هێشت و بۆ نانی ئێوارە چوون بۆ ماڵی **ئادی**. دوای نانی ئێوارە، هەموویان پێکەوە چوون تا سەرێک لە سەگەکە بدەن. لە دوورەوە گوێیان لێ بوو سەگەکە دەگریا و گلەیی دەکرد.
**ئادی** گوتی: "بۆ نایهێنن بۆ ماڵەکەی من؟ پێم وانییە نە **ڕۆز** و نە دراوسێکانی تر پێویستیان بەمە بێت."
"ئەی دواتر چی دەبێ؟"
"ئێ چاوەڕێ دەکەین بزانین لە داهاتوودا چی دەبێ."
سەگەکەیان بردەوە بۆ ماڵی **ئادی**. **ئادی** پارچە فەرشێکی کۆنی فڕێدراوی بۆ ڕاخست تا لەسەری پاڵ بکەوێت. ئەویش پاڵ کەوت و شوێنی خۆی خۆش کرد و یەکیەک تەماشای ئەوانی کرد. کوڕەکە چووە سەرەوە تا یاری بە مۆبایلەکە بکات و سەگەکەشی لەگەڵ خۆی برد. دواتر **لویس** و **ئادی** چوونە سەرەوە و پێیان گوت کە دەبێ سەگەکە لە خوارەوە، لە چێشتخانەکە بمێنێتەوە. بەڵام دوای ئەوەی کە سەگەکەیان بردە خوارەوە، دیسانەوە دەستی کردەوە

بە گریان، تا ئەو کاتەی **ئادی** گوتی: "باشە، دەی بڕۆ، دەزانم چیت دەوێ."

**لویس** گوتی: "خۆ نابێ بە درێژایی ئەمشەو گوێ لەم دەنگە بگرین."

"گوتم بڕۆ."

**لویس** بردیە بەردەم دەرگەی ژووری نوستنەکە. **جەیمی** لە لایەکی جێخەوەکەوە سەیری کرد و دانەوییەوە دەستی بە پشتی سەگەکەدا هێنا.

**لویس** گوتی: "بیرۆکەیەکی ترم بۆ هات. بۆچی لەگەڵ و **بۆنی** لە ژوورەکەی خۆت ناخەون؟ دەتوانی لای خۆت بیهێڵیتەوە."

"نازانم."

"لێرە لەگەڵت دەبێ. چیتر تۆش بە تەنیا نابیت."

هەر کە کوڕەکە چووە ناو جێخەوەکەوە، یەکسەر سەگەکەش خۆی هەڵدایە سەر جێخەوەکەی.

"قەیناکە؟"

"با تاقیی بکەینەوە. ئەگەر نەنکت قاییل بێ."

"بەڵام جارێ ڕووناکییەکان بە پێکراوی جێ بێڵە."

"باشە."

"دەرگەکەش بە کراوەیی جێ دێڵی؟"

"ئێستا بزانە خەوت لێ دەکەوێ. **بۆنی** لێرە لەگەڵت دەمێنێتەوە."

دواتر **لویس** گەڕایەوە بۆ لای جێخەوەکەی **ئادی** و خۆی خزاندە ژێر سەرچەفەکەوە.

"شتێکم پێ بڵێ."

"چی؟"

"هەر لە سەرەتاوە ئەم بیرۆکەیەت لە مێشکدا بوو؟"

**لویس** گوتی: "بریا ئەوەندە ژیر بوومایە. هیچ نەبێت ئێستا دەتوانین بە ئارامی قسە بکەین، بێ ئەوەی تەپەی پێیە بچووکەکانی کوڕەکە بمانپچڕێنێ."

**ئادی** ڕووناکییەکەی کوژاندەوە.

"کوا دەستت؟"

"ئەوەتا، لە نزیک دەستی خۆتە، وەک هەمیشە."

**ئادی** دەستی گرت: "ئێستا دەتوانین دەست بە قسەکردن بکەینەوە."

"دەتەوێ باسی چی بکەین؟"

"دەمەوێ بزانم چۆن بیر دەکەیتەوە."

"سەبارەت بە چی؟"

"سەبارەت بە لێرەبوونت. دەمەوێ بزانم لێرەبوونی شەوانت چ هەستێکی هەیە."

"باشە، خراپ نییە. ئاساییە."

"تەنها ئاساییە؟"

"دەمەوێ کەمێک گاڵتەت لەگەڵ بکەم."

"دەزانم گاڵتەت کرد. دەی، ڕاستیەکەم پێ بڵێ."

"ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆر ئارامم و چێژی لێ دەبینم. ئەگەر ئەم یەکبینینە نەبوایە، ئەوا یەکێک لە شتە هەرە جوانەکانی دونیام لەدەست دەچوو. ئەی تۆ؟"

"مـن ئەم پەیوەنـدییەمانم زۆر خـۆش دەوێ. زۆر لەوە باشـترە کە هیـوام بـۆ دەخواسـت. ئەمە وەک شـتێکی ئەفسـووناوی وایە. حەزم لە هـاوڕێیەتییەکەی نـاو ئەم پەیوەنـــدییەیە. حەزم لەو کاتـــانەیە کە پـــێکەوەین. لێرەبـــوون لە تـــاریکیی شـــەواندا، قســـەکردنەکانمان، گوێگرتن لە دەنگی هەناسەت ئەو کاتانەی خەبەر دێم."

"منیش حەزم لە هەموو ئەوانەیە."

"دەی کەواتە قسەم بۆ بکە."

"هیچ شتێکی دیاریکراوت لە زەیندایە؟"

"زیاتر باسی خۆتم بۆ بکە."

"بێزار نەبوویت لە گوێگرتن لە چیرۆکی ژیانم؟"

"هێشتا نا. کە بێزار بووم پێت دەڵێم."

"یەک خولەکم بدەرەوە با بیر بکەمەوە. دەزانـی سـەگەکە لەسەر جێخەوەکەت لەگەڵیدا دەنوێت."

"چاوەڕێی ئەوەم دەکرد."

"**بۆنی** ئەو جێخەوەت بۆ پیسپیس دەکات."

"دەیانشۆم. ئێستا قسـەم بۆ بکە. باسـی شـتێکم بـۆ بکە پێشتر گوێم لێی نەبووبێ."

## بیستویەک

"دەمویست ببم بە شاعیر. پێم وانییە لە **دایان** زیاتر کەسی تر ئەوەی زانیبێت. من لە زانکۆ وانەی ئەدەبیاتم دەخوێند و لە هەمان کاتدا بڕوانامەی وانەگوتنەوەشم بەدەست دەهێنا. بەڵام من شێتی شیعر بوم. بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەم ئەزبەر کردبوو کە دەمانخوێندن. **تی ئێس ئیلۆت، دیلان تۆماس، ئی ئی کۆمینگ، واڵت ویتمان، ئیمیلی دیکسن**... سۆنێتەکانی **شەکسپیر**، **تێنیسن**."

"هێشتا لەیادت ماون؟"

**لویس** چەند دێڕێکی سەرەتای *گۆرانیی ئەویندار*ی **جەی ئەلفرێد پروفرۆک** و چەند دێڕێکی لە شیعرەکانی **فێرن هیڵ** و چەند دێڕێکیش لە *مەرگیش هیچ دەسەڵاتێکی نابێ*ی لەبەر بۆ گوت.

"دواتر چی ڕووی دا؟"

"مەبەستت ئەوەیە بۆ لەگەڵ شیعر بەردەوام نەبووم؟"

"وا دیارە ئێستاش تامەزرۆیت."
"ڕاستە، بەڵام بەو ڕادەیەیەی جاران نا. من دەستم بە وانەگوتنەوە کرد و **هۆڵی**یش لەدایک بوو و ئیتر من کاتم نەما سەرم بخورێنم. لە هاویندا دەستم بە کاری خانووبۆیاخکردن کرد، چونکە پێویستمان بە پارە هەبوو، یان من پێم وابوو پێویستمان بە پارەیە."
"لەیادمە خانووت بۆیاخ دەکرد، لەگەڵ دوو مامۆستای هاوڕێتدا."
"**دایان** نەیدەویست کار بکات، منیش ڕازی بووم و پێشم وابوو وا بۆ **هۆڵی** گرنگە کەسێک لە ماڵێ لەگەڵی بێت. ئیتر بەو جۆرە. من بەیانیان کەمێکم دەنووسی و هەندێ جار لە کۆتایی هەفتەکانیشدا هەندێکی ترم دەنووسی. چەند شیعرێکم لە ڕۆژنامە و گۆڤاری وەرزیدا وەرگێڕان، بەڵام زۆربەی ئەو نووسینانەی کە دەمناردن، ڕەت دەکرانەوە، یان بەبێ تێبینی بۆم دەگێڕدرانەوە. ئەگەر بچووکترین تێبینیم لە ڕێنووسکارەکانەوە پێ بگەیشتایە، چەند وشەیەک یان گرێیەک، وەک پاڵنەرێک وەرمدەگرتن و بۆ چەند مانگێک کارم لەسەر دەکردن. تەماشاکردنی ڕابردوو و شیعرەکانم، شتێکی سەرسووڕهێنەر نین. هەموویان چەند دێڕێکی کەم و ناشیرین بوون. دووبارە، بەبێ ئەوەی پێویست بکات، هەموو ئاڵۆز بوون. لەیادمە لە دێڕێکدا گرێی 'iris blue'م بەکار هێنابوو. ئەمە ئاساییە، بەڵام من لێکم جیا کردنەوە و کردمن بە 'I ris blue'."

"ئەوە واتای چییە؟"
"کـێ دەزانـێ؟ یـان کـێ بەلایەوە گـرنگە بزانـێ؟ ئەو شـیعرە، کە یەکێـک بـوو لە نووسـینەکانی سـەرەتام، پیشـانی پرۆفیسـۆرێکی زانکـۆمم دا. سـەیرێکی کـرد و دواتـر کەمێـک لە منـی ڕوانـی و پاشـان گـوتی: 'سەرنجڕاکێشە. لە نووسین بەردەوام بە'. ئاها بەڕاستی جێی بەزەیی بووم!"
"بەڵام ئەگەر بەردەوام بای، ڕەنگە باشتر بوویتایە."
"ڕەنـگە. بەڵام بەو جـۆرە نەبـوو، ئەو بەهـرەیە لە منـدا نەبوو. **دایان**یش پێی خۆش نەبوو."
"بۆ پێی خۆش نەبوو؟"
"نـازانم. ڕەنـگە ئەو بە جۆرێـک لە جۆرەکـان بە شـتێکی مەترسـیداری زانیبێـت. پـێم وابـێ ئیرەیـی پـێ دەبـردن. ئیرەیی بەو کاتـانەش دەبرد کە بەوانەوە خەریک بووم و دوور دەکەوتمەوە و بە تەنیا دەبووم."
"هانی ئەو ویستەی تۆی نەدەدا تا بنووسیت."
"خۆی چاودێریکردنی **هۆلی** نەبێت، هیچ شـتێکی نەبـوو تـایبەت بە خـۆی بـێ و بیکـات. دواتـریش هەسـتەکانی خـۆی بەوە قاییـل کـرد کە لەگەڵ ئەو کـۆمەڵە ژنە کـۆ ببێتەوە و قسـەیان لەگەڵ بکـات. وەک پێشـتر بـۆم بـاس کردیت."
"بە هیوام بتوانیت دەست پێ بکەیتەوە."
"وابـزانم تەمەنـی مـن لەوە تێپەڕی کـردووە. ئێسـتا تـۆم هەیـت. دەزانـی، مـن زۆر دڵـم بەم پێکەوەبوونەمـان

خۆشـە. بەڵام ئەی تۆ؟ هەرگیـز پێت نەگوتم دەتویسـت چی بکەیت و حەزت لە چی بوو."

"دەمویســت بــبم بە مامۆســتا. لە کۆرســێکی زانکـۆ لە *لینکۆڵن* دەستم بە خوێندن کرد. بەڵام سکم لە **کۆنی** پڕ بوو، ئیتر وازم لە خوێندن هێنا. دواتر کۆرسێکی کورتم لە دەفتەرداریدا خوێند، تا یارمەتیی **کارڵ** بدەم. ئیدی یـــارمەتیی ئەوم دەدا و کـــاری دەفتەرداریيەکەشـــمم دەکرد. کاتێک **جین** چووە خوێندنگە، لە چەند ئۆفیسێکی *هۆڵـــت* بـــووم بە فەرمـــانبەر. وەک خـــۆت دەزانـــی، ماوەیەکی زۆر لەوێ مامەوە، ماوەیەکی زۆر زۆر."

"بۆ هەرگیز نەچوویتەوە بەلای مامۆستایەتییەکەتەوە؟"

"پێم وابێ من هەرگیز بۆ ئەو کارە کەسێکی گونجاو نەبووم. بە سەختییش هەوڵم بۆ نەدا. تەنها یەکێک بوو لەو کارانەی ژنان دەیانویست بیکەن، مامۆستایی یان پەرستاری. هەموو کەس ناتوانێ وەک تۆ بزانێ چیی دەوێ."

"بەڵام ئەوەم نەکــرد کە دەمویســـت. تەنهـــا هەوڵێکـــی بچووکم دا."

"بەڵام تۆ حەزت لە گوتنەوەی ئەدەبیات لە دواناوەندی بوو."

"ڕاســتە. حەزم لێــی بــوو، بەڵام ئەوە جیــاوازە. مــن لە ساڵێکدا تەنها چەند هەفتەیەک وانەی شیعرم دەگوتەوە، خۆ شیعرم نەدەنووسی. منداڵەکان هیچ گرنگییەکیان پێ نەدەدا. هەندێکیان بۆیان گرنگ بوو، بەڵام زۆربەیان نا.

ڕەنگە ئێستا بیر لە ڕابردوو بکەنەوە و ئەو **وەتەرسە** پیرەیان بێتەوە یاد، کە هەڵدەچوو و خۆی تووڕە دەکرد. کۆمەڵێک شتی پووچ و بۆگەنی دەربارەی کۆمەڵێک کەس دەگوت، کە سەد ساڵ بەر لە ئێستا چەند دێڕێکیان لەبارەی وەرزشەوانێکی گەنجی نەفرەتییەوە نووسیوە، کە ئێستا بەساڵاچووە و کورسییەک لە شارۆچکەکەدا ئەوی گرتووەتە خۆی. ئەوان بە هیچ شێوەیەک نەیاندەزانی پەیوەندییان بەم باسەوە چییە، یان وێنای ئەوە بکەن کە ئەمە بەسەر خۆیان بێت. داوام لێ کردن یەکێ شیعرێک ئەزبەر بکەن. ئەوانیش کورتترین شیعریان هەڵبژارد، کە بۆ ئەزبەرکردن ئاسان بوو. کاتێک لە پۆلدا هەستان تا شیعرەکان بڵێنەوە، هەموو لە ترسدا تۆقیبوون و زۆریش شڵەژابوون. بۆیان زۆر بێتاقەت بووم.

منداڵێک پازدە ساڵی یەکەمی ژیانی بە فێربوونی تراکتۆر و دوورینەوەی گەنم و چەورکردن و تێکەڵکردنی ئامێرەکانەوە بەسەر بردووە، کەچی ئێستا مامۆستاکەی هەر وا هەڕەمەکی داوای لێ دەکات بە دەنگی بەرز شیعریک لە بەردەم هەموو کچ و کوڕەکانی هاوڕێیدا بڵێت، کە ئەوانیش بە دوورینەوەی گەنم و لێخوڕینی تراکتۆر و بەخێوکردنی بەرازەوە گەورە بوون. ئێستا ناچار کراون بە گوتنەوەی 'Loveliest of trees, the cherry now'ەوە." وشەی lovelieslی بە دەنگێکی زۆر بەرز گوت.

**ئادی** قاقا پێکەنی.
"بەڵام ئەوە بۆ ئەوان باش بوو."
"منیش پێم وابوو، بەڵام گومانم هەیە ئەوان پێیان باش بووبێت. گومانم هەیە ئێستاش پێیان باش بێت. شتەکە تەنها ڕێز و شانازییەک بوو بۆیان، کە لە وانەی ئینگلیزیی ئەو **وەتەرس**ە پیرە دەربچن و نەجاتیان ببێ. تەنها وەک جێبەجێکردنی مەڕاسیمێکی ئاییینی تەماشان کردووە."
"تۆ لەگەڵ خۆت زۆر دڵڕەقیت و زۆر لە خۆت دەکەی."
"خوێندکارێکی کچم هەبوو، هەموو دێڕەکانی شیعرێکی **پروفرۆک**ی ئەزبەر کردبوو. بە ویستی خۆی هەڵیبژاردبوو. من تەنها داوام لێ کردن کە شتێکی کورت ئەزبەر بکەن. هێندە جوان ئەو شیعرەی گوت، من دەستم بە گریان کرد. وا دیار بوو زۆر باش دەیزانی مانای شیعرەکە چییە."
لە دەرەوەی ژووری نوستنە تاریکەکە، ڕەشەبایەک هەڵیکرد و لە پەنجەرە کراوەکەوە هاتە ژوورەوە و یاریی بە پەردەی ژوورەکە بۆ پێش و دواوە دەکرد. دواتر بارانبارین دەستی پێ کرد.
"باشتر وایە پەنجەرەکە دابخەم."
"بە تەواوەتی دایمەخە. بۆنی خۆشە، وانییە؟ ئێستا کەش لە خۆشترین ساتیدایە."
"بێگومان."

هەســـتا و پەنـــجەرەکەی دادایەوە، بەڵام کەمێکـــی بە کراوەیی جێی هێشت و چووەوە جێخەوەکە.
لە تەنیشــت یەکەوە ڕاکشــان و گوێیــان بــۆ بــارینەکە هەڵخست.
**لویس** گوتی: "کەواتە ژیانی کەسمان باش نەڕۆیشتووە، بەو جۆرە نەبووە کە پێشبینیمان کردووە."
"بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێستا و لەم ساتەدا بەختەوەرین."
"پێم وابێ زۆر لەوە بەختەوەرترم کە شایەنمە."
"ئۆهـ! تـۆ شـایەنی ئەوەیـت کە بەخـتەوەر بیـت. بـڕوات بەوە نییە؟"
"دەزانــم. بە هەر هۆکارێــک بــێ، شــتەکان بەو جــۆرە شــکانەوە کە مــن بەخــتەوەر بــم. بەتــایبەت ئەم دوو مانگەی کۆتایی."
"هێشــتا گومانــت لەبــارەی ئەوەوە هەیە، ئەمە تــا کەی بەردەوام دەبێ."
"هەمــوو شـــتەکان لە گۆڕانـــدان." جـــارێکی تـــر لە جێخەوەکە هاتە دەرەوە.
"بۆ کوێ دەچیت؟"
"دەچـــم ســـەرێکیان لـــێ دەدەم، ڕەنـــگە بە بـــارین و ڕەشەباکە ترسابێتن."
"ڕەنگە بە ڕۆیشتنی تۆ خەبەریان ببێتەوە و بترسن."
"بە بێدەنگی دەڕۆم."
"زوو وەرەوە."

کوڕەکە خەوتبوو، سەگەکە سەری لەسەر سەرینەکە بەرز کردەوە و سەیرێکی **لویس**ی کرد، دواتر ڕاکشایەوە.

**لویس** لە ژووری نوستنەکەی **ئادی** دەستی لە پەنجەرەکەوە بردە دەرەوە و بە دڵۆپەبارانی چۆڕاوەی سەر گوێسەبانەکە تەڕ بوو و گەڕایەوە بۆ ناو جێخەوەکە و دەستە تەڕەکەی لە ڕوومەتە ناسکەکەی **ئادی** دا.

## بیستودوو

جـاری داهـاتوو، کە سـەریان لە عەنبـارە بچـووکەکەی پشتی مـاڵی **لـویس** دایەوە، بێچووەکـان گەورەتـر ببوون و کەمێـک تـووکی ڕەشـیان دەرکردبـوو و چاوانیشـیان کرابـوونەوە. کاتێک **لـویس** سـەری کولانەکەی لا بـردن، بە خێرایـی بەمـلاولادا کەوتـنە جووڵەجـووڵ. دایـکەکە لەوێ نەبـوو. سـەیری مشـکە چـاو گەشـە ڕەشـەکانیان کـرد، بەو نـاوەدا دەهـاتن و دەچـوون و بەسـەر یەکـدا دەکەوتن و دەپژمین و خۆیان دەشاردەوە. **لویس** گوتی:

"خەریکە بۆ جێهێشتی لانەکەیان ئامادە دەبن."

"دواتر چی دەکەن؟"

"هەرچی دایکیان پیشانیان بدا، ئەوە دەکەن. دەگەڕێن و خواردن دەدۆزنەوە و هێلانە بۆ خۆیان دروست دەکەن و لەگەڵ مشکی تر یەک دەگرن و منداڵیان دەبێ."

"جارێکی تر نایانبینینەوە؟"

"لەوانەیە نەیـــــانبینینەوە، لەوانەشـــــە لە دەرەوە و لە باخچەکە یان لە گەراجەکە و لە تەنیشت دیوارەکان یان لە ژێر عەنبارەکەدا بیانبینین. دەبێ چاودێرییان بکەین."

"بۆچی دایکەکە هەڵهات؟ بۆ بە تەنیا جێی هێشتن؟"

"لە ئـێمە دەترسـێت. لە ئـیمە زیـاتر دەترسـێت، وەک لە جێهێشتنی منداڵەکانی."

"بەڵام خۆ ئێمە ئازاریان نادەین، وانییە؟"

"نەخێر. ئەگەرچی مـن نـامەوێ مشـک بێتە مـاڵەکەمەوە، بەڵام بەلامەوە ئاســاییە ئەگەر لێــرە بــن. بە مەرجێــک نەچنە ناو بۆنیدی ئوتۆمبیلەکەوە و وایەرەکـان نەجوون و تێکیان نەدەن."

"چۆن دەتوانن شتی وا بکەن؟"

"مشکەکان دەتوانن بچنە هەموو شوێنێکەوە."

## بیستوسێ

**ئادی** گوتی: "پێویست ناکات ئەوە بکەیت."

"بەخێـــر، پێویســـت دەکـــات. دەمەوێ ئەو چـــاکەیەت بدەمەوە کە هەموو جارێک من دەبەیتە دەرەوە."

"باشە، چی لەگەڵ خۆم بێنم؟"

"تەنها خۆت بێنە، لەگەڵ **لویس** و **جەیمی**."

دوانیوەڕۆ، لە دەرگەی پشتەوەی ماڵە کۆنەکەی **ڕۆزیان** دا. **ڕۆز** لە هەیـوانەکەوە بە جلــی مــاڵەوە و جووتێــک نەعـــل و بەروانکەیەکـــی چێشـــتلێنانەوە، دەرکەوت. دەموچاوی و ڕوومەتە لاوازەکانی بە چێشتلێنان سـوور ببـوونەوە. فەرمـووی چـوونەژوورەوەی لـێ کـردن. لە خوارەوەی پلیکانەکان، **بۆنی** نووزەنووزی بوو. "ئاها! با ئەویش بێتە ژوورەوە، هیچ کێشـەیەک دروسـت ناکـات." ســـــەگەکەش بـــــۆ ژوورەوە ســـــەرکەوت. بەرەو چێشتخانەکە دوای کەوتن. میزی نانخواردنەکەیان بینی، تەواو ئامـادە کرابـوو. چێشـتخانەکە بە هـۆی گەرمیـی

تەباخەکەوە زۆر گەرم بوو. "ویستم لێرە دابنیشین و نان بخۆین، بەڵام ئێستا زۆر گەرمە."
**لویس** لە ناو دەرگەکەدا وەستابوو. "دەتەوێ شتەکان بگوازینەوە بۆ ژووری دانیشتنەکە؟"
"ئەوە زۆر ماندووتان دەکات."
"هەموو شتەکانی ئێرە دەگوێزینەوە. ئەی ئەگەر هەندێ لە پەنجەرەکانی ئێرە بکەمەوە؟"
"لەراستیدا گومانم هەیە هەرگیز بکرێنەوە، تۆ تاقییان بکەرەوە."
بە دەڕنەفیز کەمێک لەگەڵ پەنجەرەکان خەریک بوو، تا لە کۆتاییدا دوو دانەیانی کردەوە.
"ئاها! تۆ کردتنەوە! لەڕاستیدا من هەمیشە دەڵێم پیاوان بۆ هەندێ شت بەسوودن."
**لویس** گوتی: "کچێ هەر زۆر ڕاستە."
بۆ نانی ئێوارە مەعەکەرۆنی و کاسێڕۆڵی پەنیریان خوارد بە گەڵای کاهوو و مایەنووز و فاسۆڵیای تەڕی لەقوتوونراو و نان و کەرە و چای بەستوو، کە لە قۆرییەکی کۆنی شوشەییدا ئامادە کرابوو و ئایسکرێمی *نیپۆلیتەین*یان بۆ شیری دوای نان خوارد. سەگەکەش لەسەر قاچی **جەیمی** پاڵ کەوتبوو.
دوای نانخواردن، کاتێک **لویس** و **ئادی** خەریکی کۆکردنەوە و شتنی قاپوقاچاخەکان بوون، **ڕۆز جەیمی**ی برد بۆ ژووری میوانەکە، تا وێنە و تابلۆکانی سەر دیوارەکان و سەر مێزەکەی پیشان بدا.

"سەیری ئەمە بکە. پێت وایە ئەمە کوێیە؟"
"نازانم."
"ئەمە *هۆلت*ە لە ساڵانی ١٩٢٠ەکاندا. نەوەد ساڵ بەر لە ئێستا."
کوڕەکە سەری هەڵبڕی و تەماشایەکی دەموچاوە پیرە چرچەکەی و ڕوومەتە بەقوڵاچووەکانی کرد و پاشان سەیری وێنەکەی کردەوە.
"ئۆها! من ئەو کاتە لەدایک نەببووم. من ئێجگار ئەوەندەش پیر نیم. دایکم باسی ئەم شتانەی بۆ کردم. بە درێژایی شەقامەکە سەرەکییەکە هەمووی درەخت بوو. وێنەیەکی زۆر کلاسیکیی هەبوو، هەموو شتەکان ڕێکخراو و بێدەنگ بوون. جوان بووە، وانییە؟ پیاسە و شتکڕین لەو شوێنە زۆر خۆش بووە. دواتر بوون بە خاوەنی کارەباش. کارەبا هەموو شەقامە سەرەکییەکەی ڕووناک کردووەتەوە. شەوێک، کاتێک هەموو خەڵکی شارۆچکەکە لە خەودا بوون، هەموو درەختەکانی سەر شەقامەکەیان بڕدرابوونەوە. بۆ بەیانییەکەی خەڵکەکە زانییان کە ئەنجوومەنی شارۆچکەکە بەو کارە هەستاوە. بەو بیانووەی گوایە درەختەکان لە ڕووناکبوونی شەقامەکە ڕێگر بوون و ڕووناکیی گڵۆپەکانیان گرتووە. خەڵکەکە بەمە شێت و هار بوون. هێندە شێت بوون، کە کەوتنە تفکردن. تووڕەیی دایکم تا چەند ساڵێک دوای ئەوەش هەر دانەمرکایەوە. ئەوە دایکم بوو کە هەندێ شتی لەسەر مێژووی شارۆچکەکە

پێ گوتم و ئەویش ئەم هەموو وێنەیەی پاراست. هەمیشە لە پیاو توورە بوو و هەرگیز لە باوکم خۆش نەبوو، چونکە ئەویش ئەندامی ئەنجوومەنەکە بوو."

**لویس** گوتی: "بوەستە، پیم وابێ گوتت کە ئێمە بۆ هەندێ شت بەسوودین."

"نەخێر. تۆ هێشتا لەژێر چاودێری و تاقیکردنەوەدایت. بەڵام ئەم کورە دەتوانێت جیاواز بێت. هیواشم پێیەتی، کە جیاواز دەبێ." دەموچاوی **جەیمی**ی خستە ناو دەستیەوە. "تۆ کورێکی باشیت. ئەمەت بیر نەچێت، رێگە بە کەس نەدەیت لە باش کەمترت پێ بڵێ، باشە؟ رێگە بە کەس نەدەیت."

"نەخێر، رێگە نادەم."

"زۆر باشە." دەستی لەسەر روومەتی لا برد.

**لویس** گوتی: "سوپاس بۆ ئەم نانی ئێوارەیە."

"ئازیزم، شایەنی نییە."

**لویس** و **ئادی** و **جەیمی** و سەگەکە، خۆیان بۆ رۆیشتنەوە کۆ کردەوە. شەوێکی زۆر تاریک و جوان و فێنکی هاوین بوو.

**ئادی** گوتی: "شەوێکی جوانە."

**رۆز** لە وەڵامدا گوتی: "راستە، شەوێکی جوانە. شەوتان شاد."

# بیستوچوار

بەیانییەک، کە هێشتا کەشوهەوا سارد بوو، **بۆنی**یان بردە دەرەوە تا کەمێک ڕابکات. تیوبی پارێزگارییەکەیان کردە قاچی و بە ئوتۆمبیل بەسەر شەقامە خۆڵەکەدا بەرەو ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە کەوتنە ڕێ. چەند کێڵگەیەکی پڕ لە گوڵەبەڕۆژە و بلوستیم و سۆپویدیان بینی. **جەیمی** سەگەکەی لە کورسیی دواوەی ئوتۆمبیلەکە دەرهێنا و لەزگەکەی قاچی کردەوە. **بۆنی** سەری بەرز کردەوە سەیری کرد و چاوەڕێ مایەوە.

**لویس** گوتی: "برۆ، ئێستا دەتوانی ڕابکەیت." چەپڵەیەکی لێ دا. "ڕابکە، دەی!"

**بۆنی** بازێکی دا و لە دەرەوەی کێڵگەکە دەستی بە ڕاکردن بەسەر شەقامەکەدا کرد و هەرکات پارێزەری قاچەکەی بەر بەردێک بکەوتایە، تەقەیەکی لێوە دەهات. دواتر کوڕەکەش بە ڕاکردن دوای کەوت و **لویس** و **ئادی**یش بە پیاسە بەدوایاندا ڕۆیشتن و سەیریان

دەکــــردن. لەو کـــاتەدا کە ئەوان لەوێ بـــوون، هـــیچ ئوتۆمبیلێک لەوێوە تێنەپەڕی.

**ئادی** گوتی: "پەیداکردنی ئەو سەگە بیرۆکەیەکی زۆر باش بوو."

"دڵخۆشتر لە پێشوو دیارە."

"ئەوە هۆکارێکە. جێگیربوون و ڕاهاتنیشی لەگەڵ ئێمە، هۆکارێکی تری دڵخۆشییەکەیەتی. کێ دەڵێت لەدوای گەڕانەوەی بۆ ماڵێ، ئەم دڵخۆشییەی بەردەوام دەبێ."

بە ڕاکـــردن هـــاتنەوە. کـــوڕەکە دەموچـــاوی ســـوور هەڵگەڕابوو و هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو.

کــــــوڕەکە گــــــوتی: "بینیتــــــان؟ **بــــۆنی** بە قــــاچە نەخۆشەکەشیەوە زۆر باش ڕادەکات."

سەگەکە سەیری کوڕەکەی کرد و جارێکی تر دەستیان بە ڕاکـــردن کـــردەوە. لە ناوەڕاســـتی جولایـــدا بـــوون، کەشوهەوا گەرمتر دەبوو. ئاسمان ساماڵ بوو، کێڵگەی گەنم، کە هەموو ئەو دەشتەی داگیر کردبوو، هەموو دوورابوونەوە و پووشەکان کۆ کرابوونەوە و دواتر بە لای گۆڕەپانی مەڕهەڵپاچینەکەدا تێپەڕین. کێڵگەکەی تر پـڕ لە گــوڵەبەڕۆژە بـــوو، بە خۆیـــان و قەدە ســـەوزە ڕێکەکەیانەوە. ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو، ئاسمان ساماڵ بوو.

## بیستوپێنج

لە کۆتایی مانگی جولایدا، **ڕۆز** لەگەڵ ژنێکی بەتەمەنی تردا، کە هێشتا ڕێگەی پێ دەدرا شۆفێری بکات، بۆ بانکی سەر شەقامە سەرەکییەکەوە چوون. ئەو بڕە پارەیەی کە داوای کردبوو تا ڕایبکێشێت، لە فەرمانبەرەکەی وەرگرت و خستیە ناو جزدانەکەیەوە و زنجیرەکەی داخست و وەرگەڕا تا بڕوا. تەواو ڕووی نەکردبووە دەرگەکە، کەوت و مرد. لەدوای چەندین ساڵ ژیانکردن، دواجار لەسەر کاشیی سەر ئەرزی بانکێک کەوت و لە هەناسەدان کەوت. دواتر دەیانگوت، کە ڕەنگە پێش ئەوەی بەر ئەرز بکەوێت، لە هەناسەدان کەوتبێت. ئەو ژنەی تر، دەستی خستبووە سەر دەمی و گریابوو. پەیوەندییان کرد بە ئەمبولانسەوە، بەڵام زۆر لەوە درەنگتر بوو ڕزگار بکرێ. هیچ پێویستی بەوە نەکرد ببرێت بۆ نەخۆشخانە. پزیشکی یاسایی هات و کۆچی دوایی **ڕۆزی** ڕاگەیاند و بۆ پرسەخانەکەیان لە

شەقامی بیرچ برد. لاشەکەی سووتێندرا و دوای دوو ڕۆژ، پرسەیەکی بچووکی لە کەنیسەی *پریسبیتێریان* بۆ دانرا. هاوڕێکانی زۆربەیان لە ژیاندا نەمابوون. چەند ژن و پیاوێکی بەتەمەن هاتبوون و بە خاوی، جەستە پیر و ماندووەکانیان بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشا و لەسەر کورسییە تەختەییەکان دادەنیشتن. هەندێکیان کەمێک هاتبوونە پێشەوە و چەناگە لاوازەکانیان دەخستە سەر سنگیان و کاتی خوێندنەوەی نزا و سروودە ئایینییەکان خەبەریان دەبووەوە.

**ئادی** و **لویس** لە پێشەوە دانیشتبوون. **ئادی** هەموو پرسەکەی ڕێک خستبوو و باسی **ڕۆزیشی** بۆ قەشەکە کردبوو. ئەو **ڕۆزی** نەدەناسی. لەمێژ بوو وازی لە چوون بۆ کەنیسە هێنابوو، چونکە زۆر بڕوای بەو شتە باوانە نەبوو کە خەڵکی دەیانکردن و پێی وابوو لە کەنیسەکان بە شێوەیەکی زۆر منداڵانە باسی خودا بۆ خەڵک دەکرێ.

دواتر هەموو ئەوانەی ئامادەی پرسەکە بوون، یەکیەک ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵە بێدەنگەکانیان. **ئادی** گۆزە خۆڵەمێشەکەی هەڵگرت و بردیەوە بۆ ماڵەی خۆی. لە پرسەکەوە دەرکەوت کە **ڕۆز** هیچ خزمێکی نزیکی نەبووە، تەنها یەک خوشکەزا نەبێت، کە لە باکووری *داکۆتا* دەژیا و دواتر بوو بە خاوەنی هەموو سامانەکەی. دوای هەفتەیەک، ئەو خوشکەزایەی هات بۆ *هۆڵت* و قسەی لەگەڵ پارێزەر و دەلاڵی خانوو کرد

و ئەو خانووەی کە **ڕۆز** بۆ ماوەی چەند دەیەیەک تێیدا ژیابوو، لە ماوەی مانگێکدا بە پیاوێکی خانەنشین و ژنەکەی فرۆشرا، کە خەڵکی ویلایەتێکی تر بوون. خوشکەزاکەی گۆزە خۆڵەمێشییەکەی نەویست. بە **ئادی**ی گوت: "تۆ دەتەوێ؟"

**ئادی** لێی وەرگرت و سەعات دووی شەو، لەگەڵ **لویس** ڕۆیشت و خۆڵەمێشەکەیان لە باخچەی دواوەی ماڵە کۆنەکەی **ڕۆز** بڵاو کردەوە.

ئەو لەوێبوونە وەک ئەو کاتانە نەبوو کە **ڕۆز** خۆی لە ماڵ بوو، ئەوکات هەموو پێکەوە بەو شەوە بۆ *درایڤ ئین کافێ* دەچوونە دەرەوە و پاشان بۆ بینینی یارییەکی سۆفتبۆڵ دەچوون. ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی کە پێویست ناکات **جەیمی** ئەم شتانە بزانێ. پێیان گوت کە **ڕۆز** سەفەری کردووە بۆ شوێنێکی تر. ئێ خۆ ئەمەش درۆ نەبوو.

**لویس** گوتی: "مرۆڤێکی باش بوو، وانییە؟ من خۆشم دەویست."

"لە ئێستاوە بیری دەکەم. دەبێ ئێمە چیمان بەسەر بێت؟ خۆم و خۆت دەڵێم."

## بیستوشەش

**ئـادی** گـوتی: "دوای مەرگـی **کـۆنی**، چیتـر **کـارڵ** ئەو کەسـەی جـاران نەمـا. ئەو کاتـانەی کە لەگەڵ خەڵـک لە دەرەوە بـوو، یـان لە ئۆفیس، ئاسـایی مـامەڵەی دەکـرد، بەڵام ئەو ڕووداوە تەواو ئەوی گۆڕیبـــــــوو. ئەو زۆر هۆگری کچەکەمان بـوو، زۆری خـۆش دەویسـت، لە مـن و **جـین**ی زیـاتر خـۆش دەویســت. لەوە بەدواوە، زۆر گرنگیی بە **جین** نەدا. ئەگەر گرنگییشـی پـێ بدایە، تەنهـا سەرزەنشت و ڕەخنە بـوو. چەند جارێک لەو بـارەیەوە قسـەم لەگەڵ کرد، ئەویش تەنهـا دەیگـوت کە هەوڵ دەدا باشتر بێت. بەڵام هەرگیز ئەو نەبووەوە بە خـۆی و زۆر دڵنیـــام لەوەی کە هەمـــوو ئەو شـــتانە، کاریگەرییـــان کـــردووەتە ســـەر **جـــین**. ویســـتم ڕی بەوە نەدەم، بەڵام لەوەشدا شکستم هێنا."

"ئەی نێـوانی تـۆ و ئەو چـی؟ ڕەنـگە نێـوانی ئێـوەش گۆڕانی بەسـەردا هاتبێت."

"دوای مەرگی **کۆنی**، بۆ ساڵێک سێکسمان نەکرد. ئەو حەزی لێی نەبوو. کاتێکیش باشتر بوو و حەزی لێی بوو، زۆر باش نەماندەکرد. تەنها شتێکی فیزیکی بوو، خاڵی لە ئەوین و سۆز. پاش نزیکی ساڵێک، بە تەواوی لە کردنی ئەوەش وەستاین."

"ئەوە کەی بوو؟"

"دە ساڵ بەر لە کۆچی دواییەکەی."

"بیری ئەو پێکەوەنوستنانە دەکەی؟"

"بێگومان. بەڵام زیاتر بیری ئەو نزیکییەی لێمەوە دەکەم. چیتر لە یەکیش نزیک نەدەبووینەوە. بە فەرمی و ئەتەکێتەوە قسەمان لەگەڵ یەک دەکرد. هیچی تر."

"هیچ لەمانەم نەزانیبوو. تەنانەت هەستیشم پێ نەکردبوو."

"بێگومان هەستت پێ نەکردووە. چۆن هەستت پێ بکردایە؟ ئێمە لە ناو خەڵکدا زۆر میهرەبان و گەرم دەدواین. ڕاستە دراوسێ بووین، بەڵام زۆر تۆمان نەدەبینی. هەرگیز هیچ کەسێک بە تەواوەتی نەیزانی. من بە هیچ کەسم نەگوت، دڵنیام **کارڵ**یش بە کەسی نەگوت. **جین** دەیزانی، بەڵام ڕەنگە وای زانیبێت کە ژیان بەم جۆرەیە و شتەکان بەم شێوەیە دەڕۆن. ئەو خەڵکەشی هاوسەرگیرییان لەگەڵ یەک کردووە، هەموو بەم جۆرەن دەژین."

"بەڕاستی شتێکی زۆر ناخۆش بووە."

"ئۆها! زۆریش ناخۆش بوو. من هەوڵم دا لەسەر ئەو باسە قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو قسە بکات. چەند جارێک بە ڕووتی چومە جێخەوەوە، عەتریشم لە خۆم دەدا، تەنانەت جارێک لە ڕێگەی کەتەلۆگێکەوە جلێکی ژێرەوەی نوستنی ڕووتیشم داوا کرد و بۆم لەبەر کرد، بەڵام ئەو نەک حەزی لێی نەبوو، بەڵکو هەر بەلاشیەوە قێزەون بوو. کاتێک پێکەوە دەنوستین و ئەوینمان دەکرد، ئەگەر بمانکردایە، ئەو زۆر ڕەق بوو، بە هیچ جۆرێک ئەوینیشی تێدا نەبوو. هەموو ئەوانە کاریگەریان کرد، لە ناخەوە زۆر خراپتر ببم. وازم لە چاککردنەوەی شتەکان هێنا و لەگەڵ ژیانە بێدەنگ و ڕەسمییاتەکەی خۆمان ڕاهاتین. چەند جارێک **جین**م بۆ *دێنڤێر* بۆ چەند کۆنسێرت و شانۆییەک برد. دەمویست چەند شتێکی زیاتر لەم خانووە و نهێنییەکانی ناوی بدەمێ. دەمویست لە *هۆڵت* بیبەمە دەرەوە و جیهانێکی گەورەتری پیشان بدەم. ناتوانم بڵێم ئەوە باش ڕۆیشت، چونکە **جین**یش وەک باوکی داخراو بوو. هەرچۆنێک بوو، دواناوەندیی تەواو کرد و چووە زانکۆ. ئیدی زۆر درەنگ درەنگ دەمانبینی، وەک پێشتر زۆر نەماندەبینی. بۆیە ئیتر بە تەنیا دەچووم بۆ *دێنڤێر* بۆ کۆنسێرت و شانۆییەکان. بە جۆرێکی جیاواز مامەڵەم لەگەڵ خۆم دەکرد، پێم وابوو شایەنی ئەوەم. لە هۆتێلی *براون پالاس* دەمامەوە و بۆ نانی ئێواران بە تەنیا دەچووم بۆ شوێنە گرانبەهاکان.

چەند عەزییەکم کڕی و تەنها لە دێنڤێر لەبەرم دەکردن. نەمدەویســـت لە *هۆڵــت* بەو جــلانەوە خــۆم دەربــخەم، چونکە نەمدەویست خەڵک ئەو شتانە بزانن کە ڕوویان دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕێی ئەوەم لە خەڵک دەکرد هەســت بە هەنــدێ لەو شــتانە بــکەن. ڕەنــگە ژنەکەت هەستی پێ کردبێت."

"ئەگەر هەستیشی پێ کردبێت، هیچی لەو بارەیەوە پێ نەگوتووم."

"لە **دایان**دا هەمیشە سەرسامی ئەو شتە بووم. هەمیشە پێم وابوو ئەو ئەو کەسەیە کە بتوانم بێ ترس قسەی لەگەڵ بکەم و دڵنیا بم لەوەی قسەکانم لای کەس باس ناکات."

"بەڵام هێشتا پێکەوە لەسەر یەک جێگە دەنوستن، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە. نەتاندەویست جێخەوتان جیا بکەنەوە."

"دەزانم ئەوە لە شتێکی سەیر دەچێت، بەڵام هەرچۆنێک بوو، بەو جۆرە شتەکانمان هێشتەوە. هەرگیز بەر یەک نەکەوتینەوە. بەو ماوە زۆرە فێر دەبیت چۆن لەسەر جێخەوەکەت لە بەشەکەی خۆت بنوویت، بێ ئەوەی تەنانەت بە سوتفەش لە شەودا بەر ئەو بکەویت. کاتی نەخۆشکەوتن چاودێریی یەکترمان دەکرد. بە ڕۆژ هەر کەس کارێکی ماڵی بە کاری خۆی زانیبا، دەیکرد. **کارڵ** لە دەرەوە گوڵی بۆ دەهێنام تا خەڵکی بزانن چەند

لەگەڵـــم باشـــە. بەڵام هەمیشـــە ئەم نهێنیـــیە بە ئاشکرانەکراوی مایەوە."

"دواتریش کۆچی دوایی کرد."

"بەڵێ. من تا کۆتایی چاودێریم کرد. دەمویست ئەوە بکەم. پێویست بوو ئەوە بکەم. ئەو زۆر نەخۆش بوو و لە هەمـوو شـت وەڕس ببـوو، بـۆیە بەڵـێ، تـا ڕۆژی مردنەکەی لە کەنیسـەکەدا چاودێریم کرد و ئاگام لێی بوو. نازانم دەبوایە چیی ترم بکردایە. ئەو ژیانە درێژە پێکەوە ژیاین. ئەگەرچی ڕەنگە بۆ کەسیشمان ژیانێکی باش نەبووبێ، بەڵام دواجار مێژوی هەردووکمان بوو."

## بیستوحەوت

لە ناوەڕاستی ئەو هەفتەیەدا، پیکابەکەی **لویس**یان پڕ پێداویستی کرد و چوون بەرەو ڕۆژئاوا. لە دەشتایی دەرچوون و بەرەو ناوچە شاخاوییەکان چوون. تا بەرەو *فرۆنت ڕەینج* دەچوون، چیاکان بەرز و بەرزتر دەبوون. لە پشت گردۆڵکە شەونمگرتووەکانەوە، چەندین ڕیز درەخت هەبوون و لە کۆتاییشدا لوتکەی شاخەکان لە بەفردا سپی ببوون، هەرچەندە مانگی جولایش بوو. دواتر چوونە سەر شاڕێی *٥٠ی ویلایەتە یەکگرتووەکان* و بە ناو چەند شارۆچکەیەکدا ڕۆیشتن و لە یەکێکیاندا بۆ خواردنی هەمبەرگرێک وەستان و دواتر لەسەر شاڕێکە لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون و بە ناو دەربەندی ڕووباری *ئەرکەنسا*دا ڕۆیشتن. ئاوێکی بەخوڕی جوان، دامێنی چیاکانی ئەمبەر و ئەوبەر سوور؛ ئەوە چیای *ڕۆکی* بوو و ڕانێک مەڕ و بەرانی شاخ تیژ و کورتی زۆر لەسەر شەقامەکە بوون و

لەوێــش تێــپەڕین و بەرەو نــۆرز فــۆرک، بــۆ ئەو گۆڕەپــانەی لەســەر شــەقامی ٢٤٠ لە نــاو دارســتانی نیشـتمانیدا، تـایبەت بـوو بە خێمەهەڵـدان. لە گۆڕەپـانی خێمەهەڵـدانەکە، خەڵـک و خێمەهەڵـدەری کەم لـێ بـوو. نزیــک چەمەکە وەســتان و دەســتیان بە داگرتنــی شتەکانیان لە پیکابەکە کرد. گوێیـان لە خوڕە و هـاژەی ئـاوەکە بـوو. ئـاوێکی ڕوون و کەللەتەزێـن، کە پـڕ لە ماسیی تراوت بوو، لە کونوکەلەبەر و ژێر بەردەکاندا. بە درێژایــی چەمەکە و ڕێــگەی گــردەکەش، داری سـنەوبەر و سـنەوبەری شـێت و سـنەوبەری قەزەم هەبوون. شوێنی تایبەت بە خێمەهەڵدان جیا کرابووەوە و بە پەرژینێکی تەختە دیاری کرابوو. مێزی تەختەی تــایبەت بە ســەیرانکەران و بــازنەیەکی بە بەرد دروسـتکراویش لە نزیـک هەر خـێمەیەکەوە هەبـوو، بـۆ ئاگرکردنەوە تێیدا.

"کاتێـک خێمەکەمـان هەڵـدا، چاوێـک بەم نـاوچەیەدا دەخشێنین."

بۆ خێمەکە، **لویس** شوێنێکی تەخت و نەرم و دوور لە ئـاگرەکەی هەڵبـژارد. کـوڕەکە لە هەڵـدانی خـێمەکەدا یـارمەتیی دا. **لـویس** فێـری کـرد چـۆن تەلەکـانی چوارچێـوەی خـێمەکە پـێکەوە دەبەسـتێت و چـۆن دەیـانچەمێنێتەوە و چۆن بە ئەرزەکەدا دەیانچەقێنیت و چـۆن پەنـجەرەکەی بکـاتەوە و چـۆن دەرگەکەی تـا سەرەوە قەد بکات. دۆشەکە سەفەرییەکانیان پڕ لە هەوا

کرد و کیسەخەوەکانیشان بردە ناو خێمەکە، تا **جەیمی** و **بۆنی** لە لایەک بخەون و **ئادی** و **لویس**یش لە لاکەی تر. **ئادی** زنجیری کیسەخەوێکی کردەوە و ئامادەی کرد و **لویس**یش زنجیری کیسەخەوێکی تری کردەوە و لەسەر هەمان دۆشەکی **ئادی** داینا، تا گەورە بێت و لەگەڵ **ئادی** هەردوو بە ئارامی پاڵ بکەون و دانەکیشی بۆ **جەیمی** ئامادە کرد.

کە هەموو شتێکی خێمەکەیان ئامادە کرد، لە خێمەکە بۆ ناو ئاوە تەزیوەکە چوونە دەرەوە.

"نەنە، زۆر ساردە."

"ئازیزەکەم، ئەو ئاوە ڕاستەوخۆ لە سەهۆڵەوە دێتە دەرەوە."

کات درەنگی کردبوو، لە کاتی نانی ئێوارەش لای دابوو. **لویس** و کوڕەکە، داریان لە پیکابەکە داگرت، چونکە بڕینەوەی درەخت لە دارستانی نیشتمانی، ڕێگەپێنەدراو بوو. **جەیمی** هەندێ پووشوپەڵاش و لقی داری وشکی لەسەر ئەرزەکە کۆ کردەوە و ئاگرێکی بچووکیان لە ناو بازنەیەکی بە بەرد دروستکراودا کردەوە و دارێکیشیان لەمسەری ئاگرەکە بۆ ئەوسەر برد، تا بتوانن مەنجەڵ و تاوەکانی پێدا هەڵبواسن. **ئادی** و کوڕەکە لە تاوەیەکی ئاسندا هۆت دۆگ و فاسۆڵیای قوتوویان کردە سەر ئاگرەکە. پاشان هەندێ گێزەر و چپسیان لەسەر سفرەکە دانا. کە خواردنەکە گەرم بووەوە، هەموو لەسەر مێزی سەیرانگەکە دانیشتن و

بەدەم سەیرکردنی ئاگرەکەوە، دەستیان بە نانخواردن کرد.

**لویس** گوتی: "دەتەوێ هەندێ داری زیاتر بێنی؟"

**جەیمی** و سەگەکە لە ڕووناکیی ئاگرەکە دوور کەوتنەوە و چوون بۆ لای پیکابەکە. **جەیمی** باوەشێکی تر داری هێنا.

"دەی، هەندێکی بخە ناو ئاگرەکەوە."

کوڕەکە دەستی درێژ کرد و پارچەیەک داری خستە ناو ئاگرەکە.

بە هۆی دووکەڵەکەوە، چاوەکانی پڕ ببوون لە ئاو و خێراخێرا دەیترووکاندن. دواتر دیسان دانیشتەوە. هەواکە پاک و فێنک بوو. چیاکان شنەبایەکی خۆشیان هەبوو. قسەیان نەکرد، تەنها سەیری ئاگرەکە و ئەستێرەکانیان لە سەروو چیاکانەوە دەکرد. دەیانتوانی لە باکوورەوە لوتکەی شاخی *شاڤانۆ* ببینن، کە لە ژێر ڕووناکیی شەودا دەدرەوشایەوە.

دواتر **لویس**، **جەیمی**ی برد بۆ خوار چەمەکە و سێ لقی سەوزی درەختی شۆڕەبییان بڕی و سەرێکیان تیژ کرد و بۆ کەمپەکە گەڕانەوە. "نەنکت سوپرایزێکی بۆت هەیە."

"چییە؟"

**ئادی** کیسەیەک مارشمالۆی دەرهێنا و هەر چیلکەیە و دانەیەکی لە سەرەکەی چەقاند.

"نزیک ئاگرەکە ڕایبگرە، تا قاوەیی دەبێ و ئەوکات نەرمیش دەبێ."
نزیک ئاگرەکە ڕایگرت و یەکسەر گڕی گرت.
"فووی لێ بکە."
**ئادی** فێری کرد چۆن بە هۆی جووڵاندنی پارچە چیلکەکەوە، بە هێواشی بیبرژێنێ. یەکی دوو سێ دانەیان خوارد. دەست و دەمی **جەیمی** شیلاوی بوون و بە تۆزی مارشمالۆکە ڕەش بوون.
کە لە نانخواردن تەواو بوون، خواردنە زیادەکەیان کردەوە ناو پیکابەکە، بۆ ئەوەی بۆنەکەی ورچیان لێ کۆ نەکاتەوە. دواتریش **لویس**، **جەیمی**ی بۆ تەوالێتی کەمپەکە برد و لایتێکی دەستییشیان لەگەڵ خۆیان برد.
**لویس** گوتی: "ئیشی خۆت تەواو بکە و وەرە دەرەوە. با زۆر لێرە نەمێنینەوە."
"ئێرە بۆگەنە. بۆنی زۆر ناخۆشە."
**لویس** لایتەکەی دەستی ڕوو کردە کونە تاریکەکەی ناو ئەو تەنکییەی کە وەک زێراب بەکار دەهێنرا.
"دەی، ئیشی خۆت بکە، جێت ناهێڵم."
**لویس** ڕووی کرد بەودیودا و کوڕەکە، ئەگەرچی دەشترسا، بەڵام هەر پانتۆڵەکەی داکەند و لەسەر کونی تانکییەکەی ژێری دانیشت. کە تەواو بوو، **لویس**یش تەوالێتەکەی بەکار هێنا و پێکەوە چوونەوە دەرەوە و لەوێ سەگەکەش چاوەڕێی دەکردن. لە دەرەوە، لە ناو هەوا پاک و بۆنخۆشەکەدا، چەند هەناسەیەکی قووڵیان

هەڵکێشا و پاشان بۆ ئەوەی دەست و دەموچاویان بشۆن، بە پیاسە بۆ لای ترومپاکە چوون و دواتر بۆ لای خێمەکە چوونەوە.

"نەنە، ئەویّ بۆنی زۆر ناخۆش بوو."

"دەزانم."

**ئادی، جەیمی**ی لە ناو کیسەخەوەکەیدا بۆ نوستن ئامادە کرد. **بۆنی**یش لە تەنیشتیەوە لەسەر سەرینێک ڕاکشا.

"تۆ لە کویّ دەنویت؟"

"ئێمە لێرە دەنوین، لە تەنیشت تۆوە."

"باشە؟"

"باش."

**جەیمی** چاوی چووە خەو و **ئادی** و **لویس** دوای سەعاتێک، چوونە ناو خێمەکەوە و خۆیان داکەند و ڕاکشان و دەستیان خستە ناو دەستی یەک و لە پەنجەرەی خێمەکەوە سەیری ئەستێرەکانیان دەکرد. بۆنێکی زۆری دارسنەوبەرەکان کەشوهەوای داگیر کردبوو.

**ئادی** گوتی: "زۆر خۆشە، وانییە؟"

بۆ نانی بەیانی، کێک و هێلکە و گۆشتی پشتی بەرازیان خوارد و پاشان ئەو دەوروبەرەیان پاک کردەوە و خواردن و قاپوقاچاخەکانیان خستەوە ناو کوڵ بۆکسەکەی پشتی پیکابەکە و دواتر بە درێژایی چیاکان کەوتنە ڕێ و بە شارێکەدا بۆ *مۆنارچ پاس* چوون و

دواتــر وەســتان و پاشــان لە *کۆنتینێنتــاڵ دیڤایــدەوە* سەریان دەرهێنا و لەوێوە، ئەگەر چاوە ماندووەکانیان زۆر زیاتر بڕی بکردایە و لەو شوێنەوە کە چەمانەوەی زەوی دیارە، تەماشای نزمایییەکانی ڕۆژئاوایان بکردایە، ئەوا دەیانتوانی بە دووریی هەزارەها میل لە چیاکانەوە زەریای *هێمن* ببینن. بۆ نیوەڕۆ، بۆ کەمپەکە گەڕانەوە و لەفەی پەنیر و سێویان خــوارد و ئــاوی ساردیشــیان بەسەریدا کرد، کە لە بیرە کۆنەکە بە ترومپا دەستییە دەسک سەوزەکە دەریــان هێنــابوو. دواتــر بە پــێ بــۆ گەلییەکانی *نۆرس فۆرک* سەرکەوتن و لەوێ دانیشتن و تەماشـــای هـــاتنەخوارەوەی ئاوەکەیـــان دەکـــرد، لە ســـەرەوە بـــۆ نـــاو حەوزە ڕوونەکەی خـــوارەوە. لە هـاتنەخوارەوەدا، هەوای شێداری ساردی نزیک پاییز، دەیدا لە ڕوخساریان.

کە گەڕانەوە، **لویس** و **ئادی** خێمەکەیان لە سێبەرەکەدا ئامــادە کــرد و زنجیرەکانیــان کــردەوە و کتێبەکانیــان دەرهێنــا و دەســتیان بە خوێنــدنەوە کــرد. کــوڕەکە و ســەگەکەش بەو نــاوەدا دەهــاتن و دەچــوون و ســەیری ناو درەختەکانیان دەکرد، کە چواردەوری ئەو دەڤەرەی دابوو.

**جەیمی** پرسیی: "دەتوانین بە پیاسە بۆ شوێنێک بچین؟"

**لــویس** گــوتی: "دەتــوانی بە ئاڕاســتەی ئەم چەمەدا بــۆ ئەوسەر بڕۆیت. دەزانی بۆ کوێ دەڕوات؟"

"بۆ ئەو خوارەوە."

"بۆچی بۆ ئەویٚ دەچێت؟"
"نازانم."
"چونکە لەوێوە گردەکە بۆ خوارەوە لێژ دەبێتەوە. ئاو هەمیشە بۆ شوێنێکی نزمتر دەچێت. دەتەویٚ بۆ کویٚ بچیت؟"
"ئەویٚ."
"ئەوە دامێنی گردەکەیە. ڕووبارەکەش لەوێوە دەڕوات. ئەگەر بتەوێت بێیتەوە بۆ کەمپەکە، چی دەکەی؟"
"دەسووڕێمەوە و دێمەوە."
"ئافەرین. بەم چەمەدا تا ڕووبارەکە بچۆرە خوارەوە و دواتر وەرەوە بۆ لای ئەم خێمانە. من و نەنکت لێرە چاوەڕێت دەکەین. تەنها یەک جار بچۆ و وەرەوە. بە ڕێگە بچووکەکاندا بڕۆ و بەوێشدا وەرەوە. **بۆنی**یش لەگەڵ خۆت ببە. بەڵام هەر لەمبەر بە، لە چەمەکە نەپەڕیتەوە."
کورەکە و سەگەکە بە کەمپەکەدا چوونە خوارەوە و پاش ماوەیەک هاتنەوە و بەو ناو ئەو داروبەردەدا کەوتنە گەڕان و سەیرکردنی میکا درەوشاوەکان و دواتر بەسەر بەردە گەورەکاندا سەرکەوتن و لەویٚ ڕاکشان و سەیری ناو ئاوەکەیان کرد. دواتر بۆ لای چەمەکە گەڕانەوە.
**لویس** گوتی: "چیت بینی؟"
"هیچ ورچی لیٚ نەبوو. بەڵام ئاسکمان بینی."
"**بۆنی** چیی کرد."

"**بۆنی** پێیان وەڕی. ئیتر گەڕاینەوە و هیچی ترمان نەکرد."

ئێوارە ئاگرێکی بچووکی تریان کردەوە و **ئادی**یش چەند پیاز و بیبەرێکی جنی و لەگەڵ هەندێ کەرە کردنیە تاوەیەکی گەورەوە و هەندێ هەمبەرگری لەقیمەدراو و ساسی تەماتە و کەوچکێک شەکر و ساسی *وۆستیشێری* تێکرد و چارەکە کووپێک کەچەبی بەسەریدا کرد و ئینجا هەندێ خوێ و بیبەری تێکرد و پاشان هەندێ لەو ساسەی تێکرد، کە پێش ئەوەی لە ماڵ بێنە دەرەوە دروستی کردبوو و لە کۆتاییدا هەموویانی تێکەڵ کرد و شێواندنی و سەرقاپی تاوەکەی نایەوە. **لویس** و **جەیمی** هەمبەرگر و چپسی بەرماوەکەی دوێنێیان دەرهێنا و دایان نا و مێزەکەیان ئامادە کرد و قاپەکان و کووپە نەشکستەکانیان دانا. **جەیمی** سەگەکە و سەتڵە بەتاڵەکانی بۆ لای ترومپاکە برد و لەوسەرەوە بە ئاوی سارد و شیرین و پاکەوە گەڕانەوە و هەرسێکیان نزیک ئاگرەکە، لە دەوری مێزەکە دانیشتن و دەستیان بە نانخواردن کرد. شەو وردەوردە دادەهات. کوڕەکە هەندێ لە خواردنەکەی خۆی بە سەگەکە دا و سەیرێکی **لویس**ی کرد، تا بزانێ کاردانەوەی ئەو چۆنە. **لویس** چاوێکی لێ داگرت و سەری سووڕاند و تەماشای درەختەکانی کرد.

**جەیمی** گوتی: "ئێوە پێتان وایە ئەمشەو ورچ ببینین؟"

**لویس** گوتی: "گومانم هەیە بیبینین. ئەگەر بیشیبینین، ئەوا ورچی ڕەش دەبینین. بەڵام ئەوان ئازارمان نادەن، مەگەر بترسن. هەرچۆنێک بێ، لە هەموو ئەگەرەکاندا **بۆنی** ئاگەدارمان دەکاتەوە."

"حەز دەکەم دانەیەک ببینم، بەڵام لە ناو پیکابەکەوە. من لە ناوەوە بم و ئەو ببینم."

"ئەوە باش دەبێ."

**ئادی** گوتی: "لێی دەترسیت؟"

"تەنها حەز دەکەم دانەیەک ببینم."

ئاویان بەسەر ئاگرەکەدا کرد و خامۆشیان کرد. دارەکە هەڵمێکی کرد و دووڵەکیکی لێ بەرز بووەوە و پشکۆ سوورەکان کوژانەوە. دواتر **لویس** بە لایتە هەڵکراوەکەی دەستیەوە، **جەیمی**ی بۆ ناو درەختەکان برد و لەوێ وەستا.

"دەتوانی لێرە میزەکەت بکەیت. پێویست ناکات لەم تاریکییەدا بۆ تەوالێت بچین."

"بەڵام نابێ من لە دەرەوە میز بکەم."

"ئەم کاتانە قەیناکە. کەس نامانبینێ." لایتەکەی کوژاندەوە. "هەمیشە ئاژەڵەکان لێرە میز دەکەن. پێم وابێ ئێمەش بۆمان هەیە جارێک لێرە بیکەین."

هەردووکیان لەوێدا میزیان کرد و پاشان **لویس** لایتەکەی هەڵکردەوە و ئەم جارە دای بە **جەیمی** هەڵیبگرێ. لایتەکەی لە داروبەرد و گژوگیا و ژێر

دەوەنەکـــان دەدا. ڕوونـــاکییەکە بە دەســـتیەوە هەر سەروخواری دەکرد. دواتر بۆ لای خێمەکە گەڕانەوە.
ڕۆژی دواتر، لە چیاکەوە بۆ لای ئەرزە تەختەکە هـاتنە خــوارەوە. لەویَ گەشــتیاری تازەیــان دەبینــی، کە بــۆ پشــووی کۆتــایی هەفــتە دەهــاتن و یەک لەدوای یەک خێمەیـان هەڵـدەدا و لە نـاو دارسـتانەکەدا بـۆ شـوێنێکی گونجاو دەگەڕان.
کە گەرانەوە خــوارەوە، هەوا گەرم و وشــک ببــوو و شارۆچکەکە تەختتر و ڕووتەڵەتر و لەپێشتر بێدرەختتر دەردەکەوت. کە تەواو تاریـــــک داهـــــات، ئەوان بە شــەکەتییەوە گەڕانەوە مــاڵەوە. هەردووکیــان لە مــاڵی خۆیـانەوە دووشـێکیان کـرد و یەکسـەر لە ژوورەکـانی خۆیاندا چوونە جێخەوەوە.

## بیستوهەشت

نزیکی ئۆگۆست، **جین** لە *گراند جەنکشن*ەوە هات بۆ بینینی **ئاندی** و **جەیمی**.

"ئەو سەگە نابینم کە بۆت باس دەکردم."

**جەیمی** گوتی: "لە ماڵی **لویس**ە."

"بە **لویس** بانگی دەکەی؟"

"خۆی وای گوت."

چوونە ژوورەوە. **جین** جانتاکانی بۆ ژووری نوستنەکەی پشتەوە بردە سەرەوە، کە **جەیمی** و سەگەکەی لێ دەخەوتن. خستنیە سەر جێخەوەکە.

"لێرە، لە ژوورە کۆنەکەی خۆم لەگەڵ تۆ دەمێنمەوە."

"ئەی **بۆنی**؟"

"ناتوانێ لێرە لەگەڵ هەردووکمان بنوێت."

"هەمیشە لەگەڵ من دەنوێت."

"دەی، با بزانین چۆن دەبێ."

چـــــوونەوە نهـــــۆمی خـــــوارەوە. درەنگـــــانێکی ئەو دوانیـــوەڕۆیە، **لـــویس** هـــات ســـەرێکیان لـــێ بـــدا و سەگەکەشـــی لەگەڵ خـۆی هێنـابووەوە. **جەیمـی** چـووە سـەر ئەژنـۆ و دەسـتی بە سـەگەکەدا هێنـا و پاشـان بـۆ یاریکردن بردیە حەوشەکە.

**جین** گوتی: "لە شەقامەکە نزیک نەکەویتەوە."

"بابە گیان، ئێمە هەمیشـە ئەمە دەکەیـن، هەمـوو جارێک باش ڕۆیشتووە."

**جین** سەیرێکی **لویس**ی کرد و گوتی: "بیسـتم کە تـۆش لێرە لەگەڵ دایکم دەمێنیتەوە."

"بەڵێ. هەندێ شەو."

"ئێ، لەبەر چی؟"

"تەنها لەپێناوی هاوڕێیەتیدا."

**ئـــادی** گـــوتی: "ئەوە چـــی دەکەی؟ ئەم قســـانە چـــین دەیانکەی؟ خۆ تۆ ئەمەت دەزانی."

"من چی دەکەم؟ دایکم لەگەڵ پیـاوێکی پیـری دراوسـێیدا دەنوێت، لە کاتێکدا کوڕەکەم لە ژوورەکەی ترە و بۆشم نییە پرسیاری لەبارەوە بکەم."

"ڕاستە، بەڵام ئەمانە کەی پەیوەندییان بە تۆوە هەیە؟"

"تا کوڕەکەم لێرە بێت، پەیوەندیی بە منەوە هەیە."

"هیچ شتێ نییە بیبینێ. پێم وانییە ئەوە ئـازاری ئەو بـدا. ئەگەر وابوایە من لێرە نەدەبووم."

"نا، من لۆمەی تۆ ناکەم، تۆ ئەوەی دەتەوێ بەدەستی دێنی، تۆ بۆ دەبێ کوڕێکت بەلاوە گرنگ بێت کە هیی کەسێکی ترە؟"
"بەڵام من گرنگیی پێ دەدەم."
"باشە، دەتوانی بوەستیت، نامەوێ ئەو بەشێک بێ لەم شتانە. دەزانم چیت کردووە. بە منداڵی شتم لەسەر تۆ بیستووە."
**لویس** گوتی: "چیت لەسەر من بیستووە؟"
"بیستوومە کە چۆن ژن و کچەکەت لەپێناوی ژنێکی تردا بەجێ هێشتووە."
"ئەوە نزیکی چل ساڵ بەر لە ئێستا بوو."
"بەڵام هێشتا بەردەوامە."
"بەداخەوەم کە ئەوە ڕووی داوە، بەڵام ئێستا ناتوانم بگەڕێمەوە و چاکی بکەمەوە." **لویس** کەمێک سەیری کرد. "من دەبێ لێرە بڕۆم، لێرەبوونم هیچ سوودی نییە."
**ئادی** گوتی: "دواتر پەیوەندیت پێوە دەکەم."
هەستا و چووە دەرەوە.
**ئادی** گوتی: "بۆ بەم جۆرە مامەڵە دەکەی؟ چیت بەسەر هاتووە؟"
"نامەوێ کوڕەکەم ئازار بچێژێت."
"پێت وایە ئەم هاوینە بە جیابوونەوەی دایکوباوکی، ئازاری نەچەشتووە؟"

"بەڵێ، پێم وایە چەشتوویەتی. ئێستاش خەریکە بە هۆی ئێوەوە زیاتر دەچێژێ."

"تۆ نازانی چی دەڵێی. ئێستا زۆر لەو کاتە باشترە کە لێرە بەجێت هێشت. ئەگەر دەتەوێ ڕاستییەکە بزانی، ئەوا بزانە کە **لویس** لەگەڵی زۆر باشە."

"چونکە چاوی بڕیوەتە سامانەکەشت، وانییە؟"

"لە ئێستادا بیر لە چی دەکەیتەوە؟"

"ئەگەر هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکەیت، ئەوا دەبێ بە خاوەنی نیوەی سامانەکەت، وانییە؟ ئەوکات منیش هیچم لەگەڵی پێ ناکرێ."

"ئێمە هاوسەرگیری ناکەین. ئەویش چاوی لە پارە و سامانی من نییە. ئای خوایە! دەبێ چەندە بچووک بمبینیت."

**جین** چاوی لەسەر دایکی گواستەوە. "نازانم چی بکەم، دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێ بکەمەوە."

"من یارمەتیت دەدەم، تۆ ئەوە دەزانی."

"تا کەی؟"

"چەندی پێ بچێ. چەند بتوانم."

"تۆ لە یارمەتیدانم ماندوو بوویت. دەبێ ماندوو بووبی."

"ئێ، ئەوەتا هێشتا لە یارمەتیدانت بەردەوامم. بیرت نەچێ، تۆ کوڕی منیت. **جەیمی**یش کوڕەزامە."

دوو شەوی داهاتوو، سەگەکە لای **لویس** مایەوە. کوڕەکەش لەگەڵ باوکی، لە ژووری نوستنە کۆنەکەی باوکی دەنوست. لە شەوی دووەمدا، شەوی یەکشەممە،

کوڕەکە خەونێکی ناخۆشی بینی و بە گریانەوە خەبەر هات. ژێر نەبووەوە تا **ئادی** هات و کردیە باوەش و بردی بۆ سەر جێخەوەکەی خۆی. دووشەممە، **جین** ماڵئاوایی لێ کردن و بە ئوتۆمبیلەکەی ڕۆیشت.

کە باوکی ڕۆیشت، کوڕەکە ماڵی **لویس** چوو و قاییشەکەی کردە ملی سەگەکە و پارێزەری قاچەکەشی لە پێ کرد و لەگەڵ سەگەکە هاتنە دەرەوە و لە کۆڵانەکەوە، بە لای ماڵەدراوسێکاندا تێپەڕین و بۆ حەوشەی پشتەوەی ماڵی **ئادی** چوون و لەوێ دەستیان بە یاریکردن کرد و **لویس** و **ئادی**یش تەماشایان دەکردن.

**ئادی** گوتی: "دوێنیشەو شەوێکی خراپ بوو، وەک شەوەکانی سەرەتا بوو، کە هاتە ئێرە. دیسان خەونە خراپەکانی دەبینی. دیسان بێتاقەت و تووڕە بوو. **جین**یش گوتی کە **بیڤێری** لەم یەک دوو هەفتەیەدا بۆ لای دەگەڕێتەوە."

"ئێ؟ دواتر چی ڕوو دەدا؟"

"نازانم. بەڵام پێم وابێ دەرفەتێکی تر بە خۆیان دەدەنەوە. ژنەکەی جارێکی تر دێتەوە لایان و **جەیمی**یش بۆ خوێندنگە دەچێتەوە."

"ئەگەر دایکوباوکی قاییل بن، کە ڕۆیشتەوە دەتوانێ سەگەکەش لەگەڵ خۆی ببات."

"پێم وانییە بەوە قاییل بن."

"بۆ لێیان ناپرسیت؟ هەرچۆنێک بێ ئەو سەگە دەتوانێ شتەکان بگۆڕێ."

سەیری دەرەوەیان کرد، **جەیمی** و **بۆنی** لە باخچەکەی پشتەوە یارییان دەکرد.

**لویس** گوتی: "ئەمشەو بێم؟"

"بەڵێ، پیاوە چڵکنەکە، وەرە."

"ئەو پێی نەگوتم چڵکن."

"بەڵام من خۆم دەزانم."

# بیستونۆ

**لویس** گوتی: "دوا ساڵی ژیانی بۆی زۆر سەخت بوو. بە درێژایی ساڵەکە نەخۆش بوو. چارەسەری کیمیایی و تیشکیشمان بۆ کرد و ئەوەش توانیی کەمێ نەخۆشییەکەی خاو بکاتەوە. بەڵام بە جۆرێک تێکەڵی لەشی ببوو، هەموو سیستمی جەستەی گرتبووەوە و نەیتوانی دەربیبپەڕێنێ. خراپتر بوو و نەیویست هیچ چارەسەرێک وەربگرێت. دەیویست هەموو شتەکان کۆتایی پێ بێت."

"لەیادمە. دەمویست یارمەتیتان بدەم."

"دەزانم. تۆ و ئەوانی تر دەهاتن و خواردن و گوڵتان دەهێنا. پێم دەزانی."

"بەڵام هەرگیز لە ژووری نوستنەکەی نەمبینی."

"نەخێر. من و **هۆڵی** نەبێت، هەرگیز ڕێگەی بە هیچ کەسێکی تر نەدەدا بچێتە نهۆمی سەرەوە. نەیدەویست کەس بیبینێ، تا کەس نەزانێ لە دوا مانگەکانی ژیانیدا

شـێوەی چـۆنە. نەشیدەویسـت قسـە بکـات. لە مـردن دەترسا. قسەم زۆر بۆ کرد، هیچ سوودی نەبوو."

"تۆ لە مردن ناترسیت؟"

"هێنـدەی جـاران ناترسـم. چـونکە ئێسـتا بە جۆرێـک لە جۆرەکـان بـڕوام بە زینـدوبوونەوەی جیهـانەکەی تـر هێنـاوە. گەڕانەوەی بـۆ نـاو خـودە ڕاسـتەقینەکەمان، جەسـتە ڕاسـتەقینەکەمان. ئێسـتا لەم گیـانە فیـزیکییەداین و دواتر دەچینەوە جەستە ڕاستەقینەکەمان."

"نازانم بڕوا بەوە بکەم یان نا. ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت. بە هیوام تۆ ڕاست بکەیت."

"ڕۆژێک دڵنیا دەبین، وانییە؟ بەڵام جارێ نا."

ئـادی گـوتی: "نـا نـا، جـارێ نـا. حەزم لەم جیهـانە فیـزیکییەیە. حەزم لەم جیهـانە فیـزیکییەیە لەگەڵ تـۆدا. چێـژ لە هەوای ئەم شـارۆچکەیە دەبیـنم. حەوشـەی پشـتەوە، چەوڕێـژەکەی دراوسـێکەمان، گژوگیاکـان، فێنکیـی شـەوان، قسـەکردن و پـاڵکەوتن لەگەڵ تـۆ لە تاریکیدا."

"منـیش حەزم لە هەمـوو ئەو شـتانەیە. بەڵام **دایـان** لەو شـتانە وەڕس ببـوو. لە کۆتاییـدا زۆر لەوە شـەکەتتر و مانـدووتر بـوو تـا گرنگـی بە ترسـەکانی بـدا. تەنهـا دەیویست شتەکان کۆتاییـان بێ، دەیویسـت ئازارەکانی کۆتاییـان پـێ بـێ. لە مانگەکـانی کۆتاییـدا زۆر خـراپ ئازاری دەچەشت. بە جۆرێک، مۆرفین و ئازارشکێنیش سـودیان نەبـوو. بەڵام هێشـتا بە بەردەوامـی هەر

ترسەکەی لە دڵدا بوو. شەوێک بۆ لای چوومە ژوورەوە، بێدار بوو، لە پەنجەرەکەوە سەیری تاریکییەکەی دەرەوەی دەکرد. 'دەتوانم یارمەتیت بدەم؟' 'نەخێر'. 'هیچت پێویست نییە؟' 'نەخێر. تەنها دەمەوێ ئەم ئازارە کۆتایی بێ'. **هۆڵی** یارمەتیی دەدا و دەیشت و دەیویست نان بە دەمیەوە بکای و نان بخوات، بەڵام ئەو برسیی نەبوو و نانی نەدەخوارد. پێم وابێ خۆی بە ئارەزوو خۆی برسی دەکرد. لە کۆتاییدا زۆر لاواز ببوو، دەست و قۆڵی وەک چیلکە وشک و ڕەق ببوونەوە. چاوەکانی لەوە دەچوون لە سەریدا گەورە بن. ڕوخساری بۆ ئێمە چەندە خراپ شێواو و ناشیرین بوو، بێگومان بۆ خۆی زۆر لەوە زیاتر ناشیرین بوو. دەمویست شتێکی بۆ بکەم، بەڵام زیاتر لەوەی کە کردبوومان، هیچ شتێکمان لەدەست نەدەهات بیکەین. سستەرێک لە نەخۆشخانە تایبەتییەکەیەوە، هەموو ڕۆژێک دەهات و یارمەتیی دەدا، تا بە ئارامی لەماڵەوە بمرێت. هەرگیز نەیویست بۆ نەخۆشخانە بچێتەوە. ئیدی شتەکان بەو جۆرە بوون. دواجار کۆچی دوایی کرد. من و **هۆڵی**، هەردووکمان لە ژوورەکەی بووین. بە چاوە بەقوولاچووە ڕەشەکانیەوە، سەیرێکی هەردووکمانی کرد، وەک ئەوەی پێمان بڵێ 'یارمەتیم بدەن. یارمەتیم بدەن. بۆ یارمەتیم نادەن'. دواتر لە هەناسەدان کەوت و کۆچی کرد.

خەڵک دەڵێن تا ماوەیەک ڕۆح لەو شوێنە دەمێنێتەوە و بەسەر جەستەکەیدا دەسووڕێتەوە. ڕەنگە ڕۆحی ئەویش وای کردبێت. **هۆڵی** گوتی کە لە ژوورەکەدا هەستی بە بوونی دایکی کردووە. ڕەنگە منیش هەستم پێ کردبێت، بەڵام دڵنیا نەبووم. هەستم بە شتێک کرد، شتێک وەک بۆن و ڕووناکیی ئەو. بەڵام کەم بوو، ڕەنگە تەنها هەناسەیەک بووبێت. گرنگ ئەوەیە ئێستا ئەو لە شوێنێکی ئارامی ترە، لە شوێنێکی لێرە باڵاتر. پێم وابێ بڕوام بەوە هەیە. بەو هیوایەم ئێستا لەوێ بێ و ئارامیش بێ. هەرگیز ئەوەی لە مندا بەدەست نەهێنا کە دەیویست. ئەو خاوەنی بیرۆکەی تایبەت بە خۆی بوو لەبارەی ئەوەی دەبێ ژیان چۆن بێ، هاوسەرگیری چۆن بێ. بەڵام لەگەڵ مندا شتەکانی هەرگیز باش نەڕۆیشتن. لەو ڕووەوە من ئەوم دۆڕاند. دەبوایە ئەو لەگەڵ کەسێکی تر بوایە."

"دیسان زۆر لە خۆت دەکەی و ئازاری خۆت دەدەی. چ کەسێک لە دونیادا ئەوەی بەدەست هێناوە کە ویستوویەتی؟ هەموو ئەو شتە بەدەست ناهێنین کە دەمانەوێ. هەڵبەتە گومانیشم هەیە تەنانەت کەسێکیش هەبێ بەدەستی بێنێ. دوو کەس ڕووبەڕووی یەک دەوەستن و کوێرانە و بە هەڵە بە یەکدا دەکێشن و بە یەکدا هەڵدەشاخێن و وا خۆیان دەردەخەن، کە هیچ بیرکردنەوە و خەون و تێگەیشتنێکی کۆن لە بیرکردنەوەکانیاندا نییە و خۆیان بە ڕاست دەزانن.

خۆشبەختانە لە ئێستادا و لەمڕۆدا، پێم وانییە ئەمە بۆ من و تۆ ڕاست بێ."

"منیش وا هەست دەکەم. بەڵام ڕەنگە ڕۆژێک بێت لە من بێزار بیت و بتەوێ بڕۆیت."

"ئەگەر ئەو ڕۆژە هات، ئەوا دەتوانین بوەستین. ئەوە شتێکە دەبێ لێی تێبگەین و لەسەری کۆک بین. گەر لە یەک بێزار بووین، ئەوا جیا دەبینەوە. ئەگەر نەشمانەوێت."

"ڕاستە. گەر تۆ بێزار بوویت، دەتوانی پێم بڵێی."

"تۆش بە هەمان شێوە."

"پێم وانییە هەرگیز ڕۆژێک بێت من لە تۆ بێزار ببم. **دایان** هەرگیز ئەو دەرفەتەی نەبوو کە ئەم چێژە وەربگرێت، کە ئێستا من و تۆ دەیبینین. مەگەر لە پەیوەندییەکدا بووبێت لەگەڵ کەسێک و من ئاگام لێی نەبوبێت، کە شتی واش نەبوو. کەواتە بەو جۆرە بیری نەکردووەتەوە."

# سی

له ئۆگۆسـتدا فێسـتیڤاڵی سـاڵانەی *هۆڵـت* هەبـوو، کە بریتـی بـوو لە جۆرەهـا یـاریکردن لە شـاری یـاری و پێشبڕکێی گابازی و چەندین جۆر پێشبڕکێی ئاژەڵان لە گۆرەپانێک لە بەشی باکووری شارۆچکەکە. سـەرەتا بە نماییشـێک لە شـەقامە سـەرەکییەکەی باشـوورەوە دەسـتی پـێ کـرد. پاشـان بـۆ سـەرەوە، نزیـک هێڵـی شەمەندەفەرەکە سەردەکەوت، لە نزیک وێستگە کۆنەکە. لەو ڕۆژی فێسـتیڤاڵەدا، بـاران دەبـاری. **لـویس** و **ئـادی** بارانییەکەیـان لەبەر کردبـوو و کیسـەیەکی زبڵـی پلاستیکیشـیان کونێـک تێکردبـوو و کردبوویـانە بەری **جەیمی** و هەرسێکیان بە پیاسە بۆ شەقامە سەرەکییەکە چـوون و لەسـەر شۆسـتەکە، لەگەڵ خەڵـکەکەی تـر وەسـتان. لەگەڵ نەگونجـاویی کەشوهەواشـدا، بەڵام هەردوو بەری شـەقامەکە هێنـدە قەرەبـاڵغ بـوون، دەرفەتـی جووڵەت نەبـوو. دواتـر پاسـەوانانی شـەرەف

هـاتن، ئـاڵا تەڕەکـانی دەسـتیان شـۆڕ ببوونەوە و یەکـی نیشانەشکێنێکیشـیان لە شـاندا بـوو. پاشـان کۆمەڵێـک تراکتـۆری کـۆن لە سـەروو شـەقامەکە، لەگەڵ چەنـد دەڕاسـەیەک و چەنـد پوشـکۆکەرەوە و پوشـبڕێکی ئەنتیکە، ڤڕەڤڕیان بوو و دواتریش چەند تراکتۆرێکی تـر بەو نـاوەدا دەهـاتن و دەچوون و دەسووڕانەوە. دواتـر بانـدی خوێنـدکاری دواناوەنـدییەکە، کە ئەو هـاوینە بـۆ پـازدە خوێنـدکار کەمیـان کردبـوو، کراسـی سـپی و پانتۆڵی کابۆیـان لەبەردا بـوو و هەمـوو لە بەر بـارانەکە خوسـابوون و جلەکانیـان بە گیانیـانەوە نووسـابوو و پاشـان کۆمەڵێـک ئوتۆمبیـل هـاتن، کە ناسـراوەکانی شـارۆچکەکەیان تێدا بـوو. دەبوو هەمـوو ئوتۆمبیلەکـان بنمیچەکانیـان لا درابـایە، بەڵام بە هـۆی کەشـوهەواوە، بنمیچەکـان لە شـوێنی خۆیـان بـوون. دواتـر شـاژنی پێشـبڕکێی گابـازییەکە خـۆی و شـوێنکەوتوانی، کە ئەوانـیش کۆمەڵێـک خـاتوونی سـوارچاک بـوون و بە سواری ئەسپەکانیانەوە دەرکەوتن و هەموویان بـارانییە لادێیەکانیان لەبەردا بـوو و بەدوای ئەوانیشـدا کۆمەڵێک ئوتومبێلی قەشەنگ دەهاتن، کە پڕوپاگەندەیەکی زۆر بە دەرگەکانیـانەوە بـوو. ئوتۆمبیلەکـانی *لایـۆنس کـلەب* و *ڕۆتـاری* و *کیـوانیس* و *شـرینێرس زیگـزاگین* بە دەوری شـەقامە جەنجـاڵەکەدا، بە ماتۆڕسـکیلەکانیانەوە دەسـووڕانەوە. پاشـان چەنـد ئەسـپێکی تـر، کە هەمـوو سـوارەکانیان بـارانیی زەردیـان لەبەردا بـوو و دواتـر

جوانوویەک بە گالیسکەیەکی بچووکەوە لەوێ بوون. لە کۆتایی نماییشەکەدا، ئوتومبێلێکی فلات هات و چەند وێنەیەکی ئاییینی بە کارتۆن پێوە کرابوو و بەرزکەرەوەیەکیش بە پێشەکەیەوە بوو، کە لە لایەن یەکێک لە کەنیسە پرۆتستانتییەکانەوە ئامادە کرابوو. خاچێکی تەختە بە بەرزکەرەوەکەی پێشەوەی هەڵواسرابوو. پیاوێکی قژ درێژ، بە ڕیشێکی ڕەش و جلێکی خامی سپیی سەردەمی کۆنەوە، لە بەردەمی خاچەکەدا وەستابوو و لە بەر بارانەکە چەترێکی بە دەستەوە گرتبوو. کاتێک **لویس** ئەوەی بینی، بە دەنگی بەرز قاقای لێ دا. خەڵکەکەی دەوروبەر هەموو ئاوڕیان بۆ دایەوە و سەیریان کرد.

ئادی گوتی: "وا بڕوات کێشەیەک بۆ خۆت دەنێیتەوە. شتەکان لێرە جیدین."

"پێم وابێ ئەو دەتوانێت بەسەر ئاودا بڕوات، بەڵام ناتوانێ بەرگەی ئەوە بگرێت لەسەر سەری ببارێت."

"هششششش! ئاگات لە هەڵسوکەتی خۆت بێ."

**جەیمی** سەرێکی بۆ هەڵبرین، تا بزانێ ئایا بەڕاستی تووڕەن.

کە نماییش تەواو بوو، پاککەرەوەکانی شەقامەکانی *هۆڵت* هاتن و بە گسکە گەورە خڕەکانیان، هەموو شەقامەکانیان پاک کردەوە.

بۆ دوانیوەڕۆ، بارانەکە وەستا و ئەوانیش بۆ شاری یارییەکە چوون و ئوتۆمبیلەکەیان پارک کرد و بە ناو تەویلە پڕ لە ئەسپەکاندا ڕۆیشتن. هەموو ئەسپەکان پێست ساف و شانەکراو بوون و کلکیشیان بژ کرابوونەوە و بۆیان هۆنرابووەوە. تەماشای بەرازە پەمەییە گەورەکانیان کرد، کە لەسەر ئەرزە کۆنکرێتییەکە پووشیان بۆ ڕاخربوو و پەرژینێکیشیان بە دەوردا دروست کرابوو. بە جەستە قەڵەوەکانیانەوە پان ببوونەوە و خێراخێرا هەناسەیان دەدا و گوێیەکانیان دەجووڵاند. پاشان بە لای مەڕ و بزنەکاندا ڕۆیشتن، هەموو هەڵپاچرابوون. دواتر بەرەو گۆڕەپانی کەرنەڤاڵەکە، بە ناو قەفەزی کەروێشک و مریشکەکاندا ڕۆیشتن. **جەیمی** و **ئادی**یان خستە ناو کورسیکورسییەکەوە، بەڵام **لویس** گوتی کە بەوە نەخۆش دەکەوێت، بۆیە سەرنەکەوت. **ئادی** و کوڕەکە سەرکەوتن و سووڕانەوە و کاتێک گەیشتنە سەری سەرەوە، **ئادی** ئاماژەی بۆ شەقامە سەرەکییەکە کرد و پاشان سایلۆکە و ئینجا تاوەری ئاوەکەی پیشان دا و ماڵەکەی خۆیشیان لە شەقامی *سیدار*.

"خانووەکەم دەبینی؟"

"نەخێر."

"ئەها، لەوێدا، ئەوەی ناو درەختە گەورەکان."

"نایبینم."

سەیری دووریان کرد. لەدوای کۆتاییهاتنی سنووری شارۆچکەکە، زەویـیە کراوە و فراوانەکە دەهات، کە چەندین کێڵگە و عەنبـاری خواردن و تەویلە و بەربەستی هەوابڕەکەشیان لێوە دیار بوو. پاشان هەندێ لە یارییەکانیان تاقی کردەوە، تەقەکردن بە نیشانەشکێنەکە، تێگرتنی تۆپەکە. دواتر لەسەر کاغەزێک، هەندێ پەشمەکیان بۆ **جەیمی** و ئازبەریدیشیان بۆ خۆیان کڕی. هەندێکی تر سووڕانەوە و بەو ناوەدا گەڕان و تەماشای ئەو خەڵکەیان کرد و پاشان گەڕانەوە و جارێکی دی **جەیمی** و **ئادی** سواری کورسیکورسییەکە بوونەوە. دوانیوەڕۆیەکی درەنگ بوو. لە ئێستادا دوانیوەڕۆیەکی درەنگ بوو. دەیانتوانی گوێیان لە پێشبڕکێی گابازییەکە بێ، کە هێشتا لەوسەری شاری یارییەکە، لە گۆڕەپانەکەدا بەردەوام بوو. گوێیان لە هاوار و هاندانی هاندەرەکان بوو، کە بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد. بلیتی پێشبڕکێی گابازییەکەیان نەکڕی، بەڵام لە خوارەوە بە پیاسە بە لای سیاجەکەدا ڕۆیشتن و تەماشایەکی ناوەوەیان کرد. پێشبڕکێی زۆرمانەوە لەسەر گا و گرتن و بەستنەوەی گوێرەکە. دواتر پێشبڕکێیەکی ئەسپسواری بە درێژایی چارەکە میلێک لەسەر ئەرزێکی خۆڵی پیس دەستی پێ کرد. سوارەکانیان بە جلوبەرگی ئەسپسواری بینی، کە قاچەکانیان لە ناو پێوەندەکانیان و بە پێوە ئەسپەکانیان دەهاژون. دوای ئەوەی کە هێڵی کۆتاییان تێپەڕاند،

ئەسپە ماندووەکان بە لووتە گەورەکانیانەوە، خێراخێرا هەناسەیان دەدا. لە کۆتاییدا چوونەوە بۆ لای گەراجەکە و لەوێشـــەوە بەرەو مـــاڵەوە. لە کۆتـــایی ڕۆژەکەدا، کوڕەکە سەگەکەی لە چێشتخانەکەی ماڵی **لویس** هێنایە دەرەوە و پـــێکەوە هەموویـــان نـــانی ئێوارەیـــان لە هەیوانەکەی پێشەوە خوارد.

## سیویەک

**لویس**، چیمەنەکەی خۆی و دواتریش ئەوەی **ئادی**ی بڕی. دواتر هەموو چیمەنە بڕدراوەکەی لە ناو کیسە گەورەکەی چیمەنبڕەکەدا بوو، کردە ناو عارەبانەیەکی دەستییەوە و **جەیمی**یش پاڵی پێوە نا و تا لای چیمەنە کۆمەڵکراوەکەی دوور لە گەڕەکەکە غلۆری کردەوە و دواتر بەتاڵی کرد و بۆ هیی تر هاتەوە. کە تەواو بوون، **لویس** بە سۆندەیەک ئاوی پرژاندە سەر شوێنی چیمەنە بڕدراوەکە و پاشان سۆندەکەی خستەوە ناو گەنجینەکە.

لە سووچەکەدا، سەری کولانەی ناو گەنجینەکەی لا برد.

"پێت وایە جارێکی تر ئەو بێچووەمشکانە ببینینەوە؟"

"ڕەنگە. بەڵام دەبێ لە گەڕان بەردەوام بین."

"خۆزگە دەمزانی بۆ کوێ چوون. خۆزگە دەمزانی دایکیان دۆزیونێتییەوە."

بۆ چێشتخانەکەی ماڵی **ئادی** چوون و چای بەستوویان خواردەوە و پاشان چوونە باخچەکە و لە ژێر سێبەری درەختەکاندا یاریی کەچیان کرد. **ئادی**یش لەگەڵیان هاتە دەرەوە. **بۆنی** بە هەموو لایەکدا ڕای دەکرد، بۆ پێشەوە و ئینجا بۆ دواوە و دوای تۆپەکە دەکەوت و خۆی هەڵدەدا و لە هەوادە تۆپەکەی دەگرتەوە و بەو ناوەدا ڕایدەکرد، تا دەیانگرت و تۆپەکەیان لێ دەسەند.

نیوەڕۆ، **لویس** بۆ ماڵی خۆی چووەوە. **جەیمی** سەگەکەی لای خۆی لە ماڵی **ئادی** هێشتەوە و پاشان نانی نیوەڕۆیان پێکەوە خوارد. بە ئارامی قسەیان دەکرد. دواتر کوڕەکە و **بۆنی** بۆ ژووری نوستنەکەی دواوە چوونە نهۆمی سەرەوە. لە کاتێکدا سەگەکە لە ژوورە گەرمەکەدا لای قاچی جێخەوەکەوە خەوتبوو، **جەیمی** یاریی بە مۆبایلەکەی دەکرد و دواتر تەلەفۆنی بۆ دایکی کرد.

"بەم نزیکانە دەتبینم، ئەی پێم نەگوتیت. بەم نزیکانە دێمەوە ماڵەوە."

"باوکم چیی گوت؟"

"ئەو پێی باشە. هەردووکمان دەمانەوێ جارێکی تر هەوڵ بدەینەوە. تۆ بەوە دڵخۆش نیت؟"

"کەی دێی؟"

"لەم یەک دوو هەفتەیەدا."

"لە ماڵەکەماندا دەژیت؟"

"بێگومان. ئەی قابیلە لە کوێی تر بژیم؟"

"نازانم. گوتم لە شوێنێکی تر ناژیت؟"

"باوانم، دەمەوێ لەگەڵ تۆ بم."

"لەگەڵ باوکیشم."

"بەڵێ، باوکیشت."

# سیودوو

دوای چەند شەوێک، **ئادی** و **لویس** و **جەیمی** بۆ ڕێستۆرانتی *واگۆن ویل* چوونە دەرەوە، کە لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکە، دەکەوتە سەر شارێکە. لەسەر مێزێک دانیشتن، نزیک پەنجەرەیەکی گەورە. دیمەنی کێڵگەی گەنمەکانی باشووریان لێوە دیار بوو. خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو و ئەو کێڵگانە لە ژێر ڕووناکییە کزبووەکەی خۆردا زۆر جوان دەردەکەوتن. دوای ئەوەی کە نانی ئێوارەیان داوا کرد، پیاوێکی بەتەمەن هات و لەسەر کورسییە بەتاڵەکە دانیشت. پیاوێکی کەتە و پتەو بوو، بە کراسێکی قۆڵدرێژ و پانتۆڵێکی کابۆی تازەوە، دەموچاوێکی گەورە و سووری هەبوو.

**لویس** گوتی: "تۆ **ئادی مۆر** دەناسیت، وانییە **ستانلی**؟"

"بەو جۆرە نایناسم کە دڵم دەیەوێ."

"**ئادی**، ئەمە **ستانلی زۆمپکینس**ی بەناوبانگە."

"نا، من زۆر بەناوبانگ نیم، زیاتر لە کەسێکی بێناوبانگ دەچم."

"ئەمەش کوڕەزاکەی **ئادی**یە، **جەیمی مۆر**."

"ئادەی کوڕم با مەچەکت ببینم."

کوڕەکە کەمێک چووە پێشەوە و تەوقەی لەگەڵ دەستە بەهێزەکەی پیاوەکە کرد و پیاوەکەش دەموچاوی گرژ کرد، وەک ئەوەی کوڕەکە زۆر بەهێز بێت و ئازاری دابێت. کوڕەکەش تەماشای دەکرد.

**ستانلی** گوتی: "بیستوومە ئێوە یەک دەبینن."

"**ئادی** پێی خۆشە لەگەڵی بمێنمەوە."

"ئەم یەکبینینەی ئێوە وام لێ دەکات وا بیر بکەمەوە، کە هێشتا هیوا هەیە کەسێکی تر لەم ژیانەدا مابێ بۆ خۆمی بدۆزمەوە."

**ئادی** دەستی هێنا بە دەستیدا. "سوپاس. ئەوە شتێکی دڵخۆشکەرە، وانییە؟"

"کەس ناناسیت بیەوێ لەگەڵ جووتیارێکی گەنمی بەتەمەندا دەستلەملان بێ؟"

"بۆت دەگەڕێم."

"من لە دەفتەری تەلەفۆنیشدا هەم، دەتوانی ئاسان بمدۆزیتەوە."

**لویس** گوتی: "ئێ، دەنگوباس چییە؟"

"ئاها! وەک خۆت دەزانی، وەک هەمیشە، کوڕەکەم گەنمەکەی فرۆشت و یەکسەر فرتەی بۆ *لاس فێگاس* لێ کرد. ئەو هەتیوە یەک تۆز پارە لە ژمارە

بانکییەکەیدا بێ، ئیتر شێت و هار دەبێ و دەبێ خەرجی کات. کچێکی خەڵکی *بروشڕی* لەگەڵ خۆی برد. من ئەو کچەم نەبینیوە، بەڵام پێم وابێ زۆر جوانە."

"بۆچی لەگەڵیان نەڕۆیشتیت؟"

"بۆ خاتری دۆزەخ!" سەیرێکی کوڕەکەی کرد. "بمبوورە. من زۆر لەگەڵ کەسانێک لە دەوری مێزێک دانەنیشتووم، کە خۆمان بۆ کارت شین و مۆر کردبێتەوە و خۆمان بۆ تێک دابێت. ئەگەر تۆ یان کەسێکی تر یاریی پۆکەری لە ماڵەوە هەبێت، ئەوەیان شتێکی ترە، چونکە دەزانی یاریت لەگەڵ کێ کردووە و شتەکە زۆر خۆشترە. بە هەرحاڵ، من لەگەڵ شارەکان بەینم خۆش نییە."

"ئەی گەنمی ئەمساڵ چۆنە؟"

"کوڕە **لویس** ئەمساڵ هەر زۆر باشە! نامەوێ بە دەنگی بەرز ئەمە بڵێم، بەڵام ئەمساڵ یەکێکە لە باشترین ساڵەکان، کە لە ژیانماندا بینیبێتمان. باران لە کاتی خۆیدا بە چاکی باریی و تەرزەش نەباریی. لەم ناوچەیەی ئێمەدا نەباریی، لای برادەرەکانمان لە باکوور باریی. بەڵام لەم دەوروبەرە شانسمان هەبوو، هیچ نەباریی."

گارسۆنەکە چەند قاپێک خواردنی هێنا.

"با لە نانی ئێوارەتان نەکەم." هەستا و تا جارێکی تر تەوقە لەگەڵ کوڕەکە بکاتەوە، دەستی درێژ کرد. "ئەم

جاره ئازارم مەدە." کوڕەکە بە نەرمی و بە هێواشی تەوقەی لەگەڵ کرد. "زۆر باشە. دەتانبینمەوە."

"ئاگات لە خۆت بێت."

"خۆشحاڵ بووم بە بینینت، خاتوو **مۆر**."

دوای نانخواردن، بە ئوتۆمبیلەکە چوونە دەرەوەی شار و دواتریش بۆ لای کێڵگەکانی زۆپمپکینس لە باکووری ڕۆژهەلات. سەریکیان لەوێ دا و وەستان و تەماشایەکی کێڵگەکەیان کرد، هەمووی دوورابوونەوە، تەخت و باریک دەردەکەوتن.

"دیارە زۆر باش ئیشی تێدا کردووە. دڵم بەوە خۆشە، بەلام ساڵ هەبووە کە تووشی چەرمەسەریی زۆر بووە. هەموومان بەو قۆناغەدا ڕۆیشتووین."

**ئادی** گوتی: "بەلام ئەمساڵ نا."

"نەخێر، ئەمساڵ نا."

## سیوسێ

"له کەنیسه مرد، له یەکشەممەدا. تۆ ئەوەت لەیادە؟"

**لویس** گوتی: "بەڵێ. لەیادمە."

"مانگی ئۆگۆست بوو، له کەنیسه بووین. **کارڵ** وەک هەمیشە چاکەتوپانتۆڵی لەبەردا بوو، تەنانەت له هاوین و له گەرمترین ڕۆژەکانیشدا. پێی وابوو وەک بزنزمانێک و وەکیلی دڵنیایی، پێویسته بەو جۆرە دەربکەوێت. هەمیشه دەربارەی پۆشاک و دەرکەوتن، ئەو بیرۆکەیەی له زەیندا بوو. نازانم بۆچی و بۆ کێ گرنگ بوو، بەڵام بۆ ئەو گرنگ بوو. له نیوەی گوتاری قەشەکەدا، هەستم پێ کرد کە کەمێک به لای مندا هات و سەری خسته سەر شانم. پێم وابوو ماندووه و دەخەوێت، بەڵام دواتر به پێشدا کەوت و سەری بەر پشتی کورسییەکەی پێشەوەمان کەوت و منیش توانیم بیگرمەوە. ویستم ڕاستی بکەمەوە، بەڵام جارێکی تر به سەر کورسییەکەی پێشەوەماندا کەوت و کەوتە سەر

ئەرزەکە. بۆی چەمامەوە و بە ئەسپایی گوتم: '**کارڵ**، **کارڵ**'. ئەو خەڵکەی دەوروبەرمان سەیریان دەکرد. ئەو پیاوەی لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، خۆی لە کورسییەکە خزاندە خوارەوە و هەوڵی دا یارمەتیی بدا و ڕاستی بکاتەوە. قەشەکە لە قسەکردن وەستا و خەڵکەکە هەموو بۆ یارمەتیدانمان هاتن. کەسێک گوتی: 'پەیوەندی بکەن بە ئەمبولانسەوە'. لەسەر ئەرزەکە بەرزمان کردەوە و لەسەر کورسییەک پاڵمان خست. هەوڵم دا لە ڕێگەی دەمیەوە هەناسەی دەستکردی بۆ بکەم و پەمپم لە سنگی دا، بەڵام ئەو دەمێک بوو لەم جیهانە ڕۆیشتبوو. پیاوێکی ناو ئەمبولانسەکە پرسیی: 'دەتەوێ بیبەین بۆ نەخۆشخانە؟' گوتم: 'نەخێر. بیبەن بۆ پرسەخانەکە'. گوتیان: 'پێویستە پێش ئەوەی بیبەین، پزیشکی یاسایی بیبینێ'.

بۆیە چاوەڕێمان کرد تا پزیشکی یاسایی هات و کۆچی دوایی **کارڵ**ی ڕاگەیاند.

ئەمبولانسەکە بۆ پرسەخانەکەی برد و من و **جین**یش بە ئۆتۆمبیلەکەمان بە دوایدا ڕۆیشتین. سەرپەرشتیاری هۆڵی پرسەکە لە ژوورەکەی دواوە لەگەڵ تەرمەکەدا بە تەنیا جێی هێشتین. هەموو شتەکان بێدەنگ و فەرمی بوون. هاتن تا ئارایشتی بۆ بکەن، بەڵام نە من و نە **جین** قاییل نەبووین ئارایشتی بۆ بکرێ. **جین**ی بۆ پشووی زانکۆ هاتبووە. هەردووکمان لە ژوورەکەدا لای لاشەی باوکیەوە ماینەوە. **جین**ی دەستی لێ نەدا، من

چەمــامەوە و مــاچم کــرد. لاشــەکەی ســارد ببــوو و چاوەکانیشـــی بە ئێجگــاری داخرابــوون. مــانەوە لەو ژوورەدا هەســتێکی کەمێـک ترسـناک و نـامۆی هەبـوو. **جـین** هەرگیـز دەسـتی لـێ نەدا و دواتـر لە ژوورەکە چووە دەرەوە و من بۆ دوو سەعاتێک لەگەڵی مامەوە و کورسییەکم ڕاکێشایە لایەوە و خۆم بۆ چەماندەوە و بیـرم لەو کـاتە جوانـانە دەکـردەوە، کە لە نێوانمانـدا تێپەڕیبــوون. لەناکــاو پــێم گــوت: 'ماڵئــاوا'. دواتــر سەرپەرشتیاری پرسـەکەم بانـگ کـرد و پـێم گـوت کە ئێمە تەواو بووین و دەمانەوێ لاشـەکەی بسـووتێندرێت و هەموو شتەکانمان ڕێک خست. شتەکان زۆر لەناکاو ڕوویـان دا، وەک ئەوەی بێهـۆش و بێئاگـا بـووبم. پـێم وابێ لە شۆکدا بووم."

**لویس** گوتی: "بێگومان دەبێ وابووبێ."

"ئێستاش زۆر باش ئەو هەستەم لەیادە کە ئەو ڕۆژانە هەمبـوون. هەسـتێک بـوون وەک ئەوەی تـۆ سـەر بەم جیهانە نەبی، وەک ئەوەی بێئاگا بی و لە خەوندا بی و ئەو بڕیـــارانەی کە داوتـــن و ئەو ئیشـــوکارانەی کە ڕاتپەڕاندوون، خۆت نازانیت چۆن ڕوویـان داوە، بەڵام لە کاتی خۆیاندا ئەو شتگەلەت بە دروستی کردوون و بە دروستی گوتووتن.

**جین** زۆر تووڕە بوو. قسەی لەبارەیەوە نەدەکرد. لەو باســانەدا لە بــاوکی دەچــوو. هــیچ کامیــان هەرگیــز نەهـاتنەوە سـەر ئەو باسـە. **جـین** هەفـتەیەک مـایەوە و

دواتر گەڕایەوە بۆ زانکۆ و ڕێگەیان دا زووتر بچێتەوە ئەپارتمانەکەی خۆی و تا کۆتایی هاوین لەوێ مایەوە. شتەکان زۆر باش دەبوون ئەگەر هەموو پێکەوە بووینایە و یارمەتیی یەکترمان بدایە، بەڵام بەداخەوە ئەوە ڕووی نەدا. من پێم وانییە خۆیشم زۆر هەوڵم بۆ ئەوە دابێت. دەمویست بمێنێتەوە، بەڵام دەمزانی ئەوە بۆ کەسمان باش نەبوو. ئێمە هەر یەکترمان پشتگوێ دەخست و هەرکات بمویستایە سەبارەت بە باوکی قسەی لەگەڵ بکەم، ئەو دەیگوت: 'لێی گەڕێ دایە. چیتر گرنگ نییە.' بێگومان گرنگیش بوو. لە دڵیدا ڕقێکی زۆری سەبارەت بە باوکی کەڵەکە کردبوو. بە جۆرێک، کە پێم وانییە ئێستاش دڵی پاک بووبێتەوە و خۆی لەو ڕقە دەرباز کردبێت. بەشێکی ئەو ڕق و پەیوەندییەی نێوان خۆی و باوکی، ئێستا درێژ بووەتەوە بۆ خۆی و **جەیمی**. وا دیارە هەموو ئەو شتانەی کە باوکی لەگەڵی کردوونی، لەگەڵ ئەو کوڕە بچکۆلەیەدا دووبارەی دەکاتەوە."

"تۆ ناتوانی ئەو شتانە چاک بکەیتەوە، وانییە؟"

"هەمیشە ویستوومانە و هەرگیزیش نەمانتوانیوە."

## سیوچوار

ڕۆژێکی شەممە، بۆ قاوەخواردنەوە لە دەوری مێزی چێشتخانەکە دانیشتن. لە ڕۆژنامەی *پۆست*دا پڕوپاگەندەیەک سەبارەت بە دەستپێکردنی وەرزێکی شانۆ لە *سەنتەری دێنڤێر بۆ هونەرە جوانەکان* هەبوو. **ئادی** گوتی: "بیستت بەتەمان دوا کتێب نمایش بکەن، کە لەبارەی شارۆچکەی *هۆڵت*ەوەیە؟ ئەوەی پیاوە پیرەکە لە سەرەمەرگدایە، ئەوەی باسی قەشەکە دەکات؟"

"دوانەکەی پێشتریان کرد، لەبەر ئەوە پێم وابێ ئەمەش دەکەن."

"ئەوانەی پێشووت بینی؟"

"بینیمن. بەڵام بڕواکردن بەوە ئەستەمە، کە دوو جووتیاری بەساڵاچوو داڵدەی کچێکی دووگیان دەدەن."

"ڕەنگە ڕوی دابێت. خەڵک دەتوانن شتی چاوەڕواننەکراو ئەنجام بدەن."

**لویس** گوتی: "نازانم. بەڵام ئەوە خەیاڵی ئەو بوو. ئەو تەنها بیرکردنەوەکانی و ناوی شەقام و شوێنەکان و

شێوەی ئێرەی بردووە و تەواو. بەڵام ئەوە ئێرە نییە، هیچ شوێنێکی تریش نییە. هەموو شتەکانی دروستکراون. هیچ دووبرایەکی لەو جۆرەت دەناسی؟ ئەو شتە بەڕاستی لێرە ڕوویان داوە؟"

"هێندەی من بزانم، نا. هەرگیز شتی واشم نەبیستووە."

"هەموو شتەکان تەنها خەیاڵین."

"دەیتوانی کتێبێک لەبارەی من و تۆوە بنووسی. پێت خۆش دەبوو؟"

**لویس** گوتی: "نامەوێ لە هیچ کتێبێکدا بم."

"بەڵام چیرۆکی من و تۆ، زۆر لە چیرۆکی ئەو دوو جوتیارە لادێییە زیاتر ڕێی تێدەچێ و گونجاوتریشە."

"بەڵام ئەمە جیاوازە."

**ئادی** گوتی: "چۆن جیاوازە؟"

"ئێ ئەمە ئێمەین، من پێم وانییە ئێمە گونجاو بین."

"سەرەتا پیت وابوو گونجاوین."

"نەمدەزانی چۆن بیر بکەمەوە. تۆ سەرسامت کردم."

"ئێستا هەست ناکەیت باشتر بیت؟"

"سەرسامکردنێکی باش بوو. ناڵێم باش نەبوو. بەڵام هێشتا سەر لەوە دەرناکەم چۆن ئەو بیرۆکەیەت بۆ هات کە داوام لێ بکەیت."

"پێم گوتیت. تەنیایی، ویستی قسەکردن لەگەڵ کەسێکدا لە شەواندا."

"لە کارێکی بوێرانە دەچێ. ئەوەی کردت سەرکەشی بوو."

"ڕاســـته. بەڵام ئەگەر تــۆ بە پێشــنیارەکەم قــاییلیش نەبوویتایە، حاڵم لەوە خراپتر نەدەبوو کە بووم. تەنها ئەوە نەبێـت کە دڵـم لە خـۆم دادەمـا، کە پێشـنیارەکەم ڕەت کراوەتەوە و بێهیوا کراوم. بەڵام پێشـم وابـوو کە ئەگەر تۆ ڕەتیشم بکەیتەوە، ئەوا بە کەسـی تـر ناڵێیت و ئەو داواکارییەی من و بێهیواکردنەکەشم لە لایەن تۆوە، بە نهێنی لە نێوان هەردووکماندا دەمێننەوە. بەڵام ئێسـتا هەموان دەزانن. چەند مانگێکە دەزانن. ئێستا پەیوەندیی نێوان من و تۆ باسێکی کۆنە."

**لـویس** گـوتی: "مـن پـێم وانیـیە تەنـانەت بـووبێتین بە باسیش. هیچ جۆرە باسێک، نە کۆن، نە نوێ."

"دەتەوێ ببیت بە باس."

"بـۆ خـاتری خـوا! باسـی چـی! نەخێـر نـامەوێ. تەنهـا دەمەوێ ژیـانێکی سـادە بـژیم و هەمـوو بیرکـردنەوەم لەســـەر ئەوە بێـــت کە ڕۆژانە چـــی دەگـــوزەرێ و دەشمەوێ شەوان لەگەڵ تۆ بخەوم."

"ئێ، ئێمەش هەر ئەوەمـان کردووە. کێ هەیە تـا ئێستا بیری لەوە کـردبێتەوە کە لەم سـات و لەم تەمەنەی ئـێمەدا بێـت و شتێکی لەم جۆرەی ئێمەی هەبێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێمە لەگەڵ ئەم هەمـوو بەخـتەوەری و گـۆڕانەدا، هێشـتا بەسـەر نەچووین و لە ناو جەستەماندا وشک نەبووینەتەوە."

"تەنانەت ئەوەش ناکەین کە خەڵک پێیان وایە دەیکەین."

"دەتەوێ بیکەین؟"

"ئەو بڕیارە لای تۆیە."

## سیوپێنج

لە کۆتایی ئۆگۆستدا، ڕۆژێکی شەممە، **جین** بە ئۆتۆمبیلەکەی بە ناو کێوەکاندا بەرەو *هۆڵت* بووەوە. هاتبوو تا کوڕەکەی بباتەوە ماڵەوە. لە دوانیوەڕۆیەکی درەنگدا گەیشتە ماڵی دایکی. باوەشی بە هەردووکیاندا کرد و پاشان لەگەڵ **جەیمی** و سەگەکەدا بەرەو شەقامەکە و لای ئۆتۆمبیلەکەیان ڕۆیشتن.
"کەیفت بەم سەگە دێت؟"
"بێگومان."
"تەنانەت دەستیشت لێ نەداوە. نەمبینی یەک جاریش دەستی پێدا بێنی."
بۆ سەگەکە دانەوییەوە و دەستی بە سەریدا هێنا و بە میهرەبانییەوە قسەی لەگەڵ کرد. پاشان بە دەوری کۆڵانەکەدا سووڕانەوە و بە لای ماڵەدراوسێکانەوە هاتنەوە بۆ ماڵی ئادی. نانی ئێوارەیان خوارد و شەو **جین** لەسەر جێخەوە دوونەفەرییە گەورەکەی ژووری

دواوە، لای **جەیمی** و سەگەکە نوست. **لویس**یش خەوی لێ نەکەوت و بێدار مایەوە.
کە ڕۆژ بووەوە، هەموو شتەکانی **جەیمی**یان پێچایەوە. جلەکــانی، یارییەکــانی، کەرەســتەی بەیســبۆڵەکەی، سەگەکەی و خواردن و قاپ و پێداویستییەکانی. پاشان کوڕەکە گوتی: "دەبێ ماڵئاوایی لە **لویس** بکەم."
"بەڵام درەنگە، دەبێ بڕۆین."
"یەک خولەک بابە، پێویستە بچم."
"کە وایە زۆرت پێ نەچێت."
بە ڕاکردن چوو بۆ ماڵەکەی **لویس**، بەڵام ئەو لە ماڵ نەبوو. دەرگەکەی کردەوە و بانگی کرد، بە ژوورەکاندا گەڕا. دواجار بە گریانەوە گەڕایەوە.
باوکی پێی گوت: "دەتوانی دواتر پەیوەندیی پێوە بکەیت."
"بەڵام وەک بینین نییە."
"کاتمان بۆ چاوەڕوانی نییە، تا دەگەینە ماڵەوە درەنگ دەبێ."
**ئادی** توند باوەشی پێدا کرد و پێی گوت: "پەیوەندیم پێوە بکە، گوێت لێمە؟ دەبێ پەیوەندیم پێوە بکەیت. دەمەوێ بزانم چۆنیت و لەگەڵ خوێندنگە چۆن دەڕۆیت." **جەیمی** خۆی پێوە هەڵواسیبوو. **ئادی** بە هێواشی دەستەکانی ئەوی شل کرد و خۆی لێ دوور خستەوە. "تەنها بیرت نەچێ، پەیوەندیم پێوە بکەیت."
"پەیوەندیت پیوە دەکەم نەنە."

ماچی **جین**ی کرد. "سەبرت هەبێ."
"خەمت نەبێ دایە گیان، وا دەکەم."
"هیوادارم. تۆش پەیوەندیم پێوە بکە."
ئیشیان بە ئوتۆمبیلەکە کرد و ڕۆیشتن. کوڕەکە و سەگەکە لە جامەکەی دواوە سەیری **ئادی**یان دەکرد، کە لەسەر ڕۆخی شۆستەکە وەستابوو. کوڕەکە هەر دەگریا. ئادی تەماشای ئوتۆمبیلەکەی دەکرد تا لە چاوان ون بوو.
تاریک داهات و **لویس** دیار نەبوو، بۆیە پەیوەندیی پێوە کرد. "لە کوێیت؟ بەتەما نیت بێی؟"
"نازانم. هەست دەکەم باشتر وایە نەیەم."
"تۆ تێناگەیت، دەزانی؟ من ناتوانم وەک تۆ لە ماڵەوە دابنیشم و بیر بکەمەوە و بە تەنیا هەموو شتەکان بکەم. دەمەوێ بۆ ئێرە بێیت و قسە بکەین."
"با جارێ ئەم ناوە پاک بکەمەوە."
"پێویست ناکات ئەو ناوە پاک بکەیتەوە، وەرە."
"با، پێویست دەکات. سەعاتێکی تر لەوێ دەبم."
"من هەر لێرەم، چاوەڕێت دەبم."
وەک هەمیشە دووشێکی کرد و ڕیشی تاشی و لە تاریکیی شەودا بە لای ماڵەدراوسێکاندا کەوتە ڕێ. **ئادی** لە هەیوانەکەدا، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و چاوەڕێی دەکرد. کە **لویس** هات، **ئادی** هەستا و لەسەر پلیکانەکان ماچی **لویس**ی کرد. ئەمە یەکەم جار بوو لە شوێنێک ماچی بکات، چاوی خەڵکیان لێوە دیار بێت.

**ئادی** گوتی: "تۆ هەندێ جار کەللەڕەق و تەممەڵیت. پێم وانییە هەرگیز فێر ببی."
"هەرگیز پێم وانەبووە تەمەڵ بم. بەڵام پێ دەچێ وابم."
"کە دێی بۆ لای من وایت."
"دەزانم بۆ من چی دەگەیەنیت و چیت بۆم، بەڵام ناتوانم لە مێشکمی دەربکەم، کە ئایا منیش هەمان شت بۆ تۆ دەگەیەنم؟"
"جارێکی تر ناچمەوە سەر ئەو باسە، ئەوە کێشەی خۆتە نەک من. دەی با بچینە سەرەوە."
لە ناو جێخەوەکەدا، بە تاریکی دەستی یەکیان گرت.
**ئادی** گوتی: "نازانم شتەکان چۆن کۆتاییان دێت."
"هێشتا بیر لەم یەکتربینینەمان دەکەیتەوە؟"
"نا. من باسی کوڕەکەم و ژنەکەی و کوڕەزاکەم دەکەم. کە ڕۆیشتن **جەیمی** دەگریا. دەزانی بۆ؟"
"چونکە بیری تۆ دەکات."
"ڕاستە. بەڵام لەبەر ئەوە دەگریا کە نەیتوانی تۆ ببینێ و ماڵئاواییت لێ بکات. ئەوە لە کوێ بوویت؟"
"بە ئوتۆمبیلەکە چووم فڕەیەکی دەوری شارۆچکەکەم لێ دا و دواتر بۆ نانی نیوەڕۆ بۆ *فیلیپس* چووم و تا ئێوارە درەنگ نەهاتمەوە."
"هات بۆ ماڵەکەت، تا پێش ئەوەی بڕوات بتبینێ. ئەها چەند گرنگیت پێ دەدا!"
"ئەویش لای من گرنگە."

"تەنها بە هیوای ئەوەم **جین** و ژنەکەی نێوانیان باش ببێتەوە. ڕەنگە ئەم هاوینە وانەیەکی باش بووبێت بۆ ئەوان. لە ئێستاوە دڵم لایانە."

"باسی چیت بۆ کردم؟ باسی ئیرادە و توانای چاککردنەوەی ژیانی ئەوانی ترت بۆ دەکردم؟"

"ئەوە بۆ تۆ بوو، نەک بۆ من."

"هممم... تێگەیشتم."

"ئۆها! بە بوونی تۆ لێرە زۆر ئارامم، لە ئێستاوە هەست بە باشتربوون دەکەم."

"ئێ خۆ هێشتا باسی هیچمان نەکردووە."

"بەڵام لە ئێستاوە هەست بە باشتربوون دەکەم. سوپاسگوزارم بۆ هەموو ئەم شتانە. هەست دەکەم دیسانەوە بەختەوەریم بۆ گەڕاوەتەوە."

## سیوشەش

دوای ئەوەی کە **جەیمی** ڕۆیشت، هەوڵیان دا ئەوە بکەن کە خەڵکی شارۆچکەکە پێوان وابوو ئەمان دەیکەن، لە کاتێکدا نەشیاندەکرد. ئیتر **لویس** لە ژووری نوستنەکە جلەکانی دەگۆڕی. **ئادی** لە جێخەوەکەدا بوو، لە ژێر سەرچەفە کەتانەکەدا. **لویس** دوور لە جێخەوەکە، پشتی کردبووە ئادی و بیجامەکەی لە پێ کرد و بۆ لای ئەو سووڕا. بێئاگا بوو لەوەی کە ئەو سەرچەفەکەی لەسەر جەستەی لا بردووە و لە ژێر ڕووناکییەکی کزی گڵۆپی تەنیشت جێخەوەکە، بە ڕووتی ڕاکشاوە. بە پێوە وەستابوو و تەماشای دەکرد.

"لەوێ مەوەستە، دوودڵ و ڕاڕام دەکەی."

"دوودڵ مەبە. زۆر جوانیت."

"لای کەمەر و سکمەوە زۆر قورسم. ئەم جەستە پیرەم. ئێستا ژنێکی بەتەمەنم."

"ئێ خاتوو **مۆری** ژنی پیر، تۆ تەواو منت بەدەست هێناوە. تۆ زۆر بێکەموکورِیت. تۆ بەو جۆرەیت کە دەبێ ببی. تۆ پێویست ناکات لە ئێستادا وەک کچێکی سیازدە سالآنی بێمەمک و سمت دەربکەویت."

"ئێ من ئێستا وا نیم. نازانم ئەگەر واش بووبێتم."

"تەماشا بکە چیمان لێ هاتووە! من ئێستا خاوەنی ئەم هەناوەم و دەستەکانم و قاچەکانم بوون بە دەست و قاچی پیاوێکی پیر."

"لە چاوی مندا بێکەموکورِیت. بەلآم هێشتا لەوێدا بە پێوە وەستاویت. نایەیت رِابکشێی؟ یان دەتەوێ هەموو شەوەکە لەوێ بە پێوە بوەستیت؟"

**لویس** بیجامەکەی داکەند و خۆی خزاندە ناو جێخەوەکەوە. **ئادی** لێی نزیک بووەوە و دەستی گرت و ماچێکی **لویس**ی کرد. ئەویش رِووی تێکرد و ماچی کرد و بەدەم ماچکردنەوە، دەستی بە شانومل و مەمکیدا هێنا.

**ئادی** گوتی: "ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەوەدا تێپەرِیوە کە کەسێک ئاوام لێ بکات."

"ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەوەدا تێپەرِیوە کە ئاوا لە کەس بکەم."

**لویس** ماچی کردەوە و دەستی بە جەستەیدا هێنا و **ئادی**یش زیاتر ئەوی بە جەستەی خۆیەوە نا و لویس بەدەم ماچکردنی رِوخسار و شانوملیەوە، خۆی خزاندە تەنیشتیەوە و پاشان بە هێواشی چووەوە سەر

جەستەی و هێواش هێواش جەستەی خۆی دەجووڵاند. تا لەناکاو وەستا.

"چی بووە؟"

"ناتوانم بە ڕەقی بمێنمەوە. ئێستا خاوەنی جەستەیەکی پیرم."

"پێشتریش ئەم کێشەیەت هەبوو."

"نەخێر، بەڵام چەندین ساڵیش دەبێ ئەمەم ئەنجام نەداوە. وەک شاعیرەکە دەڵێت، سەردەمی لاوازی و بێتوانایی هات. ئێستا من تەنها پیاوێکی پیری کوڕی سۆزانیم."

**لویس** بە بێدەنگی لە تاریکییەکەدا لە تەنیشتی پاڵ کەوتەوە.

"بێتاقەتیت؟"

"بەڵێ. کەمێک. بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە بێهیوام کردیت."

"نەخێر، بێهیوات نەکردم، ئەمە یەکەم جارمان بوو. ئەو هەموو کاتەمان لەپێش ماوە."

"ڕەنگە پێویست بکات یەکێک لەو حەپانە بەکار بهێنم کە لە تەلەفیزیۆن پڕوپاگەندەی بۆ دەکات."

"ئاها! پێم وابێ ئەوە باش دەبێ. با شەوێکی تر هەوڵ بدەینەوە."

## سیوحەوت

شـەوێکی تـاریکی ئەنگوسـتەچاو، پـێکەوە بـۆ حەوشـەی خوێنـدنگە ناوەنـدییەکە چـوون و **ئـادی** لەسـەر جـۆلانێ گەورە زنجیـرەکە دانیشـت و **لـویس**یـش لەو شـەوە فێنکەی هاویندا، پاڵی پێوە دەنا و ئەویش خۆی دەخست بە پشـت و بە پێشـدا و تەنوورەکەی لەسـەر ڕانـی بەرز دەبـووەوە و فـش دەبـوو و پـڕ دەبـوو لە هەوا. دواتـر گەڕانەوە بـۆ مـاڵەوەوە و چـوونە نهـۆمی سـەرەوە. لە ژووری نوستنەکەی پێشەوە، لەبەر ئەو هەوا فێنکەی لە پەنـجەرەکەوە دەهـاتە ژوورەوە، بە ڕووتـی لە تەنیشـت یەکەوە پاڵ کەوتن.

وەک چۆن پێشـتر **ئـادی** چووبـوو بـۆ ئەوی، جـارێکیش چـوون بـۆ *دێنڤێـر* و شـەوێک لەوێ لە هۆتێـل *بـراون پـالاسی* جـوان و کـۆن مـانەوە، کە لە بـاخچە کـراوە گەورە فراوانەکەیـدا، پیانۆژەنێـک بە درێژایـی شـەو پیانۆی دەژەند. ژوورەکەی ئەوان لە نهۆمی سێیەم بوو

و دەیڕوانــی بەســەر بــاخچەکەدا و ئەوانــیش ســەیری پیـــانۆژەنەکە و خەڵکەکەیـــان دەکـــرد، کە لە دەوری مێزەکانیان دانیشتبوون و چا و کۆکتێلیان دەخواردەوە و گارسـۆنەکان خێراخێـرا دەهـاتن و دەچـوونە پشـتی بـاڕەکەوە و خواردنەوەیـان دەهێنـا و کـاتێکیش تاریـک داهــات، میوانەکــان چــوونەوە نــاو بــاڕەکە یــان بــۆ ڕێســتۆرانتەکە، کە مێزەکـانی پەڕۆی سـپییان بەسـەردا درابـوو و پەرداخ و شـتە زیوینەکـانی سـەر مێزەکـانیش دەدرەوشــانەوە. ئەوانــیش بــۆ ڕێســتۆرانتەکە چــوونە خـوارەوە و نانیـان خـوارد و هـاتنەوە سـەرەوە و **ئـادی** یەکێک لەو عەزیـیە گرانبەهایـانەی لەبەر کـرد، کە چەنـد ساڵێک لەوەوپێش، تەنها بۆ ئەوەی لە *دێنڤێر* لەبەریـان بکات، کڕیبوونی.

بۆ سەر شۆستەکە لە شـەقامی ١٦ *مۆڵ* چوونە دەرەوە و پاشان بە پاس بۆ شەقامی *کورتیس* چوون. دواتـر بە پیاسـە بـۆ ناوەنـدی *دێنڤێـر* چـوون. چـوونە نـاو هـۆڵی پێشـوازیی گەورە، لای دەسـتەچەپی هـۆڵی شـانۆکەوە. خاتوونێک کورسییەکانیانی پیشـان دان. هۆڵێکی گەورە بــوو، بینەرێکــی زۆری دەگــرت. ئەوان دانیشــتبوون و سەیری ئەو خەڵکەیان دەکرد کە دێنە ژوورەوە و قسـە دەکەن و پاشـان نماییشـەکە دەسـتی پێ کـرد. کۆمەڵێک پیاو لەسەر شانۆکە، بە پانتۆڵی ڕەش و کراسی سـپی و بۆینبــاخی ڕەشــەوە گۆرانییــان دەگــوت. ئامــادەبوان بەشـێکی شـانۆکەیان لا پەسـەند بـوو. دواتـر لە پشـووی

نێوان نمایيشەکەدا، دەستی یەکتریان گرت و چوون بۆ ژووری پشـووەکان. ژنەکـان بە ڕیزێکـی درێـژ نۆرەیـان گرتبـوو. لـویس چـووەوە سـەر کورسـییەکەی خـۆی و دواتـر **ئـادی**یـش ڕێـک پـێش دەسـتپێکردنەوەی بەشـی دووەمی نمایيشەکە، هاتەوە و دانیشت.

**ئادی** گوتی: "هیچ مەڵێ."

"هیچم نەگوتووە."

"بۆ لەوە تێناگەن کە خاتوونەکـان کـاتی زیاتریـان دەوێ و پێویستیان بە مێز و ئاوێنەی زیاترە؟"

"خۆت دەزانی بۆ."

"چـونکە ئەوە پیـاوانن کە دیزاینـی ئەو شـتانە دەکەن. لەبەر ئەوە."

بەشـی دووەمیـان سـەیر کـرد و دواتـر چـوونە دەرەوە. لەسـەر جـادەکەی بەردەم هـۆڵی شـانۆکە، لە ژێـر ڕووناکییە درەوشاوەکانی گڵۆپەکاندا تەکسییەکیان گرت و بۆ هۆتێل گەڕانەوە.

**لویس** گوتی: "دەخۆیتەوە؟"

"تەنها یەک پێک."

بۆ بارەکە چوون و میزەکەیان پیشـان درا و دانیشـتن و یەکـی پەرداخێـک شـەرابیان خـواردەوە. دواتـر بە بەرزکەرەوەکە چـوونەوە ژوورەکەی خۆیـان و خۆیـان ڕووت کـردەوە و چـوونە نـاو جـێخەوە گەورەکەوە. گڵۆپەکانیـان کوژانـدەوە و تەنهـا ڕوونـاکییەکی کـز لە پەردە لووسە تەنکەکەوە دەهاتە ژوورەوە.

**ئادی** گوتی: "ئەم شتانەی دەیانکەین زۆر چێژبەخشن، وانییە؟"

"بێگومان وایە."

بە خێرایی خۆی بەسەر **لویس**دا چەماندەوە و گوتی: "هەست دەکەم خۆشترین ساتەکانی ژیانم دەژیم. ئەم شتانەی ئیستا دەیانکەم، ئەو شتانەن کە دەمەوێ سبەییش بیانکەم و دەمەوێ جارێکی تر بچینەوە سەر جێخەوەکەی خۆمان."

"هەموو شت لە کات و شوێنی خۆیدا."

"ئێستا پێم بڵێ، لەم هۆتێلە گەورەیەدا ماچم دەکەی یان نا؟"

"بەتەمای ئەوە بووم."

بەیانی نانێکی درەنگیان لە ڕێستۆرانتەکە خوارد و خۆیان و جانتاکانیان کۆ کردەوە و فەرمانبەرێکی هۆتێلەکە ئوتۆمبیلەکەی **لویس**ی هێنا و لە بەردەم هۆتێلەکە بۆی ڕاگرتن و لە بارکردنی جانتاکاندا یارمەتیی دان. **لویس** بە جەوێکی خۆشەوە بەخششێکی باشی پێ دا. بە ئارامی بەسەر شەقامی *یو ئێس ٣٤*دا ڕۆیشتن و دواتر بەرەو *فۆرت مۆرگان* و *برەش* چوون و لە کۆتاییدا گەیشتنەوە شارۆچکەی *هۆڵت*. زەوییەکی تەخت و بێدرەخت و ڕووتەڵ بوو. تەنها ئەو ڕیزە درەختەی لێ بوو، کە بە درێژایی شەقامەکە بۆ پارێزگاریکردنی شارۆچکەکە لە ڕەشەبای بەهێز، بە دەوری ماڵی جووتیارەکاندا ڕوێندرابوون. ئاسمان

ساماڵ بوو و تا چاو بڕی دەکرد، لە ئاسمان زیاتر هیچی تر دیار نەبوو.

دوانیوەڕۆ گەیشتنە بەردەم ماڵی **ئادی** و **لویس** یارمەتیی دا و جانتاکانی لەگەڵدا بۆ ژوورەوە بردە سەرەوە و دواتر ڕۆیشتەوە ماڵەکەی خۆی و جانتاکانی هەڵڕشتەوە. کە تاریک داهات، بە پیاسە بۆ ماڵی **ئادی** ڕۆیشت، تا شەو لەوێ بمێنێتەوە.

## سیوهەشت

لە ڕۆژی *لابـۆردا*، بڕیاریـــان دا بەرەو ڕۆهەڵات بـــۆ دەریـــاچەی *شـێف* بچـن. دەریـــاچەکە تەنــک بــوو و بنەکەشـــی لمــاوی بــوو. گیــا و شــۆڕەبی ئەمــبەر و ئەوبەری ئاوەکەیــان داگیــر کردبــوو. بەڵام گیاکــان لە لایەن مانگــا و ئــاژەڵە ماڵییەکــانی تــرەوە خورابــوون و ڕێکی ئەرزەکە کرابوونەوە. کۆمەڵێک درەختی گەورە و بەتەمەنـــی کۆتنــوود لە نزیــک دەریـــاچەکە هەبــوون. **لــویس**یــش لە پشـــتی ئوتــۆمبیلەکەی، خاکەنازێــک و شـــەنێکی دەرهێنـــا و کەوتە پـــاککردنەوەی پاشـــەڕۆی شـوێنی سـێبەری ژێر درەختەکـان، هیـی ئەو ئـاژەڵانەی کە بۆ پشوو لایان دابوو.

**ئــادی** گـوتی: "دیـارە پێشـتر هاتوویـت بـۆ ئێـرە، تەواو خۆت ئامادە کردووە."

"ئەو کاتەی **هۆڵی** بچووک بوو، زووزوو بۆ ئێرە دەهاتین. ئێرە تەنها شوێنی ئەم ناوچەیەیە کە ئاوی بەخوڕ و سێبەریشی لێ بێت."
"بەڕاستی خۆشە. چیای لێ نییە، بەڵام بۆ شارۆچکەیەکی وەک *هۆڵت* زۆر خۆشە."
"بەڵێ."
"بەڵام دڵنیایت کەس نایەت لێرە دەرمانبکات و ڕاومان بنێ؟"
"گومانم هەیە کەس بێت. ئێرە مولکی **بیل مارتین**ە. هەمیشە بەلایەوە ئاسایی بووە کێ دێت و کێ نایەت."
"دەیناسیت؟"
"بەڵێ. پێم وابێ تۆش دەیناسیت."
"تەنها ناوەکەیم بیستووە."
"لە خوێندنگە منداڵەکانی لای من بوون. هەموویان منداڵی ژیر بوون. سەقەت پەروەردەی کردبوون، بەڵام ژیر بوون. ئێستا هەموویان ماڵیان جێ هێشتووە. وێنای ئەوە دەکەم کە بەوە دڵگران بووبێت. هیچ منداڵێک نایەوێ لە شوێنێکی وەک ئێرە بمێنێتەوە."
**ئادی** بەتانییەکی دەرهێنا و لەسەر ئەرزەکە لە شوێنێکی پاک ڕایخست و لەسەری دانیشتن و دەستیان بە خواردنی مریشکی برژاو و زەڵاتە و ستیکی گێزەر و پەتاتەی سوورەوەکراو و زەیتوون کرد و پاشان **ئادی** دوو پارچە کێکی چۆکلێتی بۆ خۆیان قاژ کرد. دواتر چای بەستوویان بەسەریدا کرد. پاشان لەسەر پشت

لەسەر بەتانییەکە ڕاکشان و سەیری درەختەکەی سەرەوەیان دەکرد، کە شنەبا یاریی بە گەڵاکانی دەکرد. پاش کەمێک **لویس** هەستا و پێڵاو و گۆرەوییەکانی داکەند و پانتۆڵەکەی هەڵکرد و بە هێواشی لە ئەرزە گەرمەکەوە قاچی کردە ناو ئاوە ساردەکەوە و قاچەکانی لە ناو لمی ڕۆخی ئاوەکەدا نوقم بوون و دانەوییەوە. ئاوی پرژاند بە مەچەک و دەموچاویدا. **ئادی** بە پێی پەتی و بە عەزییە هاوینەکەیەوە بۆ لای چوو. عەزییەکەی تا سەر ئەژنۆی هەڵکرد و چووە ناو ئاوەکەوە.

"ئۆها! ئەمە بۆ ئەم ڕۆژە گەرمە زۆر گونجاوە. پێشتر هەرگیز نەهاتووم بۆ ئێرە. نەمدەزانی لەم شارۆچکەی *هۆڵت*ە شوێنکی وا هەیە."

"لەگەڵ من بمێنەرەوە خاتوون، فێری زۆر شت دەبیت."

**لویس** کراس و پانتۆڵ و جلەکانی ژێرەوەشی داکەند و لەسەر گیاکە داینان و گەڕایەوە بۆ ناو ئاوەکە. کەمێک ئاوی لە خۆی پرژاند و ئینجا لە ناو ئاوەکەدا لێی دانیشت.

**ئادی** گوتی: "زۆر باشە. کەواتە شتەکان بەم جۆرە دەڕۆن." دامێنی عەزییەکەی گرت و بۆ سەرەوە دایکەند. پاشان جلەکانی ژێرەوەی داکەند و خۆی بۆ ناو ئاوە ساردەکە چەماندەوە و لە تەنیشتیەوە دانیشت.

"ئەگەر کەسێکیش بمانبینێ، هیچ بەلامەوە گرنگ نییە."

لە ناو ئاوەکەدا ڕاکشان و ڕوویان کردە یەک. ڕوخسار و دەست و قۆڵیان نەبێ، جەستەی هەردووکیان سپی‌سپی بوو. هەردووکیان وەک یەک، کەمێک ورگن و قورس بوون. هەستیان بە لمەکەی ژێریان دەکرد، کە وەک پەنجەکانی دەستێک، پاڵی بە جەستەیانەوە دەنا.

پاشان لە ئاوەکە هاتنە دەرەوە و بۆ سەر بەتانییەکە چوونەوە و خۆیان وشک کردەوە و جلەکانیان لەبەر کردەوە. لەو دوانیوەڕۆ گەرمەدا، لە ژێر سێبەری درەختەکاندا سەرخەوێکیان شکاند و دواتر کە خەبەریان بووەوە، جارێکی تر لە ناو ئاوەکەدا خۆیان فێنک کردەوە. پاشان خواردنەکەیان کۆ کردەوە و کەوتنەوە ڕێ بۆ *هۆڵت*. **ئادی**ی گەیاندەوە ماڵێ و تا سەبەتە گەورەکەی سەیرانەکەی بردە سەرەوە، **لویس** بە کۆڵانەکەدا داگەڕا و ئوتۆمبیلەکەی پارک کرد و خاکەناز و شەنەکەی کردەوە ناو گەنجینەکە. هەر کە چووە ژوورەوە، یەکسەر تەلەفۆنەکەی زەنگی لێ دا.

**ئادی** گوتی: "باشتر وایە ئێستا بێیت بۆ ئێرە."

"چی ڕووی داوە؟"

"**جین** لێرەیە، دەیەوێ قسەمان لەگەڵ بکات."

"کەمێکی تر لەوێ دەبم."

**جین** لە ژووری دانیشتنەکە لەسەر قەنەفەیەک بەرانبەرت **ئادی** دانیشتبوو.

**جین** گوتی: "دابنیشە **لویس**."

**لــویس** ســـەیرێکی کــرد و بە هێواشـــی بە ژوورەکەدا ڕۆیشـت و مـاچێکی دەمـی **ئـادی**ی کرد. مەبەسـتی بـوو ئەوە بکــات. پاشـــان بەرانــبەر **ئــادی**، لەســـەر قەنەفەکە دانیشت و گوتی: "هیچ بووە؟"

**جین** گوتی: "با من ئەو پرسیارە لە تۆ بکەم، بە درێژایی ئەم دوانیوەڕۆیە من چاوەڕێتان بووم."

**ئادی** گوتی: "پێم گوت کە لە کوێ بووین."

**جین** گوتی: "شوێنێکی ئاسایی نییە."

**لویس** گوتی: "گرنگ ئەوەیە لەگەڵ کێ دەچیت و لەوێ چی دەکەی."

"من لەبەر ئەوە لێرەم، دەمەوێ ئەوە بوەستێنن."

**لویس** گوتی: "باسی پیکەوەبوونی ئێمە دەکەی؟"

"باسی بە دزییەوە هاتنی شەوانی تۆ دەکەم بۆ ئێرە، بۆ ماڵی دایکم."

**ئادی** گوتی: "کەس بە دزییەوە بۆ ئێرە نایەت."

"'ئاها! ڕاستە؟ تەنانەت شەرم لە خۆشت ناکەیت."

"هیچ شتێک نییە شایەنی شەرملێکردن بێت."

"خەڵک لە تەمەنی ئێوەدا شەوان لە تاریکیدا یەک ببینن!"

"کــاتێکی زۆر خــۆش دەبەیــنە ســەر. بە هیــوام تــۆ **و بیڤێرلی**یش بتانتوانیایە هێندەی من و **لویس** کاتی خۆش بەسەر بەرن."

"ئەی ئەگەر باوکم لە شوێنی من بوایە، چیی دەگوت؟"

"گەر لێرە بوایە، نەیدەویست قسە لەم بارەیەوە بکات. گومانم هەیە بەمە قاییل بوایە. ئەمە شتێکە ئەو هەرگیز ئەنجامی نەدەدا. ئەگەرچی بیریشی لێ بکردایەتەوە."

"نەخێر، ئەو بەمە قاییل نەدەبوو. ئەو زۆر ژیرتر بوو. ئەو بیرکردنەوەیەکی باشتری لەبارەی ئەوەی لە کوێیە و دەوروبەرەکەی کێن، هەبوو."

"ئای خوایە! من حەفتا ساڵم. گوێ بەوە نادەم خەڵکی شارۆچکەکە چی دەڵێن. تەنها بۆ زانیاریت، دەمەوێ شتێکی تر بزانی، بەشێکی خەڵکی ئێرە بە ئێمەیان زانیوە و زۆریش بەلایانەوە ئاساییە."

"بڕوا بەوە ناکەم."

"بڕوا دەکەی یان نا، ئەوە بەلای منەوە گرنگ نییە."

"بەلای منەوە گرنگە. دایکم دەبەیت بۆ دێنڤێر و کوڕەکەم دەبەیت بۆ سەر چیاکان. ئای خوایە! تەنانەت پێکەوە لەسەر جێخەوێکیش لەگەڵ کوڕەکەم دەنون."

**ئادی** گوتی: "چۆن ئەوە دەزانی؟"

"گرنگ نییە چۆن دەزانم. بۆ خاتری ئاسمان! بیرتان لە چی دەکردەوە؟"

**لویس** گوتی: "بیرمان لەو دەکردەوە. ئەو دەترسا، دەمانهێنایە لای خۆمان تا ئارامی بکەینەوە."

"بەڵێ، دواجار شتەکان بەو جۆرە شکاونەتەوە کە ئێستا هەموو شەوێک دەگری."

**ئادی** گوتی: "ئەو گریانە لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە تۆ لێرە جێت هێشت."

"دایە، تۆ دەزانی لەبەر چی ئەوەم کرد. تۆ دەزانی من کوڕەکەمم خۆش دەوێ."
"بۆ ناتوانیت تەنها خۆشت بوێ و تەواو؟ ناتوانیت تەنها ئەوە بکەیت؟ ئەو کوڕێکی باشە. ئەو تەنها خۆشەویستیی دەوێ."
"وەک چۆن باوکم لەگەڵ من کردی، مەبەستت ئەوەیە؟"
"دەزانم باوکت هەمیشە باش نەبوو."
"باش! ئای خوایە! دوای مەرگی **کۆنی** پشتگوێ خستم و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵمدا نەما."
**جین** چاوەکانی سڕی. سەیری **لویس**ی کرد و گوتی: "دەمەوێ لە دایکم دوور بکەویتەوە. دەمەوێ واز لە کوڕەکەم بێنیت. دەمەوێ پارە و سامانەکەی دایکم لەبیر خۆت ببەیتەوە."
**ئادی** گوتی: "**جین**، دەمت دابخە. هیچی تر مەڵێ. ئەوە تۆ چیت بەسەر هاتووە؟!"
**لویس** لەسەر قەنەفەکە هەستا. "گوێ بگرە، زۆر بەداخەوەم کە بەم جۆرە بیر دەکەیتەوە. من هەرگیز نەمویستووە ئازاری دایکت و کوڕەکەت بدەم، لە دایکیشت دوور ناکەومەوە تا خۆی داوام لێ نەکات. وەک دۆزەخ لێم ڕوونە کە هیچ گرنگییەکیش بە پارەکانی دایکت نادەم. ئەگەر دەتەوێ زیاتر لەم بارەیەوە قسەم لەگەڵ بکەیت، ئەوا سبەی دەتبینمەوە."
**لویس** خۆی چەماندەوە و ماچێکی **ئادی**ی کردەوە و چووە دەرەوە.

"قێزت لی دەکەمەوە. نازانم چیت پێ بڵێم. هەموو ئەم شتە بێتامانەی کە گوتت وا دەکەن ڕشانەوەم بێت."

"تەنها ئیتر واز لە بینینی ئەو بێنە."

ئەو شەوە **ئادی** سەرچەفەکەی دا بەسەری خۆیدا و پشتی کردە پەنجەرەکە و دەستی بە گریان کرد.

# سیونۆ

دوای ئەو قسـەکردنەی نێوان **لـویس** و **جـین**، **لـویس** و **ئادی** لە یەکتربینین بەردەوام بوون. شەوان دەهات بۆ ماڵیان، بەڵام ئیتر شتەکان جیاواز بوون. ئێستا شتەکان هەمـان چێـژ و تـامەزرۆیی جارانیـان نەمـابوو. وەک پێشتر قسەیان نەدەکرد و باسی ژیانی خۆیان نەدەکرد و شـتی نوێیـان لەبـارەی ژیـانی یەکتـرەوە نەدەبیست. هەندێ شەو هەبوون، کە **لویس** لە ماڵی خۆی دەمایەوە و نەدەچوو. **ئادی**یش بۆ چەندین سەعات بە تەنیا لە مـاڵەوە کتێبـی دەخوێنـدەوە، بـێ ئەوەی بیەوێـت لە جێخەوەکەیـدا لەگەڵ ئەو بێـت. چیتـر بە ڕووتـی لە جێخەوەکەدا چاوەڕێی دەرکەوتنی ئەوی نەدەکرد. هەر شـەوێکیش بچـوایە بـۆ ماڵیـان، وەک جـاران دەسـتی یەکیان دەگرت. بەڵام شتەکان لە جاران جیاوازتر بوون. شـتەکان شـێوابوون و یەکتربینینەکانیشـیان لێوانلێـو لە تەنیایی بوو. وەک ئەوەی بیانەوێت ئەو چرکانە بپارێزن

بۆ ئەو شتەی کە لە داهاتوودا بەڕێوەیە. هەردووکیان بە تەنیشت یەکەوە، بە بێدەنگی بێدار دەمانەوە و ئیتر ئەوینیان نەدەکرد.

ڕۆژێک **ئادی** هەوڵی دا پەیوەندی بە کوڕەزاکەیەوە بکات و قسەی لەگەل بکات. گوێی لە دەنگی کوڕەزاکەی بوو دەگریا، بەڵام باوکی ڕێگەی نەدەدا قسە لەگەڵ نەنکی بکات.

**ئادی** گوتی: "بۆچی وا دەکەی؟"

"تۆ دەزانی بۆ. ئەگەر پێویست بکات ئەمە بکەم، ئەوا دەیکەم."

"ئۆها تۆ زۆر خراپیت. ئەمە زۆر دڵڕەقانەیە. نەمدەزانی تا ئەم ڕادەیە خراپ و دڵڕەقیت."

"تۆ دەتوانی ئەمە بگۆڕیت."

دوانیوەڕۆیەک، کە زانیی کوڕەزاکەی بە تەنیا لە ماڵ دەبێت، پەیوەندیی پێوە کرد. بەڵام ئەو دەترسا و نەیدەویست قسەی لەگەڵ بکات.

بە گریانەوە گوتی: "ئەگەر بزانن، زۆر لێم تووڕە دەبن. لەم ماوەیەدا **بۆنی** دەردەکەن. مۆبایلەکەشم لێ دەسەنن."

"ئاهـ خوایە! باشە باوانم، شتەکان باش دەبن."

لە ناوەراستی ئەو هەفتەیەدا، کاتێک **لویس** هات بۆ ماڵەکەی، **ئادی** بۆ چێشتخانەکە پێشی کەوت و بیرەیەکی دایە و پەرداخێک شەرابی بۆ خۆیشی پڕ کرد.

"دەمەوێ لێرە، لە ڕووناکیدا هەندێ قسە بکەین."
"شتێکی تر گۆڕاوە؟"
"ناتوانم چیتر بەردەوام بم، ناتوانم ئیتر ئەمە لەگەڵ تۆدا بکەم. پێم وابوو شتێکی وا دێتە پێشێ. پێویستم بەوەیە جۆرێک پەیوەندی لە نێوان ژیانی خۆم و کوڕەزاکەمدا دروست بکەم. ئەو تەنها کەسە بۆم مابێتەوە. کوڕەکەم و ژنەکەی لە ئێستادا لەگەڵی خراپن. شتێک لە نێوانماندا شکاوە، کە پێم وانییە نە من و نە ئەوان بتوانن تێیبپەڕێنن و لەیادی بکەن. بەڵام لەوە دڵنیام کە زۆر پەیوەستم بە کوڕەزاکەمەوە و ئەوم دەوێ. ئەم هاوینە زۆر بە دڵنیاییەوە بەو ڕاستییە گەیشتم."
"تۆی زۆر خۆش دەوێ."
"بەڵێ، منی خۆش دەوێ. تەنها کەسە لە بنەماڵەکەم کە منی خۆش دەوێ. من کۆچی دوایی دەکەم و ئەو دەژی. کە من کۆچ دەکەم، ئەوم لەگەڵ دەبێ. ئەوانی ترم ناوێ. گرنگی بەوانی تر نادەم. ئەوەیان تێدا کوشتم کە گرنگییان پێ بدەم. متمانەم بە **جین** نییە. ناتوانم چیتر پێشبینیی ئەوە بکەم چ شتێکی تری لەدەست دێ و چیی تر دەکات."
"کەواتە دەتەوێ بڕۆمەوە ماڵێ."
"ئەمشەو نا. ئەمشەویش بمێنەرەوە، باشە؟"
"من پێم وابوو تۆ ئازاکەی ناومانیت."
"ناتوانم چیتر ئازا بم."

"ڕەنگە **جەیمی** لەپێناوتدا بجەنگێت و خۆی پەیوەندیت پێوە بکات."
"ئێستا نا، ئێستا ئەو شتی وا ناکات. ئەو تەنها شەش ساڵە. ڕەنگە کە بوو بە شازدە ساڵ ئەوە بکات، بەڵام ناتوانم تا ئەو کاتە چاوەڕێ بم. ڕەنگە تا ئەو کاتە من کۆچی دوایی بکەم. ناتوانم ئەو ساڵانەی کە لەگەڵ ئەو ماومە، لەدەستی بدەم."
"کەواتە ئەمە دوا شەومانە."
"بەڵێ."
چوونە نهۆمی سەرەوە. لە تاریکیدا، لە جێخەودا کەمێکی تر قسەیان کرد. **ئادی** گریا. **لویس** باسکی تێوە ئاڵاند و لە باوەشی گرت.
**لویس** گوتی: "کاتێ زۆر خۆشمان پێکەوە بەسەر برد. گۆڕانکاریی گەورەت لە مندا دروست کرد. سوپاسگوزارم. پێی دەزانم."
"لە ئێستادا گومانت لەو شتانە هەیە؟"
"مەبەستم ئەوە نییە وا دەربکەوم. بەڕاستم بوو. تۆ لەگەڵم زۆر باش بوویت. لەوە زیاتر چی هەیە، کە کەسێک لە ژیاندا داوای بکات؟ ئێستا کەسێکی زۆر باشترم لەو کاتەی کە یەکمان نەبینیبوو. ئەمەش ئەنجامی باشیی تۆیە."
"ئۆها تۆ هێشتا لەگەڵم میهرەبانیت. سوپاس بۆ تۆ **لویس**."

بێدار ڕاکشابوون و گوێیان له دەنگی ڕەشەباکەی دەرەوە دەگرت. سەعات دووی بەیانی، **لویس** هەستا و چوو بۆ تەوالێت. کاتێک گەڕایەوە بۆ ناو جێخەوەکە، گوتی: "هێشتا بەخەبەریت."

"ناتوانم بخەوم."

سەعات چوار، جارێکی تر هەستا و خۆی گۆڕی و بیجامە و فڵچەی ددانشتنەکەی خستە زەرفە کاغەزەکەوە.

"دەڕۆیت؟"

"پێم وابوو دەبێ بڕۆم."

"تا چەند سەعاتێکی تر، جارێ هەر شەوە."

"هیچ هۆکارێک بۆ درێژکردنەوەی ئەم شەوە نابینم."

جارێکی تر دەستی بە گریان کردەوە.

چووە نهۆمی خوارەوە و بەرەو ماڵەکەی خۆی بەڕێ کەوت. بە لای ماڵەکان و درەختە بەتەمەنەکاندا تێپەڕی. لەم سەعاتەدا، هەموو شتەکان تاریک و سەیر دەردەکەوتن. کشومات و کپ. ئاسمان هێشتا تاریک بوو و هیچ شتێک لە شوێنی خۆی نەدەبزووت. هیچ ئوتۆمبیلێک لەسەر شەقامەکان نەبوو. لە ماڵەکەی خۆیدا، لە چاوەڕوانیی دەرکەوتنی یەکەم گزنگی بەرەبەیاندا، ڕووەو پەنجەرەکەی ڕۆژهەڵات ڕاکشا.

# چل

هێشتا هەر پاییز بوو. **لویس** هەندێ شەو دەچووە دەرەوە و بە پیاسە بە بەردەم ماڵی **ئادی**دا دەهات و دەچوو و سەیری گڵۆپە نەکوژاوەکەی ژووری نوستنەکەی نهۆمی سەرەوەی دەکرد. گڵۆپی سەر مێزتوالێتەکەی تەنیشت جێخەوە گەورەکە، کانتۆرە تەختە ڕەشە پڕ لە جلەکە، گەرماوەکەی کە دەکەوتە خوار هۆڵەکە، پاڵکەوتن و قسەکردن و نزیکی لەوەوە، هەموو شتەکانی ژوورەکەی بە ڕوونی بیر دەهاتنەوە. شەوێک سەرنجی دا **ئادی** هاتووەتە بەردەم پەنجەرەکە، بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی وا بدا کە سەیری ئەم دەکات یان نا، ئەم یەکسەر لە شوێنی خۆی وەستا. بەڵام کاتێک چووەوە ماڵەوە، **ئادی** پەیوەندیی پێوە کرد.

"نابێ چیتر بەم جۆرە بەردەوام بیت، وا مەکە."

"چی نەکەم؟"

"به بەردەم ماڵەکەمـــــدا پیاســـــە مەکە. بەرگەی ئەوە ناگرم."

"کەواتە گەیشـتین بەوەی کە ئێسـتا تـۆ پـێم بڵێـی چـی بکەم و چی نەکەم، تەنانەت لە کۆڵانەکەی خۆیشمدا."

"بەرگەی ئەوە نـاگرم ببیـنم یـان هەسـت بـکەم تـۆ بە بەردەم ماڵەکەمدا دێی و دەچی و پیاسە دەکەی. نـاتوانم وێنای ئەوە بکەم تۆ لە دەرەوە لە بەردەم ماڵەکەمـدایت. پێویستە لەمەودوا فیزیکییەن لە تۆ داببڕێم."

"پێم وابوو دابڕاوین."

"ئەوە لێکدابران نییە، ئەگەر بە بەردەم ماڵەکەمـدا پیاسـە بکەیت."

ئیتر **لـویس** بە شـەو تەرکی بەردەم مـاڵی ئەوانـی کـرد، بەڵام بە ڕۆژ کێشەیەک نەبوو. چەند جارێکی کەمیش لە دووکـانی میـوە و سەوزەفرۆشـەکەی سـەر شـەقامەکە یەکیان بینی. سەیرێکی یەکتریان دەکرد و سڵاوێکیان لە یەک دەکرد و هیچی تر.

# چلویەک

لە دوانیوەڕۆیەکی ڕووناکدا، کاتێک **ئادی** بە تەنیا لە ناو بازاڕی شارۆچکەکە بوو، لەسەر شۆستەی شەقامە سەرەکییەکە قاچی خلیسکا و دەستی درێژ کرد خۆی بە شتێکەوە بگرێتەوە، بەڵام هیچ شتێک نەبوو بتوانێت دەستی پێوە بگرێت. بۆیە کەوت و لەسەر ئەرزەکە ڕاکشا. تا هەندێ ژن و دوو پیاو بۆ یارمەتیدانی هاتن.

"بەرزم مەکەنەوە، شوێنێکم شکاوە."

ژنێک لە تەنیشتی چووە سەر چۆک و یەکێک لە پیاوەکان چاکەتەکەی لوول کرد و خستیە ژێر سەری. لەگەڵی مانەوە تا ئەمبولانس هات و لەگەڵ خۆی بردی. داوای لێ کردن پەیوەندی بە **جین**ەوە بکەن و **جین** هەر ئەو ڕۆژە گەیشتە لای. لە نەخۆشخانە پێیان گوت کە حەوزی شکاوە و باشتر وایە بچن بۆ نەخۆشخانەیەکی دێنڤێر. ئیدی بە ئەمبولانس گواستیانەوە بۆ ئەوێ و **جین**یش بە ئوتۆمبیلەکەی خۆی بە دوایانەوە بوو.

دوای سێ ڕۆژ، **لویس** لە سەموونخانەکە لەگەڵ کۆمەڵێک پیاودا بوو، کە هەمیشە دەیانیبینی و لەگەڵی دادەنیشتن. **دۆرلان بیکەر** گوتی: "پێم وابێ هەواڵی ئەوت بیستووە."

"باسی کێ دەکەی؟"

"باسی **ئادی مۆر** دەکەم."

"ئێ؟ **ئادی مۆر** چییەتی؟"

"حەوزی شکاوە، بردوویانە بۆ دێنڤێر."

"لە کوێی دێنڤێر؟"

"نازانم. یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئەوێ."

**لویس** چووەوە ماڵەوە و پەیوەندیی بە هەموو نەخۆشخانەکانەوە کرد، تا توانیی شوێنی ئەو بدۆزێتەوە و هەر ئەو ڕۆژە بە ئوتۆمبیل بۆ لای بەڕێ کەوت و ئێوارە زوو گەیشتە ئەوێ. لە مێزی پرسگەکە ژمارەی ژوورەکەیان پێ گوت و ئەویش بە بەرزکەرەوەکە بۆ نهۆمی چوارەم چوو و بە هۆڵەکەدا بۆ ئەوسەر ڕۆیشت، تا ژوورەکەی دۆزییەوە و لە ناو دەرگەکەدا وەستا. **جین** و **جەیمی** دانیشتبوون قسەیان لەگەڵ دەکرد.

کە **ئادی لویس**ی بینی، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک.

"دەتوانم بێمە ژوورەوە؟"

"نەخێر. نەیەیتە ژوورەوە. کەس نایەوێت تۆ ببینێ."

"تکایە **جین**، تەنها بۆ سڵاو دێم."

"تەنها پێنج خولەک، زیاتر نا."

**لـــویس** چـــووە ژوورەوە و لای قـــاچی قەرەویـّـڵەکەوە وەســتا و **جەیمـی** هـات بـۆ لای و باوەشـی پێدا کـرد و ئەویش لە باوەشی گرت.

"**بۆنی** چۆنە؟"

"ئێســتا دەتـوانێ تـۆپ بگـرێتەوە، خـۆی بـۆ هەڵـدەدا و دەیگرێتەوە."

"ئافەرین بۆ ئەو."

**جین** گـوتی: "بـا بـڕۆین. ئێمە دەڕۆیـن دایە، تەنهـا پێنج خولەک و تەواو."

لەگەڵ **جەیمی** چوونە دەرەوە.

"بۆ دانانیشیت؟"

**لــویس** یەکێـک لە کورســییەکانی نزیـک کــردەوە و لە تەنیشتی دانیشت. دەستی گرت و ماچی دەستی کرد.

**ئـادی** دەسـتی کشـاندەوە و گـوتی: "وا مەکە. ئەم یەکتـربینینە کـــاتییە و تەنهـــا بـــۆ چەنـــد خـــولەکێکە و تەواو." ســـەیری ڕوخساری کرد و گوتی: "کێ پێی گوتیت کە من لێرەم؟"

"ئەو پیـــاوەی ســـەموونخانەکە. بـــڕوا بەو گـــۆڕانەی دەکەی؟ وای لێ هات یارمەتیم بدا. تۆ باشیت؟"

"باش دەبم."

"ڕێگەم دەدەیت یارمەتیت بدەم؟"

"نا. تکایە، پێویستە بڕۆیت. ناتوانیت زۆر بمێنیتەوە. هـیچ شتێک نەگۆڕاوە."

"بەلام پێویستت بە یارمەتییە."

"دەستم کردووە بە وەرگرتنی چارەسەری سروشتی."

"بەڵام لەماڵەوە پێویستت بە یارمەتی دەبێ."
"نایەمەوە بۆ ماڵەوە."
"مەبەستت چییە؟"
"**جین** هەموو شتەکانی بۆ ڕێک خستووم. دەگوێزمەوە بۆ *گراند جەنکشن*، بۆ خانەیەکی بەساڵاچوان."
"کەواتە بە هیچ جۆرێک نایەیتەوە؟"
"نەخێر."
"ئاخ لە تۆ **ئادی**، من بە هیچ لە مانە قاییل نیم، ئەوە تۆ نیت ئەم قسانە دەکەی."
"بەدەست خۆم نییە. پێویستە بە خێزانەکەم ڕابگەم."
"ڕێگەم بدە ببم بە خێزانەکەت."
"بەڵام ئەی چی ڕوو دەدا ئەگەر تۆ بمریت؟"
"ئەوکات دەتوانی بچیت لای **جین** و **جەیمی** بژیت."
"نا، پێویستە تا لە ژیاندام و توانام هەیە لەگەڵیاندا بم. دەبێ ئێستا شتەکان چاک بکەم و بیانگونجێنم. ناتوانم تا تەواو پیر دەبم چاوەڕێ بکەم، چونکە ئەوکات ناتوانم شتەکان بگۆڕم یان ڕەنگە ئەو دەرفەتەم لە دەستدا نەمێنێ. پێویستە ئێستا بڕۆیت. تکایە جارێکی تر مەیەرەوە. بۆ من زۆر سەختە."
خۆی نووشتاندەوە و ماچی دەمی کرد و چاوەکانیشی ماچ کرد و پاشان لە ژوورەکە چووە دەرەوە و بە هۆڵەکەدا بۆ لای بەرزکەرەوەکە چوو. ژنێک لە ناو بەرزکەرەوەکەدا بوو، سەیرێکی ڕوخساری **لویس**ی کرد و دواتر ڕووی وەرگێڕا.

# چلودوو

شـــەوێک **ئـــادی** لە ئەپارتمـــانەکەی خـــۆی لەســـەر کورســییەک دانیشـتبوو، پەیوەنـدیی بە **لـویس**ەوە کـرد.

"قسەم بۆ دەکەی؟"

ماوەیەک بێدەنگ بوون.

"ئەلوو؟ **لویس**؟ لێرەیت؟"

"پێم وابوو چیتر قسە ناکەینەوە."

"پێویســتم بە قســەکردنە لەگەڵــت. نــاتوانم بەم جـۆرە بەردەوام بــم. زۆر لەو کــاتە خراپتــرم کە لەگەڵ تــۆ دەستم پێ نەکردبوو."

"ئەی **جین** چی لێ دەکەی؟"

"پێویست ناکات ئەو بزانێ. دەتوانین شەوان بە تەلەفۆن قسە بکەین."

"ئەمە وەک دزیکــردن وایە بەبــێ ئەوەی کەس بزانــێ. کردنــی شــتەکان بە نهێنــی وەک ئەوە وایە کە **جــین** دەیگوت."

"گرنگ نییە بەلامەوە. من زۆر تەنیام. زۆر بیرت دەکەم. قسەم بۆ دەکەی؟"

"منیش بیرت دەکەم."

"لە کوێیت؟"

"مەبەستت ئەوەیە لە کوێی ماڵەکەدام؟"

"لە ژووری نوستنەکەیت؟"

"بەڵێ. خەریکی خوێندنەوە بووم. ئەمە جۆرێک نییە لە سێکس بە تەلەفۆن؟"

"ئەمە تەنها قسەکردنی دوو کەسی بەتەمەنە لە تاریکیدا."

# چلوسێ

**ئادی** گوتی: "ئێستا کاتێکی گونجاوه؟"
"بەڵێ. ئێستا هاتمە نهۆمی سەرەوە."
"ئێستا بیرم لێ دەکردیتەوە و بۆ قسەکردن لەگەڵت زۆر پەرۆش بووم."
"تۆ باشیت؟"
"**جەیمی** ئەمڕۆش دوای خوێندنگە هات بۆ ئێرە و چووین کەمێک بەم کۆڵانەدا گەڕاین. **بۆنی**یش لێرەیە."
"ئێستاش قاییشەکە دەکاتە ملی؟"
"نا نا، چیتر پێویستی پێی نییە. **جەیمی** دەڵێت کە دایکوباوکی جارجار دەنگەدەنگیان دەبێ و دەنگ بەسەر یەکدا بەرز دەکەنەوە. من لێم پرسی لەو کاتانەدا چی دەکات، ئەویش گوتی دەچێت بۆ ژووری نوستنەکەی."
"لەبەر ئەو دڵخۆشم، کە تۆ لەوێیت."
**لویس** گوتی: "دڵخۆشم کە تۆ لێیەوە نزیکیت. بەم جۆرە خەمی ئەوم نییە."

**ئادی** گوتی: "ئەمڕۆ بە چییەوە سەرقاڵ بوویت؟"

"هیچ. بەفری بەردەرگەکەممماڵی. ڕێڕەوێکم تا کۆڵانی ئێوە دروست کرد."

"بۆچی؟"

"هەستم کرد چێژی لێ دەبینم. ئەو ماڵەی کە خانووەکەی تۆیان بە کرێ گرتووە، هاتن بۆ لام. باش دیارن. بەڵام هێشتا هەر ماڵی تۆیە. ماڵەکەی **ڕۆزیش** هێشتا هەر هیی **ڕۆزە**."

"منیش هەمان هەستم هەیە."

"بەڵام شتەکان گۆڕاون."

"من لە ژوورەکەی خۆمم، لە ناو جێخەوەکەم. کەمێک پێش ئێستا ئەمەم گوت، وانییە؟"

"نا، نەتگوت. بەڵام هەستم پێ دەکردی، دەمزانی لەوێی."

"دەزانی شانۆییەکەی دێنڤێر بەم زوانە نمایش دەکرێ؟ ناتەوێت بچیت بلیتەکان بەکار بێنی؟"

"بێ تۆ ناچم."

"دەتوانی لەگەڵ **هۆڵی** بچێت."

"نامەوێ ئەوە بکەم. تۆ بۆچی بەکاریان ناهێنی؟"

"منیش بێ تۆ ناچم."

"کەواتە چەند کەسێکی غەریب لە شوێنەکانی ئێمە دادەنیشن، بێ ئەوەی هیچ لەبارەی ئێمەوە بزانن."

"یان ڕەنگە کورسییەکانمان بەتاڵ بن."

"کەچی تۆ هێشتا ناتەوێ پەیوەندیت پێوە بکەم، ناتەوێ بەردەوامی بەم قسەکردنە بدەم."

"دەترسم ئەو کاتەی پەیوەندی دەکەی، کەسێکم لە ژوورەوە لەگەڵ بێ، ئەوکات ناتوانم شتەکان بشارمەوە."

"هەستێکم هەیە، وەک هەستی ئەو کاتەی کە سەرەتا دەستمان پێ کرد. وەک ئەوە وایە جارێکی تر لە سەرەتاوە دەستمان پێ کردبێتەوە. ئەم جارەش وەک جاری پێشوو، تۆ یەکەم هەنگاوت نا. بەڵام ئەم جارە زیاتر ترسمان هەیە و ئاگامان لە خۆمانە."

**ئادی** گوتی: "بەڵام هەرچۆنێک بێت بەردەوامین، وانییە؟ ئەوەتا هێشتا قسە دەکەین. هەرچەندێک بمانەوێ و هەرچەندێک بخایەنێ."

**لویس** گوتی: "دەتەوێ ئەمشەو باسی چی بکەین؟"

**ئادی** سەیرێکی پەنجەرەکەی کرد. دەیتوانی لە شووشەکەدا ڕوخساری خۆی ببینێ و دواوەشی تاریک بوو.

"ئازیزەکەم، ئەمشەو لای تۆ ساردە؟"

# زنجیره چاپکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس

١ جیهانی سۆفیا/ یۆستاین گاردەر/ و: بەهرۆز حەسەن
٢ کچەی پەرتەقاڵ/ یۆستاین گاردەر/ و: بەهرۆز حەسەن
٣ لەتەمدا دیارنیم/ دلاوەر قەرەداغی
٤ سەفەرنامە/ هیوا قادر
٥ ئێستا کچێک نیشتمانمە/ شێرکۆ بێکەس
٦ هەزار ماڵ لە خەون و ترس/ عەتیق ڕەحیمی/ ئازاد بەرزنجی
٧ زۆربای یۆنانی/ نێکوس کازانتزاکیس/ و: ڕەووف بێگەرد
٨ دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی/ هاوڕێ یاسین محەمەد
٩ پاسەوانێک لە مەزرا/ ج.د. سالنجەر/ و: ژوان جەلال
١٠ نامبینیت چون پاییز دەبمەوە/ جەمال غەمبار
١١ جوگرافیای هەرێمی کوردستان/ هاوڕێ یاسین محەمەد
١٢ تەنیاییەکی پڕ هەراوزەنا/ بوهیمیڵ هراباڵ/ و: دلاوەر قەرەداغی
١٣ کازینۆی منداڵان/ کاروان کاکەسوور
١٤ ڕاپۆرتی مەرگێکی پێشوەخت ڕاگەیدندراو/گارسیا مارکیز/ و:حەمە قادر
١٥ خێراکە... مردن خەریکە بگات/ شێرکۆ بێکەس
١٦ سوارچاکێکی نەبوو/ ئیتالۆ کالڤینۆ/ و: ئەحمەدی مەلا
١٧ ئەحمەد شاملوو/ ئەحمەد شاملوو/ و: بەڕۆژ ئاکرەیی
١٨ نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش/ شێرکۆ بێکەس
١٩ تۆ مەچۆ بۆ شەڕ/ ماردین ئیبراهیم
٢٠ جوگرافیای ستراتیجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست/ جێفری کەمپ رۆبەرت هارکاوی/ هاوڕێ یاسین محەمەد
٢١ کەوتن / ئەلبێر کامۆ/ و: سەیوان محەمەد
٢٢ حەفتاکێل/ یەدوڵڵا ڕوئیایی/ و: بەڕوژ ئاکرەیی
٢٣ ئیتر لە دەرگا نادات پۆستەچی/ بوشرا کەسنەزانی
٢٤ لۆلیتا/ ڤلادیمێر نابۆکۆڤ/ و: توانا حەمەنووری
٢٥ جۆناسانی نەورەس/ ڕیچارد باخ/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٦ عاشق هەمیشە تەنیایە/ سوهراب سپهری/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٧ ژنێک لەبەردەم ورزێکی ساردا/ فرووغ فەڕوخزاد/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٨ دیوانی لەتیف هەڵمەت
٢٩ دیوانی ڕەفیق سابیر
٣٠ ئیمپراتۆریای لم/ ڕەفیق سابیر
٣١ بەستانداركردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی/ ڕەفیق سابیر
٣٢ ئەفسانەی سیزیف/ ئەلبێر کامۆ/ و: ئازاد بەرزنجی
٣٣ کوڕێژگە بیجامە خەتخەتەکە/ جۆن بۆین/ و: ماردین ئیبراهیم

٣٤ گوڵی ڕەش/ شێرزاد حەسەن
٣٥ حەسار و سەگەکانی باوکم/ شێرزاد حەسەن
٣٦ لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا/ ساموێل بێکێت/ و: سەرکەوت جەلیل
٣٧ فەهرەنهایت ٤٥١/ ڕەی برادبێری/ و: سەیوان محەمەد
٣٨ جوگرافیای خاک/ د.هاوڕێ یاسین محمدامین
٣٩ جیۆپۆلەتیکی گۆڕانی ئاووهەوا/ جیمس. ئار. لی/ د.هاوڕێ یاسین محمدامین
٤٠ چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)
٤١ ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەلاج لەشیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)
٤٢ تاوان و سزا/ فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی/ و: ڕەووف بێگەرد
٤٣ مەسخ/ فرانس کافکا/ و: پێشەوا فەتاح
٤٤ماڵی نانی/ کاروان کاکەسوور
٤٥ بێگانە/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومە ر
٤٦ مەنفا و مەملەکەت/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
٤٧ زەماوەند و هاوین/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
٤٨ هەزار خۆری درەوشاوە/ خالید حوسەینی/ و: ئازاد بەرزنجی
٤٩ چیاکانیش دەنگیان دایەوە/ خالید حوسەینی/ و: ئازاد بەرزنجی
٥٠ زۆربای یۆنانی/ نیکۆس کازانتزاکیس/ و: ڕەووف بێگەرد/ چاپی شەشەم
٥١ چیرۆکی ئەیووب بە گێڕانەوەی تەورات/ و: حەمە قادر
٥٢ پاریس جەژنی نەبڕاوە/ ئێرنست هەمنگوەی/ و: ژوان جەلال
٥٣ بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە/ ئێریش ماریا ڕیمارک/ و: کەریم پەڕەنگ
٥٤ دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا/ ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام/ و: هۆشمەن جەلال
٥٥ گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا/ ئۆریانا فالاچی/ و: عەزیز گەردی
٥٦ گاتسبیی مەزن/ ف. سکۆت فیتزجێراڵد/ و: سەیوان محەمەد
٥٧ کاک برایم و گوڵەکانی قورئان/ئیریک ئیمانوئیل شمیت/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٥٨ مێروولەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن/ بەختیار حەمەسوور
٥٩ بەخێر بێن بۆ بیابانی ڕیاڵ /سلاڤۆی ژیژەک/ و: وەلید عومەر
٦٠ حیکایەتی چل شەوەی شاری قەلەندەران/ بە ڕیوایەتی بوشرا کەسنەزانی
٦١ قاوەکان خراپ سەفەر دەکەن / پەری کەریمی نیا
٦٢ کێ-لە-من-و-ڤیرجینیا-ڤۆلف-دەترسێت/ پەری کەریمی نیا
٦٣ هەموو ڕێگاکان دەچنەوە قرەجاڕ؟ / پەری کەریمی نیا
٦٤ ئاسمان و ڕێسمان /حوسێن حوسێنی
٦٥ گیرۆدەیی: گەورەترین نهێنیی فیزیا /ئامیر ئەسڵ/ و: حوسێن حوسێنی و د. ئومێد غەریب
٦٦ عەشیقی وەرگێڕ / جان دۆست / و: سەباح ئیسماعیل
٦٧ مێژووی ڕەخنەسازی / پ.د.کامل حەسەن بەسیر

٦٨ ئیسلام لە شەبەنگی فەلسەفەی ئایینەوە / ئازاد قەزاز
٦٩ کۆمار / ئەفلاتوون / د. محەمەد کەمال
٧٠ سۆسیۆلۆژیای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان / عادل باخەوان
٧١ وڵاتێک بۆ مردن / عەبدوڵڵا تایع / و:سەلاحەدین بایەزیدی
٧٢ ئەودیوی فیزیا چاوپێکەوتن و گفتوگۆ/ وێرنەر هایزەنبێرگ / و: حوسێن حوسێنی
٧٣ فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان/ د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
٧٤ بوودای ناو هەورەبانەکە / جولی ئۆتسوکا / و: سەیوان محەمەد
٧٥ سەرهەڵگرتن / هێرتا مولەر/ و: عەبدولغەنی کاکۆ
٧٦ ستروکتوورەکانی بیرکردنەوە و گەشەسەندنی مەعریفیی منداڵان/ فایەق سەعید
٧٧ مۆسیقا فەرامۆشی کردم/ شاڵاو حەبیبە
٧٨ دەرۆزەکەرەکانی سەربەستی / شێرزاد حەسەن
٧٩ هۆمۆسێکسوالی و داهێنان / د.ڕەمسیس عەوەز / و: شوان ئەحمەد
٨٠ ئیمان یا بێ ئیمانی / ماریا مارتینی و ئەمبەرتۆ ئێکۆ / و: مەحموود شێرزاد
٨١ مامۆستای نەزان / ژاک ڕانسییێر / مەنسوور تەیفووری
٨٢ گەردوون، کات و پەیدابوونی ژیان / گۆران ئیبراهیم
٨٣ پێناسەیەکی زۆر کورت بۆ هیچ / فرانک کلۆز / و.گۆران ئیبراهیم
٨٤ ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش/ کاروان عومەر کاکەسوور
٨٥ نەوەکەی مسیولین / فیلیپ کلۆودێل / و.سەلاحەدین بایەزیدی
٨٦ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی یەکەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
٨٧ دڵی تاریکی/ جۆزیف کۆنراد/ یاسین محەمەد
٨٨ قاچی چەپم/ کریستی براون/ و.باهۆزێ میر داوود
٨٩ دیاردەناسیی شوێن و شوناس/ ڕێبوارسیوەیلی
٩٠ گێلەکانی چێلم و مێژوویان/ ئیزاک بێشێیس سینگەر/ و.عەزیز گەردی
٩١ دەربارەی ستەمکاری/ لیۆشتراوس/ و.فاروق ڕەفیق
٩٢ خۆشم ویست / ئانا گاڤاڵدا/ و.ژوان جەلال
٩٣ نەخۆشی مەرگ/ مارگرێت دوراس/ و.کەریم تاقانە
٩٤ سۆسیولوژیای زەبروزەنگ/ و.عادل باخەوان
٩٥ ئەفسانەی سیزیف/ ئەلبێر کامۆ/ و: ئازاد بەرزنجی/ چاپی دووەم
٩٦ دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکارییە/ سامان عیزەدین سەعدون
٩٧ هەڵزنین بەرەو هەڵدێرگە / فاروق ڕەفیق
٩٨ کوندەپەپووی کوێر/ سادق هیدایەت/ و.فەرشید شەریفی
٩٩ بەفر/ ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی
١٠٠ کەمانچە ڕەشەکە / ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی
١٠١ هەنگەوان / ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی
١٠٢ دیزاینی مەزن / ستیڤن هۆوکینگ / و.حوسێن حوسێنی و کامیار سابیر

١٠٣ ئەزموون و یاد ( کتێبی سێیەم / ١٩٨٩_ ٢٠٠٣) / پشکو نەجمەدین
١٠٤ ئاهەنگی ماڵئاوایی / میلان کوندێرا / و. ڕەووف بێگەرد
١٠٥ دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی/ هاوڕێ یاسین محەمەد/ چاپی دووە،
١٠٦ جوگرافیای مرۆیی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە/ عبدلله عەتوی/ و: مئەحمەد عەلی و هاوڕێ یاسین محەمەد
١٠٧ جوگرافیای دەرەمەتە سروشتییەکان/ د. هاوڕێ یاسین محەمەد
١٠٨ یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دوستۆفیسکی/ و. حەمەکەریم عارف
١٠٩ کارکردنی ئەکتەر لە سەر خۆی لە میانەی کاریگەری وەرگرتندا/ ستانیسلاڤسکی/ و.پێشڕەو حسێن/ بەرگی یەکەم
١١٠ شتەکان لێک دەترازێن / چینوا ئەچێبێ/ و.یاسین محەمەد
١١١ سمایل گەشتێک بە هزر و ڕۆحدا/ دانیاڵ کوین/ و.دیلان قادر
١١٢ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی دووەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
١١٣ ساڵانی هەورین/ عەلی ئەشرەف دەروێشیان/ و.عەزیز گەردی
١١٤ هەر تەنها مانگ نییە لەژێر درەختا بیردەکاتەوە/ عەبباس بەیزون/ و. عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی
١١٥ پەڕەسێلکەکانی کابول/ یاسمینە خەزرا/ و. تارا شێخ عوسمان
١١٦ پاسەوانێک لە مەزرا/ ج.د. سالنجەر/ و: ژوان جەلال
١١٧ قارەمانەکان و گۆڕەکان/ ئیرنستۆ ساباتۆ/و: حەمە قادر
١١٨ ماتریالیزمی مێژوویی/ ئالان وودس و ڕۆب سیوێل/ و: کارزان عەزیز
١١٩ ماڵە ئەندەلوسییەکە/ واسینی ئەلئەعرەج/ و: سەباح ئیسماعیل
١٢٠ دارستانی ونبوو/ ڕافایل ئەلبێرتی/ بورهان عەتا
١٢١ زەنگەکانی ڕۆما/ جان دۆست/ سەباح ئیسماعیل
١٢٢ کورتیلەیەک لە مێژووی کات/ ستیڤن هۆوکینگ و لیۆنارد ملۆدینۆ/ و. حوسین حوسینی و د. هاوڕێ عومەر
١٢٣ نامە بۆ میلینا/ فرانتس کافکا/ و. ڕەووف بێگەرد
١٢٤ تەپڵی تەنەکە/ کوینتەر گراس/ و. کەریم پەرەنگ
١٢٥ برسێتی/ کنووت هامسۆن/ حەمە قادر
١٢٦ کتێبی نووسینەوەی هەزارویەک خەون/ لازۆ ئازاد
١٢٧ خوێنبەربوونی بەرد/ ئیبراهیم ئەلکونی/ ئازاد مەولوود
١٢٨ وشەکان و تابلۆکان/ فۆکۆ و هاورێکانی/ و: هاوار محەمەد
١٢٩ ژیان لەگەڵ چەترەکەمدا/ ڕۆمەن گاری/ و:سەلاحەدین بایەزیدی
١٣٠ پلێنگەکانی کافکا/ مواسیر سکلیر/ و: سەیوان محەمەد
١٣١ گەردوون لە توێکڵەگوێزێدا/ ستێفن هۆوکینگ/ و: حوسێن حوسێنی
١٣١ ئیتر قیتارەکان ناگەن/ سیروان کەریم
١٣٢ کالیگولا/ ئەلبێرت کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
١٣٣ دادپەروەران/ ئەلبێرت کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر

١٣٤ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی سێیەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری.
١٣٥ هەشت نامە/ کوینتەرگراس و کینز بۆرا/ و. ڕەووف بێگەرد
١٣٦ ئەو مریشکەی خەونی بە فڕینەوە دەبینی/ سۆن می هوانگ/ باهۆزێ میر داوود
١٣٧ پیاوی ناو هەورەکان/ کۆس مایندەرتس و ئانێتا فینیخ/ ڕۆشنا محەمەد
١٣٨ کچەبەفرینە/ کۆس مایندەرتس و ئانێتا فینیخ/ ڕۆشنا محەمەد
١٣٩ ئەستێرەکان بژمێرە/ لویس لەوری/ شلێر ڕەشید مەحمود
١٤٠ عەتری ئەو عاشقانەی مردن/ ئەدۆنیس/ تەلعەت تاهیر
١٤١ شازادە چکۆلە/ ئەنتوان ئیگزۆپێری/ سەلاحەدین بایەزیدی
١٤٢ هەڵەی ناو ئەستێرەکانی بەختمان/ جۆن گرین/ ژیوار جەوهەر ڕەسول
١٤٣ خوایە تۆ لەوێی، منم مارگرێت؟ جودی بلوم/ هەژار عوسمان
١٤٤ ئەم هونەری شیعرە/ بۆرخیس/ سەیوان محەمەد
١٤٥ ئێستای ئڤلوشن/ گۆران ئیبراهیم
١٤٦ هێشتا لە سەفەردام/ سوهراب سپهری/ و: پێشڕەو حسێن و سۆران نەقشبەندی
١٤٧ سێ هەنگاو و سێدارەیەک/ جان دۆست/ وریا غەفووری
١٤٨ هیچ کەس وەک تۆ هیی ئێرە نییە/ میراندا جـولای/ و: هێشوو خسرەوی
١٤٩ لەدایکبوونی وشە/ فاروق عومەر سدیق
١٥٠ بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا/ خێزانی ڕۆماننووس دۆستۆیڤسکی/ و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
١٥١ ئینسانێک بە پێوە/ د. فرێدێریک تیسۆ/ د. موحسین ئەحمەد عومەر
١٥٢ بۆچوونەکانی لێبووکێک/ هاینریش بوێل/ و:کەریم پەڕەنگ
١٥٢ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی چوارەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
١٥٣ منداڵە پێخاوسەکان/ تەقی کاغەزچی/ ڕووناک شوانی
١٥٤ ڕووەکی/ هان کانگ/ و: هەژار عوسمان
١٥٥ خۆزگە بەردەکان دەیانتوانی بدوێن/ ماگدا ئێگێنس/ و: کەریم تاقانە
١٥٦ بە ناوی دایک/ ئێری دی لۆکا/ و: خەسرەو مەحموود
١٥٧ دەبێ چاوەکانمان بشۆین/ سوهراب سپێهری/ و: مەریوان هەڵەبجەیی
١٥٨ مەرگی من ڕۆژێک/ فرووغ فەرۆخزاد/ و: مەریوان هەڵبجەیی
١٥٩ دەروونناسیی گەشەکردن/ نووسینی: میران زوهدی
١٦٠ سەفەری بوتڵە بەتاڵەکان/ قادر عەبدوڵڵا/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
١٦١ میلاڕێپا/ ئێریک ئێمانوئێل شمیت/ و:سەلاحەدین بایەزیدی
١٦٢ هاوسەنگی ئاویی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جیهاندا/ فواد قاسم الامیر/ و:دکتۆر خلیل کریم محمد و مامۆستا احمد علی احمد
١٦٣ ئەو ڕۆژەی کە خۆی فرمێسکەکانم دەسڕێتەوە/ کینزابۆرۆ ئۆ/ فەرشید شەریفی
١٦٤ بنەما زانستییەکانی ئاووهەوای پراکتیکی د. هاوڕێ یاسین محمد ئەمین

١٦٥ شەوانی هیندی/ ئەنتۆنیۆ تابووکی/ ماردین ئیبراهیم
١٦٦ فەلسەفە و ئازارەکانی ژیان/ ئارتۆر شوپنهاوەر/ عەبدوڵڵا ئەمینی
١٦٧ گۆڕانکاری ئاووهەوا و کاریگەری لەسەر ژینگەی سلێمانی و دەوروبەری/
د. هاوڕێ یاسین محمد ئەمین
١٦٨ دەزانم باڵندەی ناو قەفەزەکە بۆچی گۆرانی دەچڕێت/ مایا ئەنجیلۆ/ یاسین محەمەد
١٦٩ فیزیای کوانتەم، وەهم یان هەقیقەت؟/ ئالستەر ڕای/ حوسێن حوسێنی
١٧٠ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی پێنجەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
١٧١ مەسخ/چ٢/ فرانس کافکا/ و: پێشەوا فەتاح
١٧٢ میریام/ تروومان کاپۆتی/ و: هەژار عوسمان
١٧٣ کەشتی تاریک/ شێرکۆ فەتاح/ و: پێشەوا فەتاح
١٧٤ ڕێگەکانی ژەهر/ کاروان عومەر کاکەسوور
١٧٥ خۆڵەمێشی ناودارەکان/ سیامەند هادی
١٧٦ پیاوی سێیەم/ گراهام گرین/ و: ئاران موهەندیس
١٧٧ هایدی/ یۆهاننا شپیری/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٨ حەسار و سەگەکانی باوکم/ شێرزاد حەسەن
١٧٩ پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان/ شێرزاد حەسەن
١٨٠ تەمی سەر خەرەند/ شێرزاد حەسەن
١٨١ خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن/ شێرزاد حەسەن
١٨٢ ژنێک بەسەر منارەوە/ شێرزاد حەسەن
١٨٣ دوا شەوی دابەزینی عیسا/ شێرزاد حەسەن
١٨٤ تەنیایی/ شێرزاد حەسەن
١٨٥ گوڵی ڕەش/ شێرزاد حەسەن
١٨٦ گەڕەکی داهۆڵەکان/ شێرزاد حەسەن
١٨٧ پیرەپەپوولەکانی ئێواران/ شێرزاد حەسەن
١٨٨ ژیان چییە؟ لایەنە فیزیاییەکانی خانەیەکی زیندوو/ ئێراوین شرودینگێر/ و:
حوسێن حوسێنی و هێمن حوسێن
١٨٩ نانی بەیانی لە تیفەنی/ تروومان کاپۆتی/ و: ئاران موهەندس
١٩٠ ڕۆحی ئێمە لە شەودا/ کێنت هاروف/ هەڵۆ فەریق

## زنجیرەی کتێبی ئایین و ئەفسانەناسی

١ فەلسەفەی ئیسلامیی/ کیندیی و فارابیی/ هاوژینی مەلا ئەمین
٢ نظرية الحكمة الخالدة في الفلسفة الإسلامية دراسة نقدية / هاوژینی مەلا ئەمین
٣ موساو یەکتاپەرستیی / سیگمۆند فرۆید/ هاوژینی مەلا ئەمین
٤ ڕامان  لە سەروەختەکانی جەنگ و مەرگ / سیگمۆند فرۆید / ئارام حاجی
٥ ئەفسانە و ئایین و زانست/ و.ن ئارام حاجی، هاوژین مەلائەمین، هۆشمەن جەلال
٦ دەروازیک بو ئاشنابوون بە زانستی کەلام/ هاوژینی مەلا ئەمین
٧ تاوانی بوخاریی/ زەکەریا ئوزۆن/ ئارام حاجی
٨ ئیمان...توێژینەوەیەک لە بارەی مانا و پاڵنەر و گرفتەکانی ئیمانەوە/ هۆشمەن جەلال
٩ ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی/ عەلی عبدالرازق/  و: هاوژینی مەلا ئەمین و ئارام حاجی
١٠ ئایا ئیسلام چارەسەرە / زەکەریا ئۆزۆن/ و: ئارام حاجی و خەسرەو میراودەلی
١١  قوربانی و جەللاد/ گی کورنوو/ و: سەلاح حەسەن پاڵەوان
١٢ داخستنی عەقڵی مسوڵمان/  ڕۆبێرت. ڕ. ڕایلی/ و: فاروق ڕەفیق
١٣ تاوانی سیبەویهی/ زەکریا ئوزون / خەسرەو میراودەلی
١٤تاوانی شافیعی/ زەکەریا ئوزون / هۆشمەن جەلال
١٥ دەروونناسی و ئایین/ کارڵ گوستاڤ یونگ/ فەرمان ڕۆستەمی
١٦ ئیدی مرۆڤ خودای خوڵقاند/ د. الف – ب/ و: مەسعود بابایی
١٧ ڕێبازی قادریی، سەرهەڵدان و کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی/ و: سەباح قەنبەریی
١٨ ئیسلام و توندوتیژی/ گفتوگۆی نێوان ئەدۆنیس و حووریە عەبدولواحید/ و: مەنسوور تەیفوری
١٩ مێژووی شیعەگەری لە کوردستان/ دوکتۆر کەیومەرس عەزیمی